# جەنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیداو پەیوەندی بە سیاسەت و ئابوورییەوە
# (چەند جەنگێك وەك نمونە)



پ. د. سالار باسیرە

توێژینەوەیەکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییە

**پێشکەشە بەو مرۆڤانەی لە پێناوی ئاشتی و دادپەروەریدا خەبات دەکەن و ئەوانەش لەم پێناوەدا گیانیان بەخت کردوە**

پێشەکی

**بەشی یەکەم** : جەنگ لە مێژودا، لە سیاسەتداو شێوەکانی

باسی یەکەم / جەنگ وەك دیاردەی دروستبونی موڵکداری

باسی دوەم / جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە شێوەیەکی تر

باسی سێیەم / جەنگەکان لە مێژوودا

باسی چوارەم / جەنگ و شێوەکانی

باسی پێنجەم / جەنگ ڕێڕەوی مێژوو دەگۆڕێ

**بەشی دوەم** : دوو جەنگە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم

**بەشی سێیەم** : جەنگ لە مێژووی گەلی کورددا

**بەشی چوارەم** : گرنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە

**بەشی پێنجەم** : جەنگی یەکەمی کەنداو

باسی یەکەم / جەنگی یەکەمی کەنداو (عێراق / ئێران)

باسی دوەم / جەنگ وەك ئامرازی سیاسەت

باسی سێیەم / ئاشتی وەك ئامرازی سیاسەت

باسی چوارەم / لە ئەنجامەکانی جەنگی عێراق/ ئێران

باسی پێنجەم / بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەرامبەر جەنگی عێراق / ئێران و کۆتایی جەنگ

**بەشی شەشەم** : جەنگی دوەمی کەنداو

باسی یەکەم / کورتە مێژویەك و یەکەم ناکۆکی نێوان عێراق و کوێت

باسی دوەم / ئەو فاکتەرانەی کەنداوی بەرەو جەنگ برد

باسی سێیەم / هۆکارەکانی داگیرکردنی کوێت لە دیدی حکومەتی عێراقەوە

باسی چوارەم / بە داگیرکردنی کوێت، عێراق دەبوە خاوەنی 25% ی نەوتی جیهان

باسی پێنجەم / حکومەتی بەعس داوای دەست هەڵگرتنی قەرزەکانی سەر عێراق دەکرد

باسی شەشەم / بەرژەوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداودا

باسی حەوتەم / ئەمریکاو پاراستنی بەرژەوەندی ولاتە پیشەسازیەکانی تر

**بەشی حەوتەم**

جەنگی سوریاو ڕۆل و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ( خوێندنەوەیەکی سیاسی و ئابووری)

**بەشی هەشتەم**

باسی یەکەم / کێ بەندە بەکێوە؟

باسی دوەم / نەوەیەکی ئاشتیخواز لە سەردەمێکی جەنگدا

باسی سێیەم / پەیوەندی جەنگ بە هەژاریەوە
دەرئەنجام
سەرچاوەکان
هاوپێچ / لیستی قەیران و جەنگەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا
وێنەکانی جەنگ

پێشەکی

ئەم باسە بەشێك لە مێژوی مرۆڤایەتی دەخاتە بەرچاو لە دیدی جەنگ و پەیوەندی جەنگ بە سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە. هەرچەند باس لە جەنگ بکرێت وەك درێژکەرەوەی سیاسەت، بەڵام لە بنەڕەتدا فاکتەرێکی گرنگ کۆڵەکەکەیەتی کە بریتیە لە دەسەلات و ئابووری، لەوەی مێژوی مرۆڤایەتی بریتی بووە لە هەوڵدان لە پێناوی دەسەلات و ئابووری و جەنگیش ڕێگایەك بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە. جەنگ بە خواست و هەوەس کۆتایی نایەت، ئاشتیش بە تەنها لایەك نایەتە دی. هەندێك جار جەنگ بازرگانیەو کەسان و دەوڵەتانێکی پێدەوڵەمەند دەبن. لانی کەم 1/3ی دەوڵەتەکانی جیهان لەبارودۆخی جەنگدان ئیتر بەهەر شێوەیەك لەشێوەکان بێت. لەم توێژینەوەیەدا نەك تەنها بەشێك لە مێژووی جەنگ و هۆکارو باکگراوندەکانی جەنگ دەخرێتە ڕوو بەڵکو دڕندایەتی مرۆڤەکانیشی تێدا دەبینرێت.

بەشی یەکەم/ جەنگ لە مێژودا، لە سیاسەتداو شێوەکانی

باسی یەکەم

جەنگ وەك دیاردەی دروستبونی مولکداری

شتێکی ئاشکرایە گۆڕانکاریە ئابووریەکان بێکاریگەر نەبوە لەسەر پێکهاتەی ناوخۆی کۆمەڵگەی ڕاوکەری سەردەمی کۆن کە پەیوەندی گروپەکانی مرۆڤی بەرامبەر بە یەکتریش دیاری کردوە. نیشتەجێ بوونی خەلکی جوتیار وەك دیاردەیەکی دلخۆشکەر تووشی هێرشی ئەو کۆمەلانە بوونەوە کە نیشتەجێ نەبوون و شەڕی مانەوەی ژیانیان کردوە. ئەم خەڵکە نیشتەجێبوانە ئامانجێکی سەرنج ڕاکێش بووە بۆیان. لە مێژودا کۆچەریەکان هەمیشەو دوبارە ڕاوڕوتی هاوسێ جێنشینەکانیان کردوە. دواتر کۆچەریەکان خۆشیان تێکەلاوی کۆمەلە نیشتەجێبوەکان بوون و ئەمانیش لەلایەن هۆزەکانی تری دوای خۆیان کەوتونەتە بەر هێرشیان و توشی شکستی نیشتەجێ نەبوەکان بوون. جەنگێکی بەردەوام بووە هی نەبوەکان دژ بە هەبوەکان. بەم شێوەو هۆ ئابووریە نوێیەو باشبوونی باری گوزەران ژمارەی دانیشتوان زوو ڕووی لە زیادی کردوە. ئەم دیاردەیە وای لە هۆزەکان دەکرد یان دەبوایە زەوی و زارەکەی فراوانتر بکردایە یان بەشێکی دانیشتوانەکەی بۆ ناوچەیەکی نزیکی خۆی بۆ کۆلۆنیزە کردنی شوێن بناردایە. لەگەل دروستبونی دیاردەی موڵکداری جەنگیش

هاتە کایەوە. لەم چرکەیەوە جەنگ بوە توخمێکی سەرەکی لە پەیوەندی گروپە جیاجیاکاندا. لەسەرجەم کەلتوری سەردەمی سەهۆل بەندداا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ ئەوە کە جەنگ لێرەدا ڕۆلی حوکمداریی بینیبێت. تەنانەت لە هونەرە توحافیە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە دافعی جەنگ نادیارە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەو لەوێ زەبروزەنگ ڕووی نەدابێت[1]. لە مێژوودا (ئەمڕۆشی لەسەر بێت) نمونەی زۆر هەن کە حکومەتەکان و فەرمانڕەواکان جەنگیان بەرپا کردوە بۆ ئەوەی گەلان ڕوتبکەنەوەو مامەڵەی کۆیلەیان لەگەڵدا بکەن و بۆ بەرفراوان کردنی ناوچەکانیان و دەست بەسەر شوێنە ستراتیجیەکان و کەرەسەی خاودا بگرن و کۆنترۆلی ناوچەو کیشوەرەکان بکەن. کەواتە جەنگ داهێنانی مرۆڤ خۆیەتی.

باسی دوەم

(جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە شێوەیەکی تر)

لە پێناسەکەیClausewitz[2] جەنگ بەواتای درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی تر. هەوڵ ئەدات جەنگ وەك ڕوداوێك تێبگات کە تێیدا لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنێکی تری بەشداربووی جەنگەکە بسەپێنێ. جەنگ شێوازێك لە کردارە بەئامانجی ئەوەی بەرامبەرەکەی گێڕ بکات یان سنوری بۆ دابنێت یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی[3]. جەنگیش هەروەك ئاشتی سیاسەتە. ئاشتی سیاسەتە بەبێ شەڕ، جەنگیش سیاسەتە بەڕێگای جەنگ و خوێن ڕشتنەوە. سیاسەتیش بریتیە لە هونەری کەڵك وەرگرتن لەبارودۆخەکە بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەت. "کاتێك دەتوانین لە ناوەڕۆکی جەنگ بگەین ئەگەر دەربارەی سیاسەتی دووفاقیی جەنگەکە بکۆڵینەوە بەر لە هەڵگیرسانی. جەنگ بەتەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەڵکو ململانێی توندوتیژە لەنێوان ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانەی ئاماژەیان پێدرا ئاراستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن"[4]، بەڵام هەموو جەنگەکانیش هاوشێوە نین. هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هەلومەرجی مێژویی سەرهەڵدانی جەنگ و هۆکانی هەڵگیرسانی جەنگەکە. هەروەها ئەو ئامانجانەی کە لە پێناویاندا جەنگەکان بەرپاکراون. جگە لەوە جەنگەکان لەڕووی شوێن و زەمەن، چەك و تفاق و شێوازی چالاکیەکان هەروەها ژمارەی پێکدادانەکان و بەرفراوانیەوە جیاوازیان هەیە.، بەڵام جەنگ هەمیشە شێوەیەکی توندوتیژ بوە بۆ چارەسەرکردن و بەلادا خستنی ململانێ.

---

[1] راینهارد کوینل ، جیهان و مێژوی کەلتور ، بەزمانی ئەلمانی، فرانکفورت ، چاپخانەی هۆلە ، 1970 ، ل. 37.

[2] ) کلاوزەڤیتس (Carl Philipp Gottlieb von Clausewitz) لە دایکبووی 1.7.1780 ، لە 16.11.1831 لە برێسلاو کۆچی دوایی دەکات. جەنەراڵێکی پرۆیسەکان بوو ، ڕێفۆرمکەرو تیۆریزەکەری سوپا بوو. Clausewitz بەهۆی کتێبە تەواونەکراوەکەی دەربارەی جەنگ ، بەناوبانگ بوو کە باس لە تیۆری جەنگ دەکات. تیۆریەکەی دەربارەی ستراتیجی و تەکتیک و فەلسەفە ، کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر گەشەکردنی جەوهەری جەنگ لە سەرجەم ولاتە ڕۆژئاواییەکان و هەتا ئەمڕۆکەش لە ئەکادیمیاکانی سوپا دەخوێندرێت.

[3] )Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? in: Blätter für deutsche und internationale Politik, Bonn, 4/2002, S. 491.

[4] ) گۆڤاری یەکگرتن ، جەنگی عێراق/ ئێران ، کۆپنهاگن ، 1984، ل. 6-7.

هەموو پێکدادانێکی چەکداری بەجەنگ دانانرێت چونکە بەبێ هەبوونی ئامانجی سیاسی توندوتیژترین پێکدادان بەجەنگ ناژمێردرێ. ڕۆژانە بە دەیان پێکدادانی چەکداریی لەنێوان هۆزەکانی ناو دارستانەکانی ئەفەریقاو ئەمەزۆنای ئەمریکای لاتین و دارستانەکانی فیلیپین ڕوو دەدەن بێئەوەی ناوەڕۆکێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی هەبێت. ئەمانە هەمووی پێکدادانی توندوتیژن لە مێژوی ڕۆژانەی مرۆڤدا، بەڵام وەك تێگەیشتنی جەنگ بە جەنگ ناژمێردرێن و ناچنە ناو ئەم خشتەیەوە. لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری ئەو چین و دەولەتەی لەجەنگدان ئامانجی جەنگەکە دیاری دەکەن بۆنمونە جەنگی عێراق / ئێران، هەروەها عێراق / کوێت.

جەنگ ڕووبەڕوبونەوەیەکی بەرفراوانی دوو لایەنە. ئامانجی ئەم چالاکیە ئەوەیە دوژمنەکە بخرێتە ژێر ڕکێفەوەو لە چالاکی بخرێت بۆئەوەی بەم رێگەیەوە بگاتە ئامانجی سیاسی. بەم پێیە دژەکە بە ڕێگای زەبروزەنگی فیزیکیەوە لایەنێك ئیرادەی بەسەر ئەویتردا بسەپێنێت. دەسپێکی جەنگ پێشتر بە ناکۆکی سیاسی دەستپێدەکات. بەم شێوەیە دەکرێ جەنگ وەك درێژکەرەوەی سیاسەت ببینرێت و جەنگ دەبێتە ئامرازی بە دەستهینانی ئامانجی سیاسی[5]. قەوارەی جەنگ هەمیشە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئامانجە سیاسیەکەی هەر دوو لایەنەکە.

جەنگ چالاکیەکی ڕێکخراوە کە هێزە سەربازیەکان و دەزگا غەیرە سەربازیەکان و هەروەها کۆمەڵگەی سڤیلیش دێنێتە نێوی. چۆنایەتی و چەندایەتی چەك زۆربەی کات بڕیاردەری سەرکەوتن و دۆڕاندنی سوپاو نەتەوەشە. سەردەمی کۆن میتالی باشترو چۆنایەتی چەك بڕیاری سەرکەوتن بووە. ئەمڕۆکە مرۆڤایەتی خاوەنی تەکنەلۆژیای چەکی مۆدێرنە.

"لە ڕوانگەی مارکسیستەکانەوە جەنگ بەسەر دوو جۆری دادپەروەرانەو زالمانە دابەش دەکرێت. جەنگی دادپەروەرانە جەنگێکە دژ بە کۆلۆنیالیزم و کۆیلایەتی و بۆ بەرگری لە نیشتیمان ئەنجام ئەدرێ و دەبێتە هۆی لاوازی دەستدرێژکاران. جەنگی زاڵمانەش جەنگێکە بۆ کۆیلە کردنی خەلك و زێدەخوازی و لەناوبردنی ئازادیەکان ئەنجام ئەدرێ و هەتا سیستەمی سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم مابێت ئەم جەنگەش لە گۆشەو کەناری جیهاندا هەر دەمێنێ"[6]، بەڵام جەنگ هەرچیەك بێت هەمیشە شێوازێکی توندوتیژە لە نێوان لایەنەکان.

باسی سێیەم

جەنگەکان لە مێژوودا

لەم پێنج هەزار ساڵەی دوایدا بەپێی لێکۆلینەوەی شارەزایانی مێژوو زیاتر لە 14 هەزار جەنگ تۆمار کراوە. مەزەندە دەکریت کە زیاتر لە 4 ملیار مرۆڤ بەجەنگ کوژراوە کە دەکاتە نزیکەی 2/3ی کۆی سەرجەم ژمارەی ئەمڕۆی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی. بەتەنیا لەسەدەی بیستەمدا دوو جەنگی جیهانیی ڕویداوە. لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە هەتا ئێستە زیاتر مرۆڤ بەهۆی شەڕو جەنگی ناوخۆو ناوچەییەوە گیانیان لەدەستداوە وەك لە ژمارەی ئەوانەی لە جەنگی دوەمدا کوژراون[7].

---

[5] www.sueddeutsche.de/.../kriege-im-jahrhundert-schlachtfelder-der-zuku.

[6] ) فەرهەنگی رامیاری ، وەرگێرانی: ئازاد وەلەد بەگی ، هەولێر ، 2005 ، ل. 153

[7] de.wikipedia.org/wiki/Krieg.

لێکۆڵینەوەیەکی نوێ ئاماژەی پێدەدات کە مرۆڤ (3) جار زیاتر بە هۆی جەنگ و دەرئەنجامەکانیەوە لەناوچوون وەك لەو ژمارە فەرمیەی کە دەدرێت. لەسەر ئاستی جیهان لە 55 ساڵی ڕابوردوو 3 جار زیاتر مرۆڤ کوژراوە وەك ئەو بۆچوونەی بۆی دەکرێت. ئەوە دەرئەنجامی تیمێکی لێکۆڵینەوەی ئەمریکیە کە لە (Institute for Health Metrics and Evaluation in Seattle, Wissenschaftsmagazin British Medical Journal (BMJ) بڵاوکراوەتەوە. زانایان حیسابی ئەو قوربانیانەیان کردوە کە تەنها لە 13 ولاتدا لە نێوان 1955 ـ 2002 کە لە جەنگدا لەناوچوون و لێرەدا دەکاتە نزیکەی 5.4 ملیۆن کەس: 7000 هەزار کوژراو لە جەنگی کۆنگۆ کە لە 1996 دەستی پێکردو لەو کاتەشەوە بەردەوامە، 3.8 ملیۆن کوژراو لە جەنگی ڤێتنامدا لە نێوان 1955 ـ 1971. جەنگی بەنگلادیش لە 1971 و جەنگی سەربەخۆیی لە زیمبابوا لە نێوان 1967 ـ 1980 کە قوربانیانی ئەم جەنگەش لێرەدا 269 هەزار مرۆڤ زیاترە. جەنگی جۆرجیای ساڵی 1990 و 1991 بە زیاتر لە 35 هەزار مرۆڤ مەزەندە دەکرێت. ئەوە جگە لەو ژمارە زۆرەی کە لە ناوچەکانی جەنگەوە هەڵدێن و نەچونەتە بواری ئامارەوە[8].

هیچ دەوڵەتێك ئەوەندە ئاماری خوێناوی تۆمار نەکردوە، وەك ئەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە جیهاندا کردویەتی. لە 1945 وە لە 201 ناکۆکی ولاتاندا ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ بەرژەوەندیە جیۆستراتیجیەکانی خۆی بۆتە هۆی کوشتنی زیاتر لە 30 ملیۆن مرۆڤ. بەتەنیا ئەو ڕاستیەی کە ئەمریکا لە دروستبونیەوە لە ساڵی 1776 تەواوی 222 ساڵ لە بارودۆخی جەنگدا بووە. هەربۆیە دەکرێ بوترێ کە مێژوی ئەم دەوڵەتە بە خوێن نوسراوە. لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە لەو کاتەوە جیهان زیاتر لە 250 پێکدادانی چەکداری بە خۆیەوە بینیوە کە 201 لەوانە (81%)ی بەشداری چالاکانەی ئەمریکای تێدا بووە. لەم جەنگ و پێکدادانە چەکداریانە زیاتر لە 30 ملیۆن لەلایەن سوپای ئەمریکاوە کوژراوون کە 90%ی خەڵکی مەدەنی بێتاوانن. لە کاتێکدا خۆیان زۆر کەم زەرەرمەند بوون تێیدا[9].



[8] www.zeit.de › Wissen

[9] https://www.contra-magazin.com/.../seit-1945-usa-toeteten-ueber-30-millionen-mensc.

بەپێی لێکۆلینەوەی ناوەندێکی کەنەدی بۆچوونی وایە کە ئەمریکا لە جەنگی جیهانیی دوەمەوە تا ئێستا زیاتر لە 20 ملیۆن مرۆڤی لە 37 ولات کوشتوە. لێکۆلینەوەکە لەلایەن گلۆبەل ریسێرچی کەنەدیەوە کە جەیمس لۆکاس ئامادەی کردوە ئاماژە بە جەنگەکانی ناوخۆو دەرەوەی 37 ولات و ژمارەی قوربانیەکانیان کراوەو ولاتەکان زۆربەیان ولاتانی ئاسیاو ئەفریقان. بەپێی گلۆبەل ریسێرچی کەنەدی لە سالی 1945 وە نەتەوە یەکگرتوەکان ولاتانی ڕۆژئاوای پشتگوێ خستوە کە سپۆنسەری تیرۆر دەکەن. بە گوێرەی ڕاپۆرتی مالپەرە کەنەدیەکە لەو 37 ولاتە زیاتر لە 70 ملیۆن مرۆڤ لەلایەن ولاتانی ئەوروپاو ئەمریکاوە لە جەنگی جیهانی دوەمەوە تا ئێستا بونەتە هۆی کوژرانیان. بێگومان دەبێت لێرەدا جەنگی نێوان دەولەتە ئیقلیمیەکانیش لەگەل یەکترداو هەروەها بەرامبەر بە نەیارو ئۆپۆزیسیۆنەکان و ئێتنیکەکانی ناوخۆی ولاتیش ڕەچاو بکرێت، هەروەها بلۆکی ڕۆژهەلاتیش (ڕوسیا) لەناو گەمەکەدایە، بەلام پشکی سەرەکی بەر ئەو دەولەتانەی تر دەکەوێت کە پێشتر ئاماژەم پێداوەو ئەوەش دەگەرێتەوە بۆ مێژووی کۆلۆنیالیزم و نیو کۆلۆنیالیزم. ژمارەی ئەو دەولەتانەش کەم نین کە چەك و تەقەمەنی بە ولاتانی شوێن قەیرانەکان دەفرۆشن، هەندێك جار دەولەتانێك خۆیان دەبنە هۆی دروستبوونی قەیران و جەنگ و دواتر بۆ فرۆشتنی چەك پێیان و هەر خۆشیان پرۆژەی ناوچە وێران کراوەکان دەگرنە دەست بە سەروەت و سامانی ئەو ناوچەیە خۆی و پابەند کردنیان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژیاو قەرزەوە بە خۆیانەوە. ئەوەش هیچیتر نیە لە جەنگ و وێرانی و کوشتن، بەلام بە شێوەیەکی تر. هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤێك بکوژیت یان ببیتە هۆی کوشتنی.

ئەلمانیا بۆنمونە سێیەم دەولەتە لە فرۆشتنی چەك، لە جەنگی عێراق / ئێران هەردوو بلۆکی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات چەکیان بە عێراق و ئێران دەفرۆشت، بەلام بلۆکی ڕۆژهەلات بە سەرۆکایەتی یەکێتی سۆڤیەت خاوەن هاوپەیمان و بنکەی سەربازی نەبوو وەك زلهێزە سەربازیە نێودەولەتیەکانی وەك ئەمریکاو ڕۆژئاوا ڕاستەوخۆ بچنە جەنگەکانەوەو هەربۆیە زۆرێك لە جەنگەکان وەك ئێستە بە وەکالەت ئەنجام دەدران. بۆنمونە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو (هەر هێشتا تاکە زلهێزی سەربازی جیهان) دەولەتی عێراقی بەعسی ڕوخاندو کوێتی ڕزگار کرد (خوێن بەرامبەر نەوت)، بەلام جەنگەکە بە ناوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەنجامدرا، لێرەدا ڕۆلی ڕاستەقینەی ئەو ڕێکخراوە نێودەولەتیەش دەکەوێتە ژێر پرسیار.

لە سالی 1956 - 1970 کۆمەلە جەنگێك تۆمار کراون ئەمانە جگە لەو سەدان پێکدادانە خوێناویە بچووك و ناوچەییانەی لەناو هۆزو بنەمالەو عەشیرەتە جۆربەجۆرەکان و ئەمیرو دەرەبەگە گەورەکاندا ڕۆژانە لەناوچە جیاجیاکانی دونیا ڕوو دەدەن دوور لە فکری سیاسی و ئایدۆلۆژیا. لە سالەکانی شەستەکان هەتا هەشتاکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست 15، ئاسیا 22، ئەفەریقا 18، ئەمریکای لاتین 5 جەنگ تۆمار کراوون[10]. لەناو ئەمانەدا جەنگی کۆریا، هیندوچین، ڤێتنام، جەزائیر. ژمارەی جەنگەکانی 50 سالی تری ئەم دواییە لە زیادبوندا بووە. ژمارەکان و هێلی بەرەو جەنگ ڕۆیشتن لەبەرەو سەرەوە ڕۆیشتندایە. ئەو جەنگانە بۆ ولاتە ئەوروپای و ڕۆژئاواییەکان وەك هەڕەشەیەکی گەورە نایەتە بەرچاو. ئەوروپا کە دەیان سال گۆڕەپانی گەورەی جەنگ بووە لەدوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە ئاشتی بەرقەرارەو ئەمڕۆکە بەهێمنترین ناوچەکانی سەرزەمین لە قەلەم دەدرێ.

---

[10] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئامارەکان ئەوە دەسەلمێنن کە لەسەرجەم کاتی مێژووی نوسراوەوە هەر ساڵەو نزیکەی 3 جەنگی تێدا بەرپاکراوە. لە کاتێکدا لە پەنجا ساڵی نێوان 1898 هەتا 1947 (55) جەنگ ڕویداوە. لە بیست ساڵی پەنجاکان و شەستەکاندا نزیکەی 80 جەنگ و پێکدادانی تری چەکداری ڕویداوە. مێژونوسێك هەژماری کردوە کە لەماوەی 3400 سالی بینراوی مێژوی مرۆڤایەتیدا تەنیا 243 سال بێ جەنگێکی دیارو نەزانراو بووە. لەبەر ئەوەی مرۆڤ ڕوداوەکانی سەرگۆی زەوی لەسەردەمی زوودا زۆر بەکەم و کورتی تۆمارکردوە بۆچوونی ئەوە هەیە کە لەڕاستیدا لە هەموو سەردەمێکی مێژوی هەزاران ساڵی دوایدا لە یەکێك یان لە چەند شوێنێکی سەر زەوی جەنگ و پێکدادانی قورس ڕوویدابێت. لە ساڵی 1945- 1970 زیاتر لە 40 جەنگی گەورەو بچووك تۆمارکراوە. شتێکی سەیر نیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوداو و ئەزمونانە ئەو قەناعەتە حوکم بکات کە جەنگ بەشێکی گەورەی مێژووی مرۆڤایەتیە[11].

بەشێك لە بیرمەندان و نوسەرانی مێژووی ئەوروپاو ڕۆژهەلاتیش بە هەمان شێوە ولاتانی ڕۆژئاوا تۆمەتبار دەکەن بە دروستکردنی کێشەکان لە ناوچە جیاوازەکانی جیهان و دەستێوەردان لەو ولاتانە.

ولاتە زلهێزەکانی جیهان لە مێژووی کۆن و نوێدا بەدەیان جەنگی خوێناوی دورودرێژیان لە نێوان خۆشیاندا تۆمار کردوەو ئەو زەمەنەو دواتریش وەك زلهێزی کۆلۆنیالیست ڕویانکردە ناوچەکانی دونیا بە مەبەستی داگیرکردن و ڕوتاندنەوە. ولاتەکانی وەك بەریتانیاو فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هۆلەندی و پورتوغالی بەتایبەت ئیسپانیەکان گەورەترین داگیرکردنیان لە مێژووی ئەمریکای لاتین بەرامبەر بە خەڵکی ناوچەکە ئەنجامداوە بەتایبەت لە وێرانکردنی هندە سورەکان وەك دانیشتوانی بەڕەچەلەکی ئەمریکا گە جەنگی ئەم لایەنەشی لێکەوتەوە. ئەو کاتە بەشێوە کۆلۆنیالیزمە کلاسیکیەکە ئەمڕۆ بەشێوە مۆدێرنەکە. دوای پەل هاویشتن بۆ کیشوەری ئەفەریقاو هێرشی داگیرکردن ئیتر بازرگانی کۆیلەش[12] دەستی پێکرد لەم کیشوەرەوە بۆ ئەمریکای لاتین بەتایبەت بۆ ناوچەکانی بەرازیل و دەوروبەر چونکە ڕەش پێستەکان بەرگەی زیاتری گەرماو کاریان دەگرت وەك لە هندە سورەکان. بە دەیان هەزار کۆیلە لە پاپۆرەکانی ناو ئۆقیانوسدا لە گواستنەوەیاندا لەڕێگا لەژێر بارودۆخی قورسی ژیاندا گیانیان لە دەستداوە. بە دەیان جەنگ لە ناوچەکانی ئەمریکای لاتین و ئەفەریقاو خوارو و خواروی ڕۆژهەلاتی ئاسیاو ناوچەی ڕۆژهەلاتی

[11] Saul David, Die Geschichte des Krieges: Vom Altertum bis heute, 29. September 2010, Berlin, S. 71-85.

[12] ) کۆیلایەتی واتە فەرمانرەوایی مرۆڤێک بەسەر ئەوی تردا لەوەی کە کۆیلەکە دەبێتە شمەک. شمەکەکە وەک رۆح لەبەرێک دەرفەتێکی ئازادیی تێدایە بەلام سنوردار دەکرێتو وەک شمەکێک چاودێری دەکرێ ، وەک ئەوە وایە ببەسترێتەوەو شتێکی قورسی پێوە ببەسترێت. کۆیلایەتی دەتوانرێ لەشتێکی رۆح لەبەرەوە بکرێتە بتێکی نەجولاو ، کۆتاییەکەی دەبێتە کۆیلەیەکی مردوو. بەمە کۆیلەکە دەگاتە سنورێک کەخۆی خۆی وێران دەکات. خاوەنی کۆیلەکە خاوەنە بەرامبەر بە بریاری ژیان و مردن. کۆیلەکە زۆرجار بەندی جەنگ بوو. ژیانی دیاری دەکراو بەمەش دەکرایە کۆیلە. بۆ ئەم دیاری ژیانە کۆیلەکە دەبوایە کار بکات. ئەم دیاریەی کە ئەیدرایە دەتوانرا لێشی بسەندرێتەوە. ئەم کۆیلانە وەک دەسکەوتێکی سروشت سەیردەکران ، وەک کەرەسەیەکی خاوی سروشت. جگە لە رۆماو یۆنانیەکان ئەوروپیەکان ( هۆلەندی و بەریتانی و ئیسپانی و پورتوغالیەکان ...) بازرگانیکەری سەرەکی کۆیلە بوون لە ولاتە ئەفەریقیە جیاوازەکانەوە. ئەم هێزانە سروشت و میلەتانی زۆربەی "جیهانی سێ"یان وێرانکردو بەشێکی بەرچاوی دەوڵەمەندی ئەمڕۆیان لەسەر حیسابی کوێرەوەری ئەمانە دروستبوو. ئەو جیاوازیانەش کە ئەمرۆ لە ئابوری و هەژاری و دەوڵەمەندیدا ، لە بەرهەمهێنان و بازرگانی و نایەکسانیدا ماوەتەوە بەرهەمی ئەو کاتەیە هەتا ئەمرۆش درێژەی هەیە. بە دەیان جەنگ لە مێژوودا بەرپاکراوە بۆ مەبەستی بەدیل گرتنی پیاو و ژن و مندال و کردنیان بە کۆیلە. مێژووی کۆیلایەتی دورودرێژە. چ رۆمای کۆن و یۆنانی گرتبۆوە ، و چ دواتر ئەوروپاش بەگشتی و هەروەها رۆژهەلاتی ناوەراستی ئیسلامیش. میسریەکان بە درێژایی سەدان سال کۆیلە رەش پێستەکانیان ئەکڕی و ئەیانفرۆشتنەوە. بەلام بازرگانی کۆیلە لەدوای ساڵی 1600 وە لەرێگای ئەوروپیەکانەوە برەوی پەیداکرد. (بەشێکی لە نامیلکەیەکی بورهان قانع وەرگیراوە). شۆڕشی سپارتاکۆس ڕوداوێکی مێژوویی گرنگە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

ناوەڕاستدا لەلایەن ئەم هێزانەوە بەرپاکراوە. یەکێك لە بالادەستیی کۆلۆنیالیزمی نوێ لە ئابووری و سیاسەتدا لەو ناوچانە دەگەرێتەوە بۆ ئەو مێژووەی ئاماژەم پێدا.



لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی جیهانی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەڵە دیکتاتۆرێك خرانە سەر دەسەلات کە هەتا ئەمرۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بوە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی نێوخۆو هەرێمیی. لەم سەد سالەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەك هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەر شالاوی جەنگ نەکەوتبێت. بە دەیان جەنگ لە "جیهانی سێ" بەرپا کراوون بە وەکالەت بۆ زلێهزەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات. لەبەر چەند فاکتەرێك ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گواستراونەتەوە.

لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بە شێوەیەکی تری مۆدێرنانەو بە تەکنیکی تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە.
جەنگی دوەمی جیهانی کە لەلایەن ئەڵمانیاوە پەرپاکرا، هەرچەندە لەو جەنگەدا بەشێکی بەرچاوی جیهان زۆر توشی زیان بوو، بەڵام بەشێکی گەورەی ئەلمانیاش لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە وێرانکرا، بەڵام لەو کاتەوە لە ساڵی 1945 وە ئەلمان لە بارودۆخی ئاشتیدا دەژی. هەرچەندە جەنگی ساردو دابەش بوونی ئەڵمانیا لە ئارادا هەبوو، بەڵام ئەلمانیای ڕۆژئاوا بووە یەکێك لە دەوڵەمەندترین ولاتەکانی دونیاو ولاتەکەیان زوو دروستکردەوەو گەشەپێدا.، بەڵام کوێرەوەری و جەنگە هەرێمیەکان و نێوخۆو ئەشکەنجەو لە سێدارەدان و هەلاتن و دەربەدەر کردن و کۆمەڵکوژی. .. ئەمانە هەمووی توشی زۆرێك لە گەلانی "جیهانی سێ" هاتوە. ناکۆکیەکانی ئەم ناوچانە بونەتە زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە جەنگ و ڕەفتاری جینۆساید کە هەندێکیان بەراورد دەکرێن بەهۆلۆکۆست.

دوای کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەك جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هیزە کۆلۆنیالیست و داگیرگەرەکان. زۆربەی جەنگەکان لە 1945 ی دوای جەنگی دوەمەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبوە بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون و وەك شێوەیەکی جەنگ وێنای سەدەی 20 و 21 یان کردوە. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی 21 وون نابن، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆرو هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن.

هیواخواستن کە جیهان دوای کۆتایی جەنگی سارد سەردەمی ئاشتی دەبێت بۆچونێکی هەڵە بوو. هەڕەشەکانی ئەوەی پێی دەوترێت جیهانی یەك و دوو لەچاو وون دەبن، بەڵام جەنگەکان بە وەکالەت لە "جیهانی سێ" لە گەشە کردندایەو ژمارەی جەنگە ناوخۆییەکان دوبارە لە زیادبوندایەو دەولەتانی زلهێزەکان بە تایبەت ئەمریکاو دەولەتە ئەوروپییەکان گەشەیان بە دۆکترینی هەڕەشەو داگیرکاری جیهان داوەو هەمیشەو دوبارە جەنگی نوێی بێسنوور هەبێت.

ئەو دەولەتانەش بە تایبەت خاوەن سامانە سروشتیەکان، ئامادەی هاوکاریی دەرەکی نەبن ئەوا دەکەونە بەر نەفرەتی داگیرکاریی نێودەولەتیی بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان، ئەوەش هیچی تر نیە لەجەنگی دەولەتیی کۆلۆنیالیزم ئیتر نێوخۆ یان دەرەکی بێت. بۆنمونە باکوری کوردستان لە لایەن دەسەلاتێکی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆوە کۆلۆنیزە کراوە.

یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەجەنگی دوەمی جیهانیەوە وەك پرەنسیب ئاشتیخوازتر نەبوون بەڵکو بەهۆی هەڕەشەی چەکی ئەتۆم و ڕۆکێتی دوورهاوێژ (ڕوسیای ئێستەش هێشتا خاوەنی ئەو کۆمەڵە چەکەیە) و بەهۆی ڕاگرتنی تەرازوی هێز نەیانوێراوە ڕاستەوخۆ جەنگ دژ بەیەکتر بەرپا بکەن.، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێدا جەنگەکانی دژ بەیەکتریان بە وەکالەت لەسەر گۆڕەپانی ولاتانی "جیهانی سێ" دا ئەنجامداوە. ڕۆناڵد ڕێگن بە پێشبرکێی چەکی ئەتۆمی و چەکی قورس جەنگێکی ئابووری دژ بە یەکێتی سۆڤیەت بەرپا کرد کە ئەنجامەکەی بەتێکدانی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت کۆتایی هات چونکە سۆڤیەتیش دەبوو بۆ ڕاگرتنی تەرازووی هێز هەمان کێبرکێ ئەنجام بدات، ئەوە تەنیا وەك یەکێك لە فاکتەرە سەرەکیەکان. مۆسکۆو پەکین گەشەکردنی سۆسیالیزمیان لە جیهاندا بە پرۆسەو یاسایەکی نەوەستاو دادەناو هەروەك جەنگی ڤێتنامیش نیشانیدا ئەمریکاش لەدیدی خۆیەوە خۆی بەناچار دەبینی بەفراوانکردنی بەردەوامی ناکۆکی وەلام بداتەوە. ئەم ولاتانەی "جیهانی سێ" بوونە جێگەی تاقیکردنەوەی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی و چەکی مۆدێرنی زەمینی بەسەر مرۆڤ و بەسەر سروشتداو لەدورەوە چاودێری ئەنجامەکانیان کردوە هەروەك ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام و عێراقی بەعس لە کوردستاندا ئەنجامیدا.

باسی چوارەم

جەنگ و شێوەکانی

( یەکەم قوربانی لە هەموو جەنگێکدا بریتیە لە ڕاستی )

جەنگ هەر بەتەنیا پێکدادانی ڕاستەوخۆی چەکداری و سەربازی نیە بەڵکو لەچەندین شێوەو جۆردا بەرگ دەپۆشێت، بەڵام ستراتیجیەتەکەی لەکۆتایدا بۆ دەسکەوت و ئامانجێکی دیاریکراو دەگەڕێتەوە. جەنگ شێوەی زۆرە: جەنگی ئابووری (سەرمایەو نەوت و کەرەسەی خاو، دەستگرتن

بەسەر بازاری ئابووریداو بەم شێوەیە دروستکردن و بەهێزکردنی دەسەلاتی سیاسیش)، جەنگی گەریلایی، جەنگی ئاین و مەزهەب (بۆنمونە لە نێوان هندوکی و ئیسلامەکانی هندستاندا، لە نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان لە ئیرلەندە)، جەنگ لەپال بەکارهێنانی ئاین و بەناوی ئاینەوە وەك ئایدۆلۆژیا لە پێناوی ئابووری و ناسیۆنالیزم و داگیرکردندا وەك ئەوەی رژێمی ئێران، داعش، جەنگی سارد، جەنگی سایکۆلۆژی، جەنگی دژ بە ژینگەش یەکێکە لە شێوەکانی جەنگ.

لە 200 سالی ئەم دواییەی مێژودا مرۆڤایەتی زەوی و ژینگەی بەقەد ئەو چەند ملیۆن سالەی پێشووی خۆی وێران کردوە کە لەسەری ژیاوەو جەنگێکی وێرانکەرانەو بێبەزەیی بەرامبەری هەلگیرساندوە. مرۆڤایەتی بەجۆرێك لەگەل زەوی و ژینگە رەفتار دەکات هەروەك ئیتر ئەم دوا نەوەی ئەم سەر زەویە بێت. مرۆڤ هەمیشە لەبارودۆخی جەنگدا بووە. پێشەکی جەنگێك بوە دژ بەمەترسیە سروشتیەکانی بیئە وەك دوژمنێکی سروشت بەرامبەر مرۆڤ ( لافاو، ئاگر، بورکان، باران نەبارین و بێ ئاوی و وشکانی. ..)، بەلام ئەمەیان جەنگێك بوە لە هەلوێستی لاوازیەوە بۆ مانەوەی مرۆڤ خۆی و بۆ پاراستنی ئاسایش. بەلام دواتر بۆتە جەنگی مرۆڤ دژ بەیەکتر لە پێناوی داگیرکردنی زەوی و کەرەسەی خاو، کەلەکە کردنی سەرمایەو تێر نەخواردن بێ گوێدانە وێرانکردنی ژینگە وەك سەرچاوەی سەرەکی ژیانی مرۆڤایەتی خۆی.

لە ئەنجامی شۆرشی پیشەسازی، بەتایبەت لەسالی 1945 بەدواوە لەگەل پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا جەنگێکی سەرانسەریی مرۆڤ هەیە دژ بەروتاندنەوەی زەوی و ژینگە. ئەم شتە هەناسەیەکی دا بەمرۆڤ، بەلام هەناسەیەکی گەورەی لەزەوی دایك بری. ئەمەیان بێدەنگترین جەنگە، چونکە دژەکە نە دەتوانێت بەدەنگی بەرز هاوار بکات، و نە بەرگری راستەوخۆ لە خۆی بکات، نە دەتوانێت پارێزەر بۆخۆی داوا بکات بەلام کاردانەوەکانی دواتری زۆر بەگران لەسەر مرۆڤایەتی دەکەوێت و کەوتوە. ئەوە بە مەترسیدارترین جەنگ دەبینم چونکە کە زەوی و ژینگە وێران بوو بەواتا بنچینەو سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤ خۆیشی وێران بوو، دیاردەیەك دەکرێت جەنگی لێبکەوێتەوە لە پێناوی ژیان و دابینکردنی پێویستیە ژیانیەکان، هەروەها بەهۆی زیادبوونی ژمارەی خێرای دانیشتوانی سەر زەوی کە مرۆڤ دەکرێ بەتەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان ناوی بنێت، و زیاد بوونی پێویستیە ژیانیەکانی مرۆڤ بەم هۆیانەوە جەنگێکی بێبەزەیی دژ بەژینگە بەرپا کراوە، بەواتا ژینگە زۆر بە قورسی لەژێر ئەم بارودۆخانەدا توشی چەوساندنەوەو روتاندنەوەو لەناوبردنی لەسەرخۆبوە. بەپێی ڕاپۆرتێکی بانکی نێودەولەتیی، ناسەقامگیری ئابووری و کۆمەلایەتی ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی دروستبوونی جەنگ و جەنگە ناوخۆکان.

لە قەلاکەی سوسێ لە ڕێگای نێوان دوکان / سلێمانی دوای ڕوخانی بەعس لە لێکۆلینەوەیەکمدا ئەم ئایەتەم لەسەر دیواری ناو سەربازخانەکەدا خوێندەوە:

**بسم اللة الرحمن الرحيم: "ولا تحسبن اللدين قتلوا في سبيل اللة امواتا بل احياء عند ربهم يرزقون". سدق اللة العضيم.**

(بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان:"موحاسەبەی ئەوانە مەکەن لە ڕێگای خودا کوژراون، بەڵکو لەلای خودا زیندون و بەخێویان دەکەن و ڕزقیان ئەدەن."

شێوازێکی تری جەنگی ڕژێمی بەعس داگیرکردنی باشوری کوردستان بوو بە هێزی سەربازیی. نەوت و بەروبوم و شوێنەوارە جیۆپۆلیتیکەکەی خستبوە ژێر چنگی خۆیەوە. وێرانکردنی هەزاران گوندی کوردستان و ڕاگواستنی دانیشتوانە جوتیارەکەی بۆ شارەکان و ئوردوگا زۆرە ملێکان و ڕاگوێزانیان بۆ خواروی عێراق و سیاسەتی بەعەرەب کردن ئەو ئەنجامە نەخشەکێشراوەی لێکەوتەوە کە بەشێوە جیاوازەکانی جەنگ هەوڵی بەدیهێنانیان دراوە، بەواتا وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەلایەتی کوردستان، هەروەها نەهێشتنی بنکەی کۆمەلایەتی و حەوانەوەی هێزی پیشمەرگە. بەم شێوە جەنگە لایەنی دەسەلاتدار دەیویست دەستکەوتی سیاسی و سەربازیش بەدەست بهێنێت. بەڕاگوێزانی جوتیارو گوند نشینەکان بۆ شوێنە زۆرە ملێکان و بۆ شارەکان بەواتا تێکدانی پێکهاتەی کۆمەلایەتی و چینایەتی دەبەخشێت و تێکدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان خەلکی گوندو شار بەوەی دوو پرۆسەی کۆمەلایەتی و کەلتوری و نەریت و فکری جیاواز بە شێوەیەکی ناسروشتی لە یەکتر ئەدات.

لەگەل ئەوانەشدا ڕژێمی بەعس جەنگێکی بێبەزەیشی دژ بە ژینگە پیادە دەکرد نەك هەر لە کوردستان بە وێرانکردنی گوندەکان و برینەوەی درەخت و داپۆشینی کانیاوەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بەشێوەیەکی بەرفراوان دژ بەناوچە کشتوکاڵیەکان بەلکو لەخواروی عێراقیش نەخشەی وشککردنی هۆڕەکانی پەیڕەو دەکردو لە ئەنجامی پشتگوێخستنی زەویە کشتوکاڵیەکان بەتایبەت ئەوانەی خواروی عێراق کە سروشتێکی خوێیاویان هەیە بەکارنەهێنانی ئەنجامی خراپی خۆی لێدەکەوێتەوە بۆ کشتوکاڵ کردن. بڕینەوەی سەدان هەزار دارخورما لە جەنگی دژ بە ئێران لە پێناوی تاکتیکی جەنگ. ئەمانەو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەنفال.
"

حکومەتی ئەمریکی لە جەنگی ڤێتنام و کەمبۆجیا چەند جۆرە مەوادێکی گوایە دژ بە حەشەراتی بەکارهێنا، هەمان ئەوەی عێراقیش لە کوردستان ئەنجامیدا. ئەنجامەکانی لە ڕاپۆرتێکی زانستیی ئەمریکی لە سالی 1974 خرایە بەردەم. لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: بۆ دەیان و بگرە بۆ سەد ساڵ دەخایەنێت هەتا شوێنەوارو ئەنجامی خراپی ئەم مادده کیمیاویانە نامێنن. ئەنجامی خراپی ئەم ماددانە بۆ سەر مرۆڤ و لە دایکبوونی منداڵی سەقەت نەك هەر بە تەنیا لە ڤێتنام بەڵکو لە ئەمریکاش لە مندالانی سەربازێکی زۆر دەرکەوتن کە لەبەکارهێنانی ئەم مادده کیمیاویانە لەو ولاتانە وەك ڤێتنام نزیکبوون لێوەی. لەدوای ماوەیەکی درێژ چەندین مانگ یان ساڵ ئەنجامەکەی بە هۆی چەند دەرکەوتەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەردەکەوێ. جەنگی ڤێتنام دورودرێژترین و گرانترین جەنگ بوو لە مێژوی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. بۆ یەکەمجار لە مێژوی جەنگدا بە هۆی ئەمریکاوە ڕێژەیەکی زۆر لە (هێربیتسید) چەکێکی کیمیاوی دژ بە ڕوەك بەکارهێنرا. ئەنجامەکانی بریتین لە وێرانکردنێکی مەدای دوور لە زەوی کشتوکالی و ناوچەی سەوزایی و گوڵ وگولزار. لە 90% ی بەرنامەی وێرانکردنەکە بە ئامانجی وشك کردن و وێرانکردنی دارستانەکانی ڤێتنام بوو. ئامانجەکەی تری بۆ وێرانکردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکانیان بوو. کۆچی دانیشتوان لە ناوچە کشتوکاڵیەکانەوە بۆ شارەکانی ژێر کۆنترۆلکراوی ئەمریکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی هێرشی ماددەی (هێربیتسیت)، و دیارە ئەمریکیەکان ئەم دیاردەیەیان مەبەست بووە. لە نێوان 1961 – 1971 ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە تایبەت لە خواروی ڤێتنام (91) تەن هێربیتسیتی بەکارهێناوە کە بریتین لە چەند ماددەیەکی کیمیاوی جۆراوجۆر. هەندێکیان وەك ARGNTE) (ORANGEکە زەهریSEVESO DIOXIN-TCDD) )ە، کە تەنیا ڕوەك وێران ناکات بەلکو مرۆڤ و

ئاژەڵیش. لە دارستانەکانەوە ئەم (دیۆکسین)ە چۆتە ناو چەم و ڕوبارە نزیکەکانەوە کە کاری لە پێکهاتەی کیمیاوی ماسی و چەند زیندەوەریکی تری ئاویی کردوە کە دیارە لە خواردنیاندا دەتوانێت ئەنجام و شوێنەواری خراپی خۆی لە مرۆڤدا بە مەودای دوور جێبهێڵێت. شوێنەواری ئەم هێرشی چەکی کیمیاویە هەتا ئەمڕۆکە هێشتا دیارە. هەتا گەڕانەوەی بۆ بارودۆخە ئاساییەکەی خۆی ئەو ناوچانەی لە 1 – 3 جار ئەم ماددانەی پێداکراوە بە مەزەندە 80 – 100 ساڵی دەوێت. لەو دارستانانەی ڤێتنام کە ئەم چەکە کیمیاویانەی تێدا بەکارنەهێنراوە 145 – 170 جۆر لە مەلی تێدا دەژی، بەڵام لە ناوچە وێران و بەر ژەهر کەوتوەکان تەنیا 24 جۆر مەلی تێدا دەژی. جگە لەوە منداڵی سەقەت لە دایکبوو، جۆری گەشەکردنی نائاسایی منداڵ لە سکی دایکیداو نەخۆشی شێرپەنجە لە مرۆڤدا لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەم چەك و ماددانە بووە لە ڤێتنام[13]".



بۆردومان کردنی کێڵگە ڤێتنامیەکان لە لایەن فرۆکەی ئەمریکا بە ماددەی کیمیایی

ڤێتنامیەکان بۆ ئەم مەبەستە ئینستیتوی تایبەتیان دروستکردوە کە ئەم دیاردانەی هەموو تێدا تۆمار کراوون و بە دۆکومێنت کراوون. هەتا ئەمڕۆکەش هۆکاری بەشێکی لەبارچونی منداڵ لەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامی ئەو ماددەو چەکە ترسناکانە. هەندێ لەم مندالانە لەناو شوشەی تایبەت دانراوون لە ئینستوتە پزیشکی و مۆزەخانە تایبەتەکان بۆ بەدۆکومێنت کردنی و بینینی لەلایەن ڕای گشتیەوە. حیزبی بەعسیش لە باشوری کوردستان هەمان ستراتیجیەتی پەیڕەو دەکرد، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیی ئەو ڕژێمە خۆی بە کێشەکانیەوەو بە هۆی ڕاپەڕینی کوردەوەو هاتنە پێشی بارودۆخێکی نوێ حکومەتی بەعس چیتر نەیتوانی درێژە بەو ستراتیجەی بدات لە کوردستاندا. هەموو ئەمانە لە شێوە جیاوازەکانی جەنگن.

باسی پێنجەم

( جەنگ ڕێرەوی مێژوو دەگۆڕێ )

جەنگ هەمیشە ڕێرەوی مێژوو دەگۆڕێ. سیستەمەکانی ئەوروپا خۆیان لە ئەنجامی جەنگ هاتونەتە کایەوە. سیستەمی دەولەتیی ئەوروپا بە ئامرازی هێز بەواتا بەڕێگای کۆلۆنیزەکردن گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی دونیای ئەوروپا، هەروەها لە خەباتی دژ بە دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمی

[13] ) لە کتێبی (نەهێشتنی چەکی ژەهراوی) ، زانای سروشتی و شارەزا پزیشکیەکان ئاماژەی جدی ئەدەن بە مەترسی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆجی. لە لایەن هەردوو پرۆفیسۆر (WERNER DOSCH + PETER HERRLICH) ئامادەکراوەو لە چاپخانەی (FISCHER) لە فرانکفۆرت/ئەلمانیا لە چاپدراوە.

ئەوروپی بە واتا بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنی بوون دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئاسیاو ئەفەریقا سەریانهەڵدا[14]. دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم ئەو جەنگانەی لە مێژودا ڕویانداوە چارەنوسێکی ڕێکەوتی مرۆڤایەتی نین.

بەشی دوەم

دوو جەنگە جیهانیەکەی سەدەی بیستەم

جەنگی یەکەمی جیهانیی (1914-1918) لە ئەوروپا، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەفەریقا، ڕۆژهەلاتی ئاسیاو هەروەها لە دەریا جیهانیەکان ئەنجامدرا. نزیکەی 40 دەوڵەت ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشدار بوون تێیدا. جەنگی یەکەمی جیهانی یەکێکە لە ڕوداوە گەورەکانی جیهان لە مێژوی مرۆڤایەتیدا کە کوێرەوەری ئەم جەنگە ولاتانێکی زۆری گرتەوەو ڕوداوەکانی گۆڕانکاریەکی گەورەی خراپی بەسەر ژیانی زۆرێك لە گەلاندا هێنا. 70 ملیۆن سەرباز بەشداری ئەم جەنگە بوون کە بۆ ژمارەی دانیشتوانی ئەو سەردەمە ڕێژەیەکی زۆربوە. لەم ژمارەیە نزیکەی 17 ملیۆنی لێکوژراو 20 ملیۆنی لێ بریندارو کەمئەندام بوو. هەروەها یەك ملیۆن خەڵکی مەدەنی تێدا کوژرا. 33 دەوڵەت بەشداری ئەم جەنگە بوو. 74 ملیۆن چەکدار تێیدا بەشداربوو. هەروەها لەو سالانەدا نزیکەی شەش هەزار پاپۆڕی بازرگانی بە بارەکانیانەوە کەوتنە ژێر دەریاوە کە کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر هێزو وزەی بەرهەم و باری ئابووری و کۆمەلایەتی گشت ولاتە ئەوروپیە گەورەکان. ئەمانە جگە لە 208 ملیار دۆلار خەرجی جەنگ. ئەنجامەکەی بۆ سەردەمێکی مێژویی کە ئابووری و تەکنەلۆژیا هێشتا دواکەوتو بوو، زۆربوو. بەتەنیا فەرەنسا زیاتر لە ملیۆنێك و سێ سەد هەزار کوژراوی هەبوو. هەروەها زیاتر لە سێ ملیۆن و حەوت سەد هەزار بریندار. لە 50%ی گەنجی فەرەنسی کە هێشتا تەمەنی سی سالییان تێپەر نەکردبوو لە گۆڕەپانەکانی جەنگدا نەگەڕانەوە. هەشت ملیار دۆلار زیانی جەنگی هەبوو کە بۆ ئەو سەردەمە بریتی بووە لە ڕێژەیەکی ئابووری گەورە. زیاتر لە 4 هەزار گوندی فەرەنسی و نزیکەی 20 هەزار کارگە لە ئەنجامی جەنگەکەدا لەگەڵ زەویدا تەختکران کە ناوچەیەکی بەرفراوانی ولاتەکەی گرتەوە. ژمارەی کوژراوانی ڕوسیا نزیکەی دوو ملیۆن و سێ سەد هەزار مرۆڤ بوو هەرچەندە ڕوسیا بەساڵێك پێش کۆتایی هاتنی جەنگەکە کشایە دواوە[15].



[14] Bassam Tibi, Konfliktregion Naher Osten, München, 1989, S. 19.
[15] de.wikipedia.org/wiki/Erster_Weltkrieg

هۆی سەرەکی هەلگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بۆ ڕاگرتنی تەرازوی هێزەکان بوو لە نێوان دەوڵەتە سەرمایەدارە ڕۆژئاواییە گەورەکان. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ئەلمانیای ئەوکاتە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا دوو شوێنەواری گرنگیان گرتبوو لە بواری بەرهەمهێنانی شمەکی پیشەسازی و بەم شێوەیە پێشبڕکێی بەریتانیاو فەرەنسایان دەکرد لە بازاڕەکانی جیهاندا کە زۆربەیان کەوتبونە چنگی بەریتانی و فەرەنسیەکانەوە کە ناوچەی کۆلۆنی سەر بەم دوو دەولەتە بوون. ئەم شتە ئەڵمانیای زیاتر لە دەوڵەتەکانی تر هەژاند چونکە بەرهەمە پیشەسازیەکانی زۆر زیاتر بوو وەك لە پێویستی بازاڕی ناوخۆی خۆی و بۆ ئەوانەی ولاتەکانی دەوروپشتی. لەبەر ئەم هۆیە ئەڵمانیا کەوتە گەڕان بۆ پەیداکردنی نفوزو بازاڕ، بەڵام لەگشت شوێنێك توشی بەرهەڵستکاریەکی توندوتیژ دەبۆوە لەلایەن بەریتانیاو فەرەنساوە بەتایبەت لەلایەن بەریتانیەکانەوە کە دەترسا لەوەی بازاڕە فراوانەکانی لەدەستبدات. لە پێناوی هێشتنەوەیان دەبوایە بەهەموو نرخێك بیانپارێزێت. ئەم ناکۆکی و پێکدادانە کە ولاتە گەورەکانی وەك بەریتانیاو فەرەنساو ئەلمانیاو ڕوسیا لایەن بوون تێیدا ناوچەی ڕۆژهەلاتیشی گرتەوە کە کوردستانیش بێبەش نەبوو لێی بەهۆی ئەوەی کە بەشێکی دەوڵەمەندو گرنگبوو لەڕووی ستراتیجی بۆ ناوچەکەو هەروەها شوێنەوارێکی گرنگی هەبوو بۆ نەخشەکانی ولاتە زلهێزەکان چ بۆ سالانی پێش جەنگەکەو چ لە کاتی جەنگەکەدا. بەریتانیاو ڕوسیاو فەرەنساو ئەڵمانیا سالانێکی دورودرێژ بوو بەگشت ئامرازێك لە هەوڵی شوێن پێکردنەوەی خۆیانبوون لە کوردستان بۆ دەستگرتن بەسەر سەروەت و سامانەکەی و بەستنی بە بازاڕەکانی خۆیانەوە. نەوت یەکێك بوو لە فاکتەرە شاراوە سەرەکیەکانی ئەم سیاسەتە[16]. جەنگی یەکەمی جیهانی بووە هۆی دابەشکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش و دروستکردنی کۆمەڵێك لە دەوڵەتی دەستکرد نەك دەوڵەتی نەتەوەیی و کێشەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا کە هەتا ئێستەش ناوچەکە پێوەی دەناڵێنێت.

"جەنگی دوەمی جیهانی گەورەترین کارەساتە هەتا ئەم قۆناغە توشی جیهان و مرۆڤایەتی هاتبێت. 72 دەوڵەت بەشداری ئەم جەنگە بوون کە 110 ملیۆن چەکدار تێیدا بەشداربوو. لە جەنگی دوەمی جیهانیدا زیاتر لە 30 ملیۆن سەربازو 25 ملیۆن خەڵکی مەدەنی تێدا لەناوچوون. بەواتا زیاتر لە 55 ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژرا کە 7.3 ملیۆن ئەڵمان بوو. نزیکەی 30 ملیۆن مرۆڤ تێیدا کەمئەندام بوو. جەنگێکی جیهانی سێیەم جێگەی ژمارەو بیرکردنەوە نابێت[17]. "

---

[16] ) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ کردستان فی سنوات الحرب العالمیە الاولی ، بغداد ، 1977.

[17] ) جەنگ یان ئاشتی ، بە زمانی ئەلمانی ، میۆنیخ ، 1970.



وێران بوونی شارێکی ئەلمانیا لە جەنگی دوەمی جیهانیی

جەنگی دوەمی جیهانیی شەش ساڵی خایاند لە ساڵی 1939 ـ 1945 کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی پێکهاتەی سیاسی و کۆمەلایەتی جیهانی گۆڕی. دوای ئەم جەنگە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دروستبوو کە ئەندامە هەمیشەییەکانی بریتین لە دەوڵەتە براوەکانی جەنگی دوەمی جیهانی (ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت، چین، بەریتانیاو فەرەنسا). ئەمریکاو سۆڤیەت بوونە زلهێزی نێودەوڵەتی. دەولەتە کۆلۆنیالیستە ئەوروپیەکان بەریتانیاو فەرەنسا زلهێزبوونی نێودەولەتییان لە دەستداو هەروەها زۆربەی کۆلۆنیەکانی ئەفریقاو ئاسیای ئەم دوو دەوڵەتە بوونە دەوڵەتانی سەربەخۆ[18].

لێرەدا بە ڕوونی دەبینرێت کە جەنگ پەیوەندیەکی نەبچڕاوی بە سیاسەتیشەوە هەیە و گۆڕینی سنورە جوگرافیەکانیشی لێدەکەوێتەوە.



جەنگی دوەمی جیهانی

[18] Gabriel Kolko: Das Jahrhundert der Kriege. S. Fischer, Frankfurt am Main, 1999, S. 183.

## بەشی سێیەم

## جەنگ لە مێژووی گەلی کورددا

کە پاشای یۆنانی ئەلێکسەندەری مەکەدۆنی هێرش و داگیرکردنەکانی بەرەو ڕۆژهەلات برد دەبوایە بە کوردستاندا بگەڕێتەوەو دوچاری شەڕی گەلی کوردی ئەو ناوچەیە هات. مێژونوسی یۆنانی زەینەفۆن لە کتێبەکەیدا (ئەناباسیس) بەتێروتەسەلی باسی لە زیانەکانی سوپای ئەلێکسەندەری گەورە دەکات لەکاتی گەڕانەوە بەناوبانگەکەیدا بە ولاتی کارداکاندا کە لێرە تووشی راپەڕین دەبێت لەلایەن گەلی کاردۆخیەکانەوە (کوردەکانەوە). ئەم ڕوداوە 400 ساڵ پێش مەسیح بوە[19]. کوردستان هەروەها گۆڕەپانی شەڕە خوێناویەکانی نێوان بێزەنتیەکان و ئیمپراتوریەتی فارسی بوو. لە دوای دروستبوونی ئیسلام ئیمپراتورە عەرەبیەکان بایەخێکی زۆریان بەوەدا کە کوردستان داگیربکەن. نرخی ئەو ڕاپەڕینە لە دژی زلهێزی نوێ زۆرو گەورە بوو. لە حەملەی بە ئیسلام کردن لە لایەن داگیرکەرە عەرەبەکانەوە بە دەیان هەزار خێزانی کورد کوژران و خەڵکیی لە سێدارە دران و ڕاپێچکران و کەلتورێکی زۆری بەنرخ وێرانکرا. لە دوای مردنی پێغەمبەر، خەلیفەی عومەری دوەم حەملەیەکی دژ بە فارسەکان دەستپێکرد. عەرەبەکان لە چوارچێوەی ئەم داگیرکردنانە ڕوویان کەوتە کوردستان و ئەرمینیای مەسیحی. عەرەبە ئیسلامەکان کەوتنە داگیرکردنی شارەکان و سوتاندنی کەنیسەکان و وێرانکردنی شارە کەلتوریەکانی ئاینی سەردەشتیی کە دینی بەشێك لە کورد بووە.

بەرێگای ناچارکردنی ئابووری بەشێوەیەك ئەوانەی نەدەبوون بە ئیسلام دەبوایە باجی زۆر زیاتریان بدایە وەك لەوانەی کە ددانیان بەئیسلامدا دەناو ئاینەکەیان قبول دەکرد. لە سەدەی دەیەمدا گەلە سوارئەسپە تورکومێنەکان لە ڕۆژهەلاتی دورەوە هاتن و دواتر ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیان دروستکرد. کوردەکان و ئەرمەنیەکان دەبوایە لە دژی ئەم تورکە سەلجوقیانە بەتوندی بەرگری لەخۆیان بکەن.

بەڵام گەورەترین بەسەرهات هی سەردەمی هێرشی داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان بوو لە نێوان سەدەکانی 12 و 14 کە سەرجەم ناوچەکەی گرتەوەو ڕوتاندنەوەو وێرانیەکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنا. شاری بەغدا وەك ناوەندێکی سیاسی و کەلتوریی دەسەلاتی ئیسلام وێرانکرا. لە کتێبی مێژودا چیرۆکی دڕندایەتی هۆلاکۆ بەناوبانگە. بە سەدان قوتابخانە داخران و بە ملیۆنان پەڕتوك سوتێندران. خەلیفەی بەغدا بەگشت سەروەت و سامانەکەیەوە کەوتە دەستی مەغۆلەکان[20]. مەغۆلەکان لە ئیمپراتۆریەتی سەلجوقیان داو قەسابخانەشیان لەناو کوردەکان کردو ناوچە ئەرمەنیەکانیشیان تالانکرد. دواتر مەسیحیەکان دایانە بەرەی مەغۆلەکان دژ بە ئیسلامەکان. لەسەدەی (15) دا ناوچەکە وردە وردە هەناسەیەکی پێدا هاتەوە. دوای ئەو وێرانکاریانە لەژێر بارودۆخی گۆڕاوی دەسەلاتدا پێکهاتەی سیاسی نوێ هاتە کایەوە. تورکیاو ولاتی پارسەکان کە لەژێر داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان کەمتر تووشی ناهەمواری بوون، بوونە ناوەندی دەسەلاتی نوێ. عێراقی ئەمڕۆ کە لەئەنجامی وێرانکاریەکان گرنگیی خۆی لەدەستدا کەوتە چنگی هێزە نوێکانەوە.

[19] www.alexanderdergrosse.de/manfred_horndasch.php.

[20] de.wikipedia.org/wiki/Eroberung_von_Bagdad_(1258).

هاوتەریب بە دەرکەوتنی مەغۆلەکان عەشیرەیەکی تورکی بچووك کە بە ڕێگای باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا هاتنە ئاسیای بچووك لە سەرەتادا چوونە خزمەتی سەلجوقیەکان. سەرکردایەتیەکەی لەسەرەتادا لای سولەیمان بوو. دواتر کەوتە دەست کوڕەکەی سولەیمان کە ناوی ئۆرتۆغرول بوو (1231– 1288). لە دوای کشانەوەی مەغۆلەکان ئەم تورکانە ئەو تروسکاییە تەسکەیان بەکارهێنا کە دواتر ئیمارەتێکی سەربەخۆی بچووکی دانێ. کە عوسمانی کوڕی ئۆرتۆغرۆل لە 1301 پلەی سولتانی وەرگرت بەم شێوەیە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دروستکرد. هەر ڕاستەوخۆ دوای کشانەوەی مەغۆلەکان حەملەی داگیرکردنە بێکۆتاییەکانی عوسمانیەکان دەستی پێکردو کوردستانیش بووە گۆڕەپانی وێرانیی شەڕو شۆڕەکانی نێوان تورك و فارسەکان. بەهۆی داگیرکردنی مەغۆلەکان و هەوڵی دگیرکردنەکانی دواتری عوسمانی و فارسەکان بوونی کۆمەلایەتی کوردستان زۆر توشی وێرانی هات و بوە ڕێگر لە گەشەکردنی ئازادی خۆیدا. ئەم دۆخە مێژوییانە کوردستانی لە گەشەکردنی کۆمەلایەتی و کەلتوری و ئابووری خۆیدا زۆر بەتوندی فرێدایە دواوە. هەرچەندە کوردستان لە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییەوە بەرەو سەرمایەداری رۆیشت، بەڵام ئەم گۆڕانکاریەش گەشەکردنێکی لاوازو ناسەقامگیرەو هەتا ئەمڕۆکە لە کوردستان نەتوانراوە سەقامگیریەکی ڕاگرانەی کۆمەلایەتی گەشە پێبدرێت هەرچەندە ئەم بارودۆخە لە گشت بەشەکانی کوردستان وەك یەك نیەو وەك یەك گەشەی نەکردوە.

4 MAYIS 1937 DERSİM KATLİAMI.....




ئەمڕۆکە لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا کوردستان هەر لەسەر لێواری شەڕو مەترسی و جەنگدایە. کە بەریتانی و فەرەنسیەکان لەکوردستان کشانەوە ئەو بەشانەی کوردستان کە لەژێر دەسەلاتی خۆیاندا بوون درانە دەست دەسەلاتدارانی نوێی عێراق و سوریا کە لەلایەن خۆیانەوە دانرابوون. هەروەك ئاشکرایە کوردستان ئەمڕۆکە بەسەر چوار دەوڵەتدا دابەشکراوەو لەو کاتەشەوە لەژێر چەندین جۆر لەجەنگ دەناڵێنێت. تەنانەت لە دەستوری بالای تورکیا گەلێك نیە پێی بوترێ کورد، بەواتا دەوڵەتی تورك جەنگی گەلێك دەکات کە لە دەستورەکەیدا بوونی نیە. تا ئەمڕۆکەش لە هەر چواربەشی کوردستان کورد بە شێوازی جیاواز لەگەل حکومەتە مەرکەزی و نامەرکەزیەکان وەك داعش لە شەڕو جەنگدایە.

ئەمانە هەمووی جگە لەو دەیان جەنگ و شەڕانەی ئیماراتە کوردیەکان و پارت و عەشیرەتە کوردیەکانی مێژووی دورونزیك لە ماوەی دەیان ساڵی خۆیدا دژ بە یەکتر کردویەتی کە زیانی ماددی و گیانی و ماڵوێرانی و دواکەوتویی دەرئەنجامەکەی بوەو کوردی لە بواری سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریشدا بردە دواوە.

بەشی چوارەم

( گرنگی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و پەیوەندی بە جەنگەوە )

دەوڵەتە زلهێزەکانی ڕۆژئاوا بۆ ولاتە نەوتیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەك مانگایەکی درێژ وایە کە سەری لەناو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدایەو لێرە خواردن دەکرێت بەدەمیداو کلکیشی لە ئەمریکاو ڕۆژئاوایە کە لەوێ نەوت و سامانەکەی ئەدۆشرێ. ئەو لایەنەی بیەوێ لە جیهانی ئابووری و بازرگانیدا ببێت بە شتێك دەبێت قاچێکی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بێت.

ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست کە خاوەن فرە نەتەوەو کەمینەو ئێتنیك و ئاین و مەزهەبی جیاوازە سەرچاوەی ژمارەیەکی زۆری جەنگ و ناکۆکی و پێکدادانن کە بەشێکی دەگەڕێنەوە بۆ قولایی مێژوو. ئەم ناوچەیە، چ دەوڵەتەکانی بەشی ڕۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوە کە

بریتین لە: تورکیا، میسر، سوریا، لبنان، ئیسرائیل، ئوردون و قوبرس، هەروەها دەوڵەتەکانی کەنداو، و دەریای سوور وەك ئێران، عێراق، یەکێتی ئیماراتی عەرەبی (بەحرەین، قەتەر، عومان و شارقە)، هەروەها یەمەن و سعودی عەرەبی.



دەوڵەتەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

ئەم ناوچەیە سەدان ساڵە شوێن و پردی پێکەوە گرێدانی نێوان سێ کیشوەری جیهانە کۆنەکەی ئاسیاو ئەفەریقاو ئەوروپایەو خالێکی گرنگی گرێدەری پەیوەندی دەریایە. کردنەوەی کەنالی سوێس لە سالی 1869 پەیوەندیەکی نزیکی دەریاییە لە نێوان دەریای سپی ناوەڕاست و دەریای سوور، جگە لەوەش بەئۆقیانوسی هندیەوە. بەواتا ئەم ناوچەیە گرنگیەکی ئابووریشی هەیە.

کەنالی سوێس لە جەنگی دوەمی کەنداودا لەلایەن سوپای ئەمریکاوە بۆ مەبەستی جەنگی دژ بە عێراق بەکارهێنرا. ئەم ناوچەیە خاوەنی کەرەسەیەکی خاوی زۆرە وەك نەوت کە بە ئاڵتونی ڕەش ناسراوە، هەروەها گازی سروشتی و میتال. لەم ناوچانە سالانە زیاتر لە ملیاردێك تەن نەوت دەردەهێنرێت کە دەکاتە زیاتر لە 40% ی دەرهێنانی نەوتی جیهان هەروەها 60% ی پاشەکەوتی نەوت لەم ناوچەیەدایە. یابان لە 70% ی پێویستی نەوتی لە ناوچەکانی کەنداوەوە وەردەگرێت. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا 18%، و بازاڕی ئەوروپای هاوبەش 68%. پابەندیی ولاتە پیشەسازیە گەورەکان بە نەوتەوە زۆرە، نەوت وەك سەرچاوەیەکی وزەی هەرزان. هەموو 10 ساڵێك پێویستی مرۆڤایەتی بۆ ووزە دوو قات زیاد دەکات و یاری پۆکەری نەوتیش سەد ساڵ زیاترە لە ئارادایە. ئەو لایەنەی نەوتی لەدەستدا بێت دەتوانێت بڕیاری جەنگ بدات و هەڕەشەو فشار دروست بکات. ئایا بارودۆخی وزە چۆن دەبێت ئەگەر پاشەکەوتی نەوت کۆتایی بێت؟



بۆ لێدانی ئەفغانستان ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانیەتی ولاتانی عەرەبی و کەنداو نەبوو. بۆ لێدانی عێراقیش ئەمریکا هاوپەیمانەکانی خۆی لێرەدا لە تورکیاو ئیسرائیلدا بینیەوە. گرنگیی تورکیا لەوەدایە کە ولاتێکی ئیسلامیەو عەرەبییش نیە، بەتایبەت تورکیا وەك دەولەتێکی ناتۆ بۆ کاتی جەنگی سارد بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت و بلۆکی ڕۆژهەلات لە ڕووی جیۆستراتیژی و جیۆ پۆلیتیکیشەوە بابەخی خۆی هەبوو، بەڵام ئێستە هاوکێشە سیاسیەکە لەگەل تورکیادا گۆڕاوە.

*هیچ ناوچەیەك نیە لە جیهاندا ئەوەندە بڕیاری UNی لەسەر دەرکرابێت وەك ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
* هیچ ناوچەیەك ئەوەندە نەکەوتۆتە ژێر باری جەنگ و قەیران و لە هیچ ناوچەیەك ئەوەندە خوێن نەڕژاوەو ژینگە ئەوەندە تیرۆر نەکراوە وەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست.
*لە هیچ ناوچەیەکی "جیهانی سێ" ئەوەندەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست سەرباز نیەو لەو دەیان ساڵی دوایدا ئەوەندە چەك و کەرەسەی جەنگ کۆنەبۆتەوەو بەکار نەهێنراوەو ئەوەندە پارە بۆ سوپا خەرج نەکراوە وەك لەم ناوچەیە کراوە. ئەم ناوچەیە دەیان ساڵە بۆتە گۆڕەپانی ژمارەیەکی زۆر لە جەنگ و پێکدادان. شتێکی ڕێکەوت نیە کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە سندوقی باروت نێودەبرێت چونکە هەمیشە لە تەقینەوەدایە. کوردستانیش کەوتۆتە ناو دڵی ئەم سندوقی باروتەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و ئەوەش یەکێکە لەو هۆیانەی کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردی گرانترو ئاڵۆزتر کردوە.

* لەبەر کۆمەڵە فاکتەرێك زۆربەی زۆری جەنگەکانی ئەم دەیان ساڵەی دوایی کەوتونەتە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەم ناوچەیە لە ڕووی سیاسی و جوگرافیەوە ناوچەیەکی ئالۆزەو جیاوازی پێکهاتە ئابووریەکەشی بەڕوونی دەبینرێت کە بەهۆی فرە نەتەوەو فرە ئێتنیك و ئاینی و فرە مەزهەبیەوە ناکۆکیەکانی زیاتر بەرەو کولانبوون بردوەو لەبەر زۆرێك فاکتەر بەراورد کردنی بەناوچەکانی تری جیهان ئالۆزترە وەك بۆنمونە ئەمریکای لاتین کە خاوەنی یەك زمان (جگە لە بەرازیل)، یەك کەلتور، یەك ئاین و یەك مێژووی هاوبەشە. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گشتێکی تەواوە کە هەر گیروگرفتێکی کەم یان زۆر کار دەکاتە سەر تێکرای ناوچەکە بۆنمونە جەنگی سوریا.

کۆمەڵێك فاكتر هەن بونەتە هۆی دروستكردنی نائارامی و هەڵگیرسانی جەنگ و شەڕو پێكدادان لە ناوچەكە كە ئەمانە هەندێكیانن:

* لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا چەند ڕژێمێكی ناكۆك و ناتەبا هەن كە بەگژ یەكتردا دەچن و ململانێی یەكتر دەكەن و ئەوەندەی بۆیان دەلوێ هەوڵ ئەدەن خۆ بسەپێنن و سەر بە یەكتر دانەوێنن. ئەم پێكەوە نەسازانەش كەشوهەوایەكی گرژیی پەیداكردوەو لەڕابوردوداو ئێستاش بۆتە هۆی ئەوەی ناوچەكە بەرەو بۆڕبۆڕێنی خۆچەكدار كردن و پەیداكردنی جبەخانەو پێشكەوتوترین چەكی كۆكوژ بڕوات. ئایدیۆلۆژیا ناتەباو ستراتیجە ناكۆك و پێكەوە نەگونجاوەكان و پێداویستیەكانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییش دەستیان لەجێگیر كردنی نائارامیدا هەبووە.

* پەرەسەندنی سیاسی / ئابووری و كۆمەلایەتی ناڕێكی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆتە هۆی داواكردنی دەلاقەی نێوانیان و قولكردنی ئەو ناكۆكیانەی هەر لەبنەڕەتدا هەبوون.

*دانیشتوانی ناوچەكە بەدەم چەوساندنەوەو نایەكسانیەوە تلاونەتەوەو گیروگرفتی دێرینیان هەیە. حەساسیەتی لە ڕادەبەدەری دەوڵەتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەرامبەر بە داخوازیە ئیقلیمیەكان بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە كەمكردنەوەی دەستێوەردانی ناوەندو زیادكردنی دەسەلاتی هەرێمەكانەوە هەیە بۆتە هۆی پێك هەڵپژانی سیاسی و بەكارهێنانی زەبروزەنگ.

* دیموكراسی لە ناوچەكەدا هیچ ڕەگ و ڕیشەیەكی مێژویی و كۆمەلایەتی نیە. مێژووی سیاسی ناوچەكەش بۆتە مێژووی چەند ڕژێمێكی سیاسی یەك لەدوای یەكی نادیموكرات. تائێستاش زۆربەی هەرە زۆری ڕژێمەكانی ناوچەكە بڕوایان بەبەشداری سیاسی گەل و فرەحیزبی نیەو ئەو مافە بەڕیشی گەل ڕەوا نابینن كە ئەو لایەنە بگەیەنێتە دەسەلات كەخۆی دەیەوێ. ئەو ڕژێمانە ساغیان كردۆتەوە كە بەشێوەیەكی ترسناك و سەرسوڕهێنەر توانای مانەوەو بەردەوامبونیان هەیە. مێژوی نزیكیش ڕونیكردۆتەوە كە زۆربەی جار پرۆسەی گۆڕینی سیاسی بەزەبری زۆردارەكی و هەندێ جار بە بەكارهێنانی زەبروزەنگێكی توندڕەو ئەنجام دراوە. لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆشدا پێدەچێت پرۆسەی گۆڕینی سیاسی بە دوو شێوە بێتەدی[21]:

(1) بەشۆڕشی ناوخۆ، یان كودەتای سوپا، یان بەكارهێنانی ڕوخسارەكانی تری زەبروزەنگ وەك تیرۆر و بەزۆر دەست لە دەسەلات پێهەڵگرتن.

(2) بەدەستێوەردانی دەرەكی (سوپایی، یان ئابووری). تا ئێستا نەویستی ئەو ڕژێمانە لە گەڕانەوە بۆ گەل لە مەسەلەی بڕیارداندا چەند جارێك ناوچەكەی بەرەو جەنگ بردوە.

[21] Dr. Salar Basira, Dissertation , das politische System im Irak unter der Baath Partai, wuppertal, 2004, S. 194.



## بەشی پێنجەم

باسی یەکەم

جەنگی یەکەمی کەنداو (عێراق / ئێران)

ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بووە هۆی ڕوخاندنی ڕژێمی شا لە مانگی 1979/2. ئەم سەرکەوتنەی گەلانی ئێران بێئەنجام نەبوو بۆ عێراقیش. ئەم شۆڕش و سەرکەوتنە پاڵنەرێك بوو بۆ ئۆپۆزسیۆن لە عێراق بە کوردو عەرەب و شێعەو کەمایەتیەکانەوە دژ بە ڕژێمی بەعس. ڕژێمی بەغدا ترسی بۆ دەسەلاتەکەی لێنیشت لە گواستنەوەی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بۆ عێراق، بەڵام ئەوە تەنیا یەکێك بووە لەو فاکتەرانەی بۆچی ڕژێمی عێراقی بەعس پەلاماری ئێرانیدا.

ئایەتوڵڵا خومەینی خەوی بە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی ئیسلامی دەبینی کە ولاتە ئیسلامیەکان بگرێتەوە. عێراق ئەڵقەیەکی لاوازی ئەم زنجیرەیە بوو. خومەینی دەیووت ڕێگای قودس بە بەغدادا دەڕوات. لە دیدی خومەینیەوە بەعسیە بێ ئاین و بێ خوداکان فەرمانڕەوایی عێراق دەکەن. ژمارەی شێعە لە عێراق زۆرایەتیەو بیبەش بوون لە دەسەلاتی سیاسی و دوچاری ڕاونانی حکومەتی بەعس ببوون. دوای دەسەلات گرتنە دەست خومەینی بیری لە دروستکردنی دەوڵەتێکی ئیسلامی دەکردەوە لە عێراق بەهۆی زۆرایەتی شێعەوە[22]. کاتێك خومەینی لە جەنگی یەکەمی کەنداو باسی لە جەنگی پیرۆزو هی نێوان ئیسلام و کافر دەکرد، سەدام حسێن لە جەنگی دوەمی کەنداودا ئەم دروشمەی بۆ خۆی بەرز کردەوە.

هەموو جەنگێك شتێکی خراپە. جەنگێکیش لە نێوان دوو نەتەوەدا کە هاوسێیی و مێژو و ئاین پێکەوەی بەستون وەك ئێران و عێراق ئەوە زۆر خراپترە.، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ لە نێوانیاندا ڕویداوەو بۆ ئەوەش هۆکار هەیە، ئەگەر باشیش نەبن. مێژووی زووی میزۆپۆتامیا زۆر کەلتورو شارستانیەتی بەخۆیەوە بینیوە. ئەم شتە لە ئێرانیش هەر بەم جۆرە بووە. لەگەل هەموو ئەوەشدا لەم چەند سەد ساڵەدا هەردوو ولات بەگژ یەکتردا چوون و جەنگیان دژ بەیەکتر ئەنجامداوە. جەنگی یەکەمی کەنداو (عێراق / ئێران) لە دوای جەنگی دوەمی جیهانیەوە دورودرێژترین جەنگ بووە کە هەشت ساڵی خایاند لە نێوان دوو دەوڵەتی نیزامی.

---

[22] Bahman Nirumand, Sturm im Golf, Hamburg, 1990, S. 118.



باسی دوەم

جەنگ وەك ئامرازی سیاسەت

بەهۆی بەردەوام قوڵبونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووری لە عێراقدا ڕژێمی بەغدا ڕووبەڕوی نارەزایی جەماوەرو ئۆپۆزیسیۆن ببۆوە. شەڕو چەوساندنەوە دژ بە کوردو شیعە، کۆمۆنیستەکان، ئاسوریە مەسیحیەکان و تورکومانەکان، ئەمانە هەمووی قەیران و پێکدادانی سیاسی ناوخۆی خولقاند. بۆئەوەی جەماوەر لە ناکۆکیەکان لە ولاتدا بە دوور بگرێت ئەوا باشتربوو بەکێشەی دەرەکیەوە سەرقاڵ بکرێن. بۆ ئەوەی سیاسەتێکی لەم جۆرە پەیڕەو بکات ئەوا جەنگ بۆ ئەم مەبەستە باشترین و گونجاوترین ئامرازە. بەواتا ڕژێمی عێراقی هیوای بەوە دەخواست بەم شێوەیە ناکۆکیەکانی ناوخۆ بگۆڕێت بۆ ناکۆکی دەرەکی هەروەها جەنگ وەك ئامرازێکی سیاسی بۆ ڕاگرتنی سەقامگیریی دەوڵەت. هەمان بارودۆخ ئێرانیشی گرتەوە. جەماوەری ئێران زیاتر سوور بوون لەسەر داواکاریە شۆڕشگێریەکانیان، بەڵام ڕژێمی ئیسلامی ئێران لەو بارودۆخەدا نەبوو داواکاریە سەرەکیەکانی جەماوەری ئێران و ئۆپۆزیسیۆن بەجێ بهێنێت. لەبەر ئەم هۆیە جەنگ بۆ ڕژێمی ئێرانیش دەرفەتێکی بەخێرهاتوبو بۆ ئەوەی خەڵکیی بە کێشەی دەرەکیەوە سەرقاڵ بکات. ئەوە جەنگێکی کۆنەپەرستانە بوو کە لە پلەی یەکەمدا وەك ئامرازێك بەکار بهێنرێت بۆ توندکردنی دەسەلاتی هەردوو ڕژێمەکە. لە گشت شوێنێك حکومەتی ئێران کەوتە دەستپێکردنی پرۆپاگاندە سەبارەت بە "جەنگ لە نێوان ئیسلام و کافردا". هەموو نارەزاییەکی جەماوەر بەئاماژە پێکردن بۆ بارودۆخی جەنگ دەخنکێندران. داخوازیەکانی جەماوەر بەردەوام و زیاتر تینی دەستاند. هەرچەندە هەردوو ڕژێمەکە هەندێ لە ئامانجەکانیان بەهۆی جەنگەوە بەدەستهێنا، بەڵام کەوتبونە ناو پرۆسەی قەیرانێکی قوڵەوە. ئاماژە بە دوژمنی دەرەکی بۆ ڕژێمە دیکتاتۆرو تۆتالیتێرەکان ئامرازێکی پێویست و تاقیکراوەیە بۆ دابەشکردنی جەماوەرو شەڕی دژ بە ئۆپۆزسیۆن و توندکردنی دەسەلاتی خۆیی و بەدەستهێنانی ئامانجە خۆییەکان. کەواتە بۆ بەهێزکردنی دەسەلات و مانەوە لەسەر دەسەلات ئەم جۆرە ڕژێمانە هەڵگیرسانی جەنگ و بەردەوام بوون بە جەنگ ئامرازێکی گرنگی سیاسەتەکەیانە[23].

[23] Salar Basireh, Das politische system im Irak unter der der Baath Partei, Erbil, 2013, Verlag Kultusministerium, S. 78.

لە لایەکی ترەوە شۆڕشی ئیسلامی ئێران بارودۆخێکی گونجاوی بۆ ڕژێمی عێراقی هێنایە پێش سوود لەم بارودۆخە ناسك و نائارامەی کۆماری ئیسلامی ئێران وەرگرێت و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار بهێنرێت. عێراق دوای ڕوخانی شای ئێران ڕۆڵی جاندرمەی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا ببینێت و بەم شێوەیە ڕژێمی عێراقی دۆڕاندنەکانی جارانی لە دەستهەڵگرتن لە سێ دورگەکانی سەردەمی شای ئێران و ناوچەی شەت العرب بکاتە بیانویەك و داوای ناوچەو شوێن بکات و چاویشی بڕیبوە سەر داگیرکردنی ناوچە نەوتیەکانی عەبادان. سەدام حسێن ئەو ڕێکەوتنەی نێوان خۆی و شای ئێرانی لە پەخشێکی تەلەفزیۆنیدا دڕاند کە لە جەزائیر واژۆیانکرد. ئەو تەنازولەی حکومەتی بەعس کردی بەرامبەر بەوەی ئێرانی شا یارمەتی شۆڕشی کورد بوەستێنێت و کۆتایی بە بزوتنەوەکەیان بهێنێت.

لێرەدا دەبینین جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی تر. جەنگ سیاسەتەو کۆمەڵە خەسڵەتێکی سیاسی بەخۆیەوە گرتوە. جەنگ و سیاسەت لەیەکتر جودا ناکرێنەوە. دیاردەیەك هەر لە سەردەمێکی زوەوە مرۆڤ کاری پێکردوە. جیاوازی نێوان سیاسەت و جەنگ لەوەدایە کە سیاسەت جەنگە بێ خوێن ڕشتن. بە پێچەوانەشەوە جەنگ سیاسەتە بەشێوەو ڕێگای زەبرو زەنگ و خوێن ڕشتن.



باسی سێیەم

ئاشتی وەك ئامرازی سیاسەت

دوای ئەوەی ڕژێمی عێراقی لە پەلاماردانە سەربازیەکەی بۆ سەر ئێران ژێرکەوتو بوو ئەمجارە پەنای هێنا بۆ "سیاسەتی ئاشتی" بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگە دۆڕاوەکەی. خومەینی داواکاریەکەی سەدامی ڕەتکردەوەو بەردەوامی بە جەنگەکە داو بە بەخت هێنەری لەقەڵەمدا. لێرە بەدواوە ئێران بووە ڕۆحی شەر لە "جەنگە پیرۆزەکەدا". هەوڵی هێنانەدی ئاشتی لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگەکە لەوەدابوو کە ئاشتیش هەروەك جەنگەکە خۆی درێژەپێدان

بوو بە سیاسەت. لە مەسەلەی بەدیهێنانی ئاشتیدا هەروەك لە کاتی سەرەتای جەنگدا ئەو پرسیارە دێنێتە گۆڕێ کە چ چینێکی کۆمەلایەتی و لەسەر بنەمای چ بارودۆخێکی سیاسی و کۆمەلایەتی/ ئابووری و بە چ ئامانجێکەوە ئاشتیەکە دیاری دەکات. جەنگ و ئاشتی هەردوکیان بۆ هەردوو ڕژێمی عێراق و ئێران ببوونە دۆڕاندن. نە دەیانتوانی بەردەوامی بە جەنگ بدەن و نە دەستی لێهەڵبگرن. جەنگی "بەختەوەر هێنەر" ببووە جەنگی بێ بەختیی. لە هەڵوێستی لاوازی عێراقدا، ئێران هەلی ئەوەی دەبینی بەردەوامی بە جەنگ بدات و بەم هۆیەوە ئامانجەکانی خۆی بەدەست بهێنێت. سوپای ئێرانی هاتە ناو خاکی عێراقەوەو خومەینی ڕوخاندنی ڕژێمی عێراقی کردە مەرج بۆ کۆتایی هێنان بە جەنگەکە. لێرەدا عێراق هەولیدا جەنگەکە پەلکێش بکاتە ناو ئاستی نێودەوڵەتیەوە.

لە مانگی 1982/12 جەنگی ڕۆکێت هاویشتن بۆ سەر شارەکان دەستی پێکردو شارە ئێرانیەکان کەوتنە بەر ڕۆکێتی عێراقی. دواتر هەردوولا کەوتنە ڕۆکێت هاویشتن بۆ سەر شارەکانی یەکتر. لە مانگی 1984/3 جەنگی تانکەر دەستی پێکرد. ئێران هەڕەشەی داخستنی دەروازەی هورموزی دەکردو دەست وەشاندن لە سعودی عەرەبی و کویت. لە ساڵی 1984 عێراق چەکی کیمیاوی بەکار هێنا چ دژ بە سوپای ئێرانی کە نزیکەی 50 هەزار سەربازی ئێرانی تێیدا کوژران، هەروەها دژ بەخەڵکی مەدەنی کورد لە کوردستان کە هەڵەبجە بوە سمبۆلێکی مێژووی ئەم کارەساتە[24].

باسی چوارەم

لە ئەنجامەکانی جەنگی عێراق / ئێران

عێراق نزیکەی بەتەواوی بەندبوو بە بازاڕی نێودەوڵەتیەوە. بێکاری لە عێراق دوای جەنگی ئێران بەتوندی ڕووی لە زیادی کرد. قەیرانی ئابووری بووە هۆی دەرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە موچەخۆری دەوڵەت لە شوێنی کارەکانیان. وێرانکردنی نزیکەی 4000 دێهاتی کوردستان و ڕاگوێزانی جوتیاری دێهاتەکان بۆ ئوردوگا زۆرەملێیەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و وێرانکردنی ژینگەی کوردستان و ڕووبەرێکی گەورە لە زەوی کشتوکاڵی ئەوە جگە لە وێرانکردن و وشك کردنی هۆرەکانی خواروی عێراق و بڕینەوەی ملیۆن داری خورما بەتایبەت لە کاتی جەنگی دژ بە ئێران. هەموو ئەوانە بێئەنجام نەبوو بۆ ئابووری و ژیانی کشتوکاڵی و خواردەمەنی بۆ ولاتێکی لەو کاتەدا ئیفلاس بووی وەك عێراق. حکومەتی بەعس دەبوایە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە هەڵەیەی خۆی لە دەرەوەی ولات خواردەمەنی و دانەوێلە هاوردە بکات. لەبەردەم هەموو ئەم گرفتە زۆر بەتینە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیانە بە تایبەت قەیرانە ئابووریەکە حکومەتی بەعس لە دوای هەشت ساڵەی جەنگی ئێران خۆی لەبەردەمدا بینیەوە کە چارەسەر کردنیان هەروا ئاسان نەبوو. کێشەی ئابووری کێشەی سیاسی و کۆمەلایەتیش بەدوای خۆیدا دەهێنێت. هەر ئەوەش یەکێك بوو لە هۆکارەکان بۆ داگیر کردنی کویت.

باسی پێنجەم

( بەرژەوەندیە نێودەوڵەتیەکان بەرامبەر جەنگی عێراق / ئێران و کۆتایی جەنگ )

---

[24] Fadil Rasoul, Irak-Iran, Wien, 1987, S. 81.

دەبوایە بەهەموو نرخێك ڕێگە لە سەركەوتنی ئێران بگیرایە. لە هەمان كاتیشدا دەبوایە بەغداش سنوری خۆی تێپەڕ نەكردایە چونكە سەركەوتنی عێراق بەسەر ئێراندا دەبوە ئەوەی عێراق ببێتە هێزێكی ناوچەیی كە جگە لە ڕژێمی بەعسی بەغدا هیچ لایەنێكی تر هیوای بەم شتە دەنەخواست. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە لەم جەنگەدا نە سەركەوتو، نە دۆڕاو هەبێت. جگە لەوە دەبوایە جەنگ و ناكۆكیەكە لە چوارچێوەی عێراق و ئێراندا سنوردار بكرێت و ولاتەكانی تر لەم جەنگە تێنەگلێن. "ئەوەندەش ئەم جەنگە درێژە بخایەنێت بازرگانی چەك لەژیاندا دەبێت. نزیكەی 40 دەولەت چەكیان بە عێراق و ئێران دەفرۆشت. 10 دەولەت لە هەمانكاتدا چەكیان بەهەردوو دەوڵەتەكە دەفرۆشت. بە پێچەوانەی جەنگی كۆریا یان ڤێتنام هەردوو بەرەی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا سوودیان لە بازرگانی چەك وەرگرتوە لە جەنگی عێراق / ئێراندا[25]".

ئەوە سیاسەتی زلهێزەكان بوو لە جەنگی یەكەمی كەنداودا. بەواتا دوبارە جەنگ درێژە پێدانی سیاسەت و سیاسەتی ئابووریە بەو ئامرازانەی پێشتر ئاماژەم بۆ كردن. چەك بەپێی پێویست دەنێردران بۆ عێراق و ئێران. دواتر زانرا CIA تەنانەت لەكاتی گونجاو لەگەڵ سیاسەتەكەیدا زانیاری هەڵەی دابوو بە عێراق دەربارەی ئێرانیەكان سەبارەت بە بەرەكانی جەنگ لە كاتێكدا عێراق سەركەوتنی زیاتری بەدەست دەهێنا. لە ساڵی 1988 ئێران گشت ناوچە داگیركراوەكانی لە عێراق لە دەستدا كە هەتا سالی 1986 بە زیانێكی زۆرەوە داگیری كردبوون. حكومەتی ئێرانی لە 1988/8/20 خۆی ناچار بینی بریاری 598ی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان پەسەند بكات. بەم شێوەیە جەنگ وەستێنرا. هەتا ڕوخانی ڕژێمی بەعس نە جەنگ و نە ئاشتی لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا بەرقەرار بوو.

## بەشی شەشەم
## جەنگی دوەمی كەنداو

كە باس لە جەنگی كەنداو دەكرێ مرۆڤ سێ جەنگی بەبیر دێتەوە. جەنگی عێراق/ ئێران، عێراق/ ئەمریكاو هاوپەیمانەكان كە بەناوی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتوەكان ئەنجامدرا سەبارەت بە ڕزگاركردنی دەوڵەتی كوێت، هەروەها جەنگی داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكا ئەوەی پێی دەوترێ جەنگی ڕزگاركردنی عێراق. ئەم بەشە بریتیە لە جەنگی دوەمی كەنداو بەواتا داگیركردنی كوێت لەلایەن ڕژێمی عێراق.

### باسی یەكەم
### كورتە مێژویەك و یەكەم ناكۆكی نێوان عێراق و كوێت

عێراقی ئەمڕۆ لە سەردەمی ئیمپراتوریەتی عوسمانیدا پێی دەوترا ناوچەی میزۆپۆتامیاو بریتی بووە لە سێ ویلایەت (بەسرە، بەغدا، موسل). ناوچەی كوێتی ئەمڕۆ لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەشێك بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەر بە ویلایەتی بەسرە بووەو لەلایەن ئەم ئیمپراتۆریەتەوە بەرێوەبراوە. سولتان كە بارەگای سەرەكی لە قوستەنتەنیە بوو لێپرساو بووە لەو پاشایانەی كە

[25] Tageszeitung (TAZ), Berlin, 06.08.1990.

دانراون بۆ بەڕێوەبردنی ویلایەتەکان. دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کوێت بووە دەولەتێکی سەربەخۆ لەژێر دەسەلاتی بەریتانی. کە لەسالی 1938 یەکەم نەوت کەوتە هەڵقولان، کۆمپانیای نەوتی کوێتی کە پێکهاتبوو لە کۆمپانیای پترۆلی بەریتانی(BP) ، پیترۆلی کەنداو (USA) باوەڕیان بەئەمیری کوێت هێنا ڕێگا بەدەرهێنانی نەوت بدات. پەرلەمانی کوێت واژۆی پشکی نەوتی کرد. کوێت هەتا ساڵی 1961 لەژێر دەسەلاتی بەریتانیا مایەوە. کوێت دەورەدراوە بەسێ هێزی ناوچەی گەورەتر لەخۆی کە هەریەکەیان کێشەیەکی لەگەلیدا هەیە ئیتر چ بنەمالەیی بێت وەك لەگەڵ سعودی عەرەبی، یان عەرەقی و مەزهەبی وەك لەگەڵ ئێران، یان سیاسی و ئابووری و سنوریی لەگەڵ عێراق[26].

هەردوای ئەوەی کوێت لەسالی 1961 لەژێر دەسەلاتی بەریتانی دەرچوو، عێراق ڕاستەوخۆ داوای کوێتی کرد بەبەلگەی ئەوەی کوێت بەشێك بووە لە ویلایەتی بەسرەی عوسمانی و بەواتا بەشێك بووە لە عێراق. عبدالکریم قاسم بانگەوازی ئەوەی کرد کوێت بەشێکی نەبچڕاوە لە عێراق و هەڕەشەی "ڕزگار کردنی" کوێتی دەکرد بە زمانی زەبروزەنگ. بۆ پاراستنی کوێت پێشەکی سوپای بەریتانی و سعودی هاتنە کوێت. دوای ئەوە جامعەی عەرەبی مەسەلەی بەرگری کردنی کوێتی گرتەخۆ. بە پێچەوانەی دژایەتی و هەڕەشەی عێراق، کوێت لە جامعەی عەرەبی بە ئەندام وەرگیرا. لە 1972/10/4 ددان بەسەربەخۆیی تەواوی کوێت نرا. لە ساڵی 1973 ناکۆکی تر لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق/ کوێتدا ڕوویدایەوە[27].



باسی دوەم
( ئەو فاکتەرانەی کەنداوی بەرەو جەنگ برد )

[26] Werner Ruf, S. 41.
[27] Peter Billing/Bernhard J. Trautner, Der Konflikt um Kuwait, Heidelberger Institut für Internationale Konfliktforschung, Heidelberg, 1990, S. 4; Vgl. Herbert Krüger, Die Grenzen des Irak, Stuttgart, 1963, S. 99.

دەرهێنانی نەوتی عێراقی لە حەفتا ملیۆن تەنەوە لەسالی 1972 سەرکەوت بۆ 175 ملیۆن تەن لە ساڵی 1979. دەستکەوتی دەوڵەت لە نەوتدا لە 600 ملیۆن دۆلارەوە لە سالی 1972 بەرزبۆوە بۆ 23.4 ملیار دۆلار لە ساڵی 1979. بە سەرجەمی 36 ملیار دۆلار عێراق لە ساڵی 1980 بووە خاوەنی پاشەکەوتی دراوی قورس زیاتر لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو یابانیش (بڕوانە خشتەی ژمار 2).

پاشەکەوتی دراو 1981/1980 (بە ملیار دۆلاری ئەمریکی)

| | |
|---|---|
| ئەلمانیای فیدرالی | 52,3 |
| فەرەنسا | 31.0 |
| ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا | 27,4 |
| ئیتالیا | 26,1 |
| یابان | 25,7 |
| بەریتانیا | 21,5 |
| سویسرا | 19,4 |
| عێراق | 36,5 |

(خشتەی ژمارە 2)
سەرچاوە: ناوچەی کەنداو لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، چاپخانەی ,1991.(Kohlman) کۆلۆنیا، بەزمانی ئەڵمانی.

بەم شێوەیە چ حکومەت و چ حیزبی بەعس ئەوەندە پارەیان لەدەستدابوو بێگیروگرفت دەیانتوانی خەرجی هەموو پڕۆژە گەورەکان دابین بکەن جگە لەوانەش قەرزی گەورەش بدەن بە بازرگانە گەورەکان. کەواتە لێرەدا ئەو پرسیارە دەکەم ئایا چ پێویستیەك بەو هێرشە کوتوپڕەی عێراق هەبوو بۆ سەر ئێرانی هاوسێ؟

کە، لە 1988/8/8 جەنگی نێوان عێراق / ئێران کۆتایی هات جەنگی عێراق دژ بە کوێت لە ڕۆژئاواش لە بیروهۆشی کەسدا نەبوو. عێراق لە دوای جەنگی هەشت ساڵەی ئێران خۆی لە بارودۆخێکی ناهەمواردا بینیەوە، بەهێزو بێهێزیش لەهەمان کاتدا. حکومەتی عێراق لە دوای وەستانی جەنگەکە هەر هێشتا خاوەنی 55 فیرقە سوپا بوو، یەك ملیۆن سەربازی خاوەن ئەزمونی جەنگ، هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە فڕۆکەی سەربازی میراجی F1 فەرەنسی و فڕۆکەی 29 MiGی ڕوسی و فڕۆکەی تری مۆدێرن. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە دەبابەی مۆدێرن و چەکی کیمیاوی و ڕۆکێتی دورهاوێژ بۆ دووری 600- 900 کم و هەندێکی تری دەگەیشتە دووری 2000 کم[28]، بەڵام لەڕووی داراییەوە دەولەت بەتەواوی ئیفلاسی کردبوو. لە سەرەتای جەنگدا لە 1980 حکومەتی عێراق خاوەنی 36 ملیار دۆلار پارەی پاشەکەوت بوو، بەڵام لە دوای جەنگەکە لە 1988، 80 ملیار دۆلار قەرزاری ولاتانی دەرەوە بوو (بڕوانە خشتەی ژمارە1).

[28] Jochen Hippler, Die Neue Weltordnung , Hamburg, 1991, S. 114.

قەرزاریی عێراق و پاشەکەوتی بە/ ملیار دۆلاری ئەمریکی

| | قەرزاریی دەرەوە | پارەی پاشەکەوت |
|---|---|---|
| 1980/81 | 2 | 36 |
| 1982/83 | 17 | 6 |
| 1985 | 42 | 1 |
| 1990 | 80 | 1 |

سەرچاوە[29]:
(خشتەی ژمارە 1)



باسی سێیەم
( هۆکارەکانی داگیرکردنی کوێت لە دیدی حکومەتی عێراقەوە )

ئەو فاکتەرانە کەم نین سەبارەت بە داگیرکردنی کوێت لە لایەن حکومەتی بەعس کە بە پلەی سەرەکی بریتین لە هۆکاری ئابووری و سیاسی، بەڵام فاکتەرە جوگرافی، مێژوویی، ئایدیۆلۆژی و سایکۆلۆجی هەروەها سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەش بەشێکن لەو فاکتەرانە. هۆکارە مێژووییەکە

[29] Institut of International Finance, Washington D.C

خۆی لە دابەشکردنی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا دەبینێتەوە بەهۆی سیاسەتی هێزە کۆلۆنیالیستەکانەوە، دیاردەیەك کە کێشەی سنوریی لەگەڵ خۆیدا هێنا نەك تەنیا لە نێوان عێراق و کوێتدا.

دەستکەوتی سالانەی حکومەتی عێراق لە نەوت بەبری 13 ملیار دۆلار نەیدەتوانی تەنانەت خەرجیەکانی عێراق یەکسان بکاتەوە کە دوای جەنگی ئێران هاتبوە ڕێگای. عێراق 12 ملیار دۆلاری خەرج دەکرد بۆ هێنانی شمەکی مەدەنی، 3 ملیار بۆ کڕینی خواردەمەنی، زیاتر لە 5 ملیار دۆلار بۆ کڕینی چەك و کەرەسەی چەك هەروەها 5 ملیار دۆلار بۆ گێڕانەوەی قەرزەکانی دەرەوەی عێراق. بەم شێوەیە عێراق سالانە 12 ملیار دۆلار زیاتری پێویستبوو بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییە ئابووریەکانی. ئەوە جگە لەوەی دوبارە چاککردن و ئاوەدانکردنەوەی ولات لە ئەنجامی جەنگەکە پێویستی بە پارەیەکی زۆر دەبوو. لە ئەنجامی ئەوەی کە حکومەتی عێراق 80 ملیار دۆلار قەرزاری دەرەوە بوو وای لە حکومەتە بیانیەکان و کارگەکانی دەرەوە کرد کە چیتر قەرز نەدەن بە حکومەتی عێراق و کار لەو پڕۆژانە نەکەن لە عێراق ئەگەر پارەکەی ڕاستەوخۆ نەدرێ[30]. بەڵگەیەك بۆ خراپبوونی سەقامگیریی دەوڵەتی بەعس. بەگشتی کێشەی ئابووری ناو ولات لە بارێکی زۆر خراپدا بوو. بەزمان و سیاسەتی فشار سەدام حسێن هەوڵی ئەدا ولاتەکانی کەنداو بجوڵێنێت دەست لە قەرزەکانی عێراقیان هەڵبگرن بۆ ئەوەی بەم شێوەیە عێراق دەخیلە خاڵیەکەی دەوڵەت پڕبکاتەوە. ئەوە یەکێك بوو لە ستراتیجیەکانی سەرۆکی ڕژێمی عێراقی. ستراتیجیەتێکی تری ئەم سیاسەتەی بریتی بوو لەوەی کاریگەریی لەسەر نەوتی بازاڕی جیهان بە قازانجی پێویستی دارایی عێراق دروستبکات. داگیرکردنی کوێت هیچ پەیوەندیەکی بە ناکۆکی نێوان زلهێزەکانەوە نەبوو بەڵکو تەنیا پەیوەندی بە بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتی بەعس خۆیەوە هەبوو[31] کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

1) کوێتیەکان زۆر دەوڵەمەندن و خاوەن سامان و وەبەرهێنانی گەورەن لە دەرەوە. دەست گەیشتن بەم سامانە کێشە داراییەکانی عێراقی چارەسەر دەکرد[32].
2) دەستگەیشتنی عێراق بە دەریا ئەوەش بە ڕێگای داگیرکردنی بەندەری کوێت. ئەوەش بۆ عێراق بە تەنیا گرنگیی ئابووری نیە بۆ مەبەستی بازرگانی بەڵکو گرنگیی سیاسی و سەربازی گەورەشی هەیە[33].
3) بە داگیرکردنی کوێت عێراق دەبوە خاوەنی 20% ی سەرجەم پاشەکەوتی نەوتی جیهان. ئەوەش دەبوە بەهێزکردنی پێگەی سیاسی عێراق لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی[34].
4) عێراق ئەو کاتە هەوڵی ئەدا کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت دروستبکات و بەرزبکاتەوە لە نێو ڕێکخراوی ئۆپیکدا[35].

---

[30] Efraim Karsh/Inari Rautsi, Die Invasion, in: Krieg und Frieden am Golf, Frankfurt, 1990, S. 57.
[31] J. Hippler, Die neue Weltordnung, S. 114
[32] Werner Ruf, Vom Kalten Krieg zur heissen Ordnung, Hamburg, 1991, S. 47.
[33] E. Wirth, Irak und seine Nachbarn, Freiburg, 1991, S. 34-35.
[34] Salar Basira, Der zweite Golfkrieg, in: Zeitschrift für strategische Studien (Journal of the centre of strategic studies), Nr. 1, 10.02.2002, Sulaimania/Irak, S. 47-52 (kurdisch).
[35] International Institute for Strategic Studies (London) , The Military Balance 1990/1991, London 1990; and Iraqs Armed Forces – Equipment.



US-Soldaten, toter Iraker am Mutla Ridge: „Sehr brutale Dinge"

5) ڕژێمی بەعس بۆ داگیرکردنی کوێت ئاماژە بە کۆمەڵێك هۆکار ئەدات لەوانە کوێت کاتی خۆی.

سەربازێکی عێراقی کوژراو لەجەنگی دوەمی کەنداو. گۆڤاری شپیگلی ئەلمانی ژمارە 1991/15

6) سەر بە ویلایەتی بەسرە بووەو سەر بەعێراقەو وەك پارێزگای نۆزدەی عێراق ناوی دەبرد، بەڵام هۆکارە سەرەکیەکە لە ڕاستیدا هۆکاری ئابووری بوو، هەروەها سەدام حسێن کە کاری بۆ بەکاریزما بوونی خۆی دەکرد دەبوایە کاری پاڵەوانانە ئەنجام بدات بۆ گێڕانەوەی دەموچاوی دۆڕاوی لە جەنگی ئێراندا، هەربۆیە داگیرکردنی کوێت و هەڕەشە قورسەکانی کە بە چەکی کیمیایی نیوەی ئیسرائیل ئەسوتێنێ دەبێت لەم ڕوانگەیەوە ببینرێت[36].

باسی چوارەم
بەداگیرکردنی کوێت، عێراق دەبوە خاوەنی 20% ی نەوتی جیهان[37]

---

[36] هەمان سەرچاوە

[37] Jochen Hippler, Die neue Weltordnung, S. 114.

کوێت ولاتێکی زۆر دەوڵەمەندەو سێیەم گەورەترین پاشەکەوتی نەوتی جیهان لەم ناوچەیەدا کۆبۆتەوە. بەداگیرکردنی کوێت ڕژێمی بەعس لە عێراق دەبوە خاوەنی 20% ی نەوتی جیهان. هەرلایەنێکیش ببێتە خاوەنی ئەم سامانە بەواتا دەبێتە خاوەن دەسەلاتی سیاسیش و کاریگەریی لەسەر نرخی نەوت و بازاری جیهان و بازرگانی و زۆری تریش دەکرێ ببێت. لە ئەنجامی جەنگەکەی ئێران، عێراق لەلای دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی کەنداو کەوتبوە ژێر باری قەرزاریەکی گەورە کە دەگەیشتە (30 – 35) ملیار دۆلاری ئەمریکی. عێراق بەتەنیا نزیکەی 12-10 ملیار دۆلار قەرزاری کوێت بوو. بە داگیرکردنی کوێت حکومەتی عێراق ئەم کێشەیەشی چارەسەردەکردو قەرزەکە دەکوژایەوە. هەروەها ئەو کاتە ڕوون نەدەبوو ولاتەکانی تری کەنداو بە چ شێوەیەك قەرزەکانی خۆیان لە عێراق دەسەندەوە. لە هەمان کاتدا بە داگیرکردنی کوێت نرخی نەوت لانی کەم بۆ ماوەیەکی نزیك بەرزدەبۆوەو کاریگەریی عێراق لەسەر دانانی نرخی نەوت لە چوارچێوەی ڕێکخراوی ئۆپێکدا بەرز دەبۆوە. بەواتا ئەگەر داگیرکردنەکەی کوێت بۆ هەمیشە سەرکەوتوو بوایە ئەوا قەیرانی ئابووری و قەرزی عێراق بەیەك گوژم چارەسەر دەبوو (بڕوانە خشتەی ژمارە 3).

قەرزەکانی دەرەوەی عێراق سەرەتای ساڵی 1990

| ولاتە قەرزدەرەکان | ڕێژەی قەرزەکە |
|---|---|
| ڕۆژئاوا (ئەمریکاو ولاتەکانی بازاڕی ئەوروپای هاوبەش) | نزیکەی 35 ملیار دۆلار |
| سعودی عەرەبی + یەکێتی ئیماراتی عەرەبی | 35-20 ملیار |
| کوێت | 10–12 ملیار |
| سۆڤیەت + بلۆکی ڕۆژهەلات | 10 ملیار دۆلار |

سەرجەم نزیکەی 80 ملیار دۆلار
سەرچاوە[38]
(خشتەی ژمارە 3)

(1) قەرزی فەرەنسا بۆ عێراق نزیکەی 10 ملیار دۆلار، زۆربەی بۆ مەبەستی چەك کڕین.

(2) هەروەها ولاتە نەوتیەکانی کەنداو لە ناوچە بێلایەنەکەی نێوان عێراق و کوێت لە ژێر ناوی بەکارهێنانی نەوتی عێراق لە ڕێژەی ئۆپێکدا بە نزیکەی 30 ملیار دۆلار نەوتی خامیان لێبردە بازاڕەوەو قازانجەکەیاندا بە عێراق بۆ خەرجی جەنگ.

(3) لەم خشتەیەدا قەرزی یەکێتی سۆڤیەت بۆ حکومەتی عێراق بریتیە لە شەش ملیار دۆلار، زیاتر بۆ مەبەستی چەك کڕین و ناردنی بۆ عێراق بوو.

[38] Eugen Wirth, Der Irak und seine Nachbarn, in: Die Golfregion in der Weltpolitik, Köln, 1991, S. 33

## باسی پێنجەم
## ( حکومەتی بەعس داوای دەست هەڵگرتنی قەرزەکانی سەر عێراق دەکرد )

بە تایبەت دابەزینی نرخی نەوت لە ناوەڕاستی ساڵی 1990 دەکرێت تێکچونێکی خراپی لە بارودۆخی سەدام حسێن دروستکردبێت. هەموو هەولێك بۆ بەرزکردنەوەی نرخی نەوتی خام بۆ نزیکەی 22 دۆلار دیار بوو بێئەنجام بوو. ناکۆکیەکە پەرە دەستێنێ و حکومەتی عێراق بە توندی حکومەتی کوێت و یەکێتی ئیماراتی عەرەبی تۆمەتبار دەکات بەوەی لە 1990/6/27 وە زۆر زیاتر نەوتیان دەرهێناوە وەك لەو ڕێژەیەی ڕێکخراوی ئۆپێك دیاریکردوە بۆ ئەوەی نرخی نەوت لە بازاڕی جیهاندا بخەنە ژێر پاڵەپەستۆوە. سەدام حسێن لێرەدا دەڵێت بەهۆی ئەم زۆر نەوتی خام دەرهێنانەی هەردوو ئەو دەوڵەتەوە عێراق زیانی 14 ملیار دۆلاری لێکەوتوەو بەم هۆیەوە داوای لێخۆشبوون دەکات لە هەموو ئەو قەرزانەی کاتی جەنگەکەی لەگەڵ ئێراندا، گوایە عێراق کاتی خۆی لەم جەنگەدا کوێتیشی پاراستوە لە مەترسی ئێران. حکومەتی عێراق ئەمیری کوێت تۆمەتبار دەکات بەوەی لە ناوچەی دەرهێنانی نەوت لە ڕومەیلە کە کەوتوتە نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و کوێت لەسەر ئەو سنورەی کە هەمیشە جێگەی ناکۆکی ناوچەی سەر سنوریان بووە بەوەی گوایە کوێت لە ساڵی 1980 وە نەوتی عێراقی بە نرخی 2.4 ملیار دۆلار دزیوەو دەبێت کوێت بۆ عێراقی بگێڕێتەوە[39].

---

[39] E. Wirth, Irak und seine Nachbarn, in: Die Golfregion in der Weltpolitik, Köln, 1991, S. 34.




)بڕوانە ناوچە نەوتیەکەی ڕومەیلە لە نێوان سنوری عێراق و کوێت دا)
سەرچاوە[40]

باسی شەشەم
( بەرژەوەندیەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداودا )

بە تەنیا ڕزگار کردنی کوێت مەبەست نەبوو بەڵکو دورخستنەوەی عێراقیش بوو وەك هێزێکی کاریگەر لە کەنداو. جەنگی عێراق/ ئێران بۆ هەردوو بەرەی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات بەسوود بوو. بۆ ڕۆژئاوا جگە لە بازرگانی چەك لەگەل دوو دەوڵەتی جەنگەکە، لە دیدی ڕۆژئاواوە وەك دوو دەوڵەتی مەترسیدار دەبینران کە دەیانویست نفوزی خۆیان لە ناوچەکەدا بەهێز بکەن. هەربۆیە ڕۆژئاوا دەیویست بەو جەنگە دورودرێژە ئەو دوو دەوڵەتە یەکتر لاواز بکەن. بۆ بەرەی ڕۆژهەلاتیش سەرچاوەیەکی باشی فرۆشتنی چەك بوو. بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە کەنداوی عەرەبی / فارسی بە عێراق و کوێتیشەوە بەندە بە ڕاگرتنی سەقامگیری لە سەرجەم ناوچەکە، سەقامگیریەك بە ویستی ئەمریکا بۆنمونە پاراستنی هاتوچۆی نەوت لە مەزیقی هۆرمز. سعودی عەرەبی، کوێت و دەوڵەتە عەرەبیەکانی تری کەنداو لە جەنگی دوەمی جیهانیەوە بۆ ئەمریکاو ولاتە ئەوروپیەکانی ڕۆژئاوا چەندین رۆڵی جیاوازیان گرتۆتەخۆ، لە گرنگترینیان:

(1) پاراستنی ڕێگای هاتوچۆی نەوت.
(2) بۆ سیاسەتێکی نزمی نرخی نەوت بۆ بەرژەوەندی تاك دەولەت.

[40] / Eugen Wirth, Irak und seine Nachbarn, in: Die Golfregion in der Weltpolitik, Köln, 1991, S. 36

(3) کۆنترۆل و بەرەنگاریکردنی ئەو لایەنانەی بەرژەوەندی دەولەتانی هاوپەیمان و ناوچەو زلهیزەکان دەخەنە مەترسیەوە، هەروەها ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی کاریگەریی سیاسی تاك دەوڵەت و نادەولەتیی لە ناوچەکەدا[41].

عێراق و ئێران لەکاتی ڕوخانی شای ئێرانەوە هەلوێستێکی دژیان نواند بەرامبەر بە دەوڵەتە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە کەنداو، ئەوە لە کاتێکدا هەردوکیان ڕژێمی سەرکوت کەرن، کەچی ڕوخانی ڕژێمە جۆربەجۆرە ئەمیرو دەرەبەگەکانی کەنداو ببوە مەبەستیان کە وەك فاکتەری هەڕەشە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاش دەبینرا. هاوکات هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێران بەشێوەیەکی توند بۆ سیاسەتی بەرزبونەوەی نرخی نەوت هەوڵیان ئەدا. پێویستیەك کە بەهۆی خەرجی جەنگەکەی کەنداوەوە (عێراق / ئێران) دروستببوو. ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو فەرەنسا لەکاتی جەنگی یەکەمی کەنداو پشتگیری ڕژێمی عێراقیان دەکرد بۆ ئەوەی هەڕەشەی ئێران بۆ ناوچەکە بە دوور بگرن و هەروەها مەبەستیان بوو ئەم جەنگە درێژە بخایەنێ. ئەگەر ئەمریکا لە دوای داگیرکردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە بەتوندی لاینەدایەتە بەرەی شێخ و ئەمیرەکانی کەنداو ئەوا زۆر لەوانەبوو ئەو لایەنانە ناچار چ لە لایەنی سیاسیەوە وە لە سیاسەتی نرخی نەوتدا دەبوایە خۆیان لە عێراق نزیك بکردایەتەوە. ئەو ولاتانە ئەو کاتە ئەو تێبینی و دیدەیان دەبوو کە پەیمانی ئەمریکا بۆ پارێزگاری کردنیان بێکەلکەو تیۆریەو کاریگەریی سایکۆلۆجیشی لەسەریان دروستدەکرد. ئەو کاتە دەبوایە لەگەڵ بەغدا رێگەچارەو ڕێکەوتنیان بۆ کێشەکە بدۆزیایەتەوە. ئەو کاتە عێراق دەبوە هێزێکی گەورە لە ناوچەی کەنداوداو لەم حاڵەتەدا ئەمریکا بە گران دەیتوانی ناوچەکە کۆنترۆڵ بکات و بخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.



باسی حەوتەم
( ئەمریکاو پاراستنی بەرژەوەندی ولاتە پیشەسازیەکانی تر )

---

[41] J. Hippler, Die neue Weltordnung, S. 118.

فاکتەرێکی تر کە ڕۆلی خۆی دەبینێت لەوەدایە ئەمریکا لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی دەبوایە بەرژەوەندی ولاتە پیشەسازیەکانی تریش بپارێزێت. تەنانەت ئەگەر ئەمریکا خۆی دەست لە نەوتی ناوچەی کەنداو هەڵبگرتایە (ئەمریکا لەپێش قەیرانەکەی کەنداو تەنیا 3.6 %ی پێویستی سەرجەمی نەوتی لە کوێت، 7.1% لە عێراق و لە سعودی عەرەبی هاوردە دەکرد)، بەڵام ئەو ولاتانەی تر بە پێچەوانەوە. فەرەنسا ئەو کاتە 35%ی پێویستی نەوتی لە کەنداوەوە وەردەگرت، یابان تەنانەت 64%. بە بیروڕای ئەمریکا ئەم جۆرە قەیرانە لە ولاتە ئەوروپیەکاندا یان لە یابان کاریگەریی گەورەی دەبوو لەسەر ئابووری ئەمریکی چونکە بەشێکی شمەکی ئەمریکی لە ئەوروپاو یابان ساغ دەبنەوە[42].

ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە بارودۆخێکی نالەباردا بوو. ئەگەر ددانیان بە داگیرکردنی کوێتدا بنایە ئەوا هاوپەیمانە کۆنزەرڤاتیڤە کۆنەکانی خۆیان لە کەنداو دوو دڵ دەکردو ناچاری نزیک بونەوەیان دەکردن لە بەغدا. ئەگەر ددانیان بە داگیرکردنی کوێتدا نەنایە ئەوا دەبوایە خۆیان لەبەردەم هەنگاوی دژ ببینیایەتەوە. ئابڵوقەی سەر عێراق دەکرا زۆر دورودرێژ بخایەنێت و دەرفەتی ئەدا بە عێراق خۆی بۆ پلانی دژ ئامادە بکات. لێرەدا دەبوایە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە نێوان ئۆپەڕاسیۆنێکی سەربازیی خێراو پڕ مەترسی، یان بۆ هەنگاوێکی مەدەنی دورودرێژخایەن بڕیار بدات کە لە ئەنجامدا لەوانەیە سەقامگیری سەرجەم ناوچەکە تێکبچوایە. دیدی ئەوکاتەی هەندێ لە ئەمریکیەکان ئەوە بوو کە ئایا ڕزگارکردنی کوێت لەڕاستیدا ئەم موجازەفەیە دەهێنێت؟

بەشی حەوتەم
(جەنگی سوریاو ڕۆل و سیاسەتی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی )
(خوێندنەوەیەکی سیاسی و ئابووری)

ناوەڕۆك


تەوەری یەکەم
(1) کورتەیەك دەربارەی سوریا
(2) سەرەتای دروستبوونی ناکۆکی و جەنگی سوریا

تەوەری دوەم
(1) سیاسەتی ئێران لە سوریا
(2) سیاسەتی تورکیا لە سوریا
(3) ئەمریکا، ڕوسیاو تورکیا لە جەنگی سوریادا
(4) ڕۆلی کورد لە کوردستانی سوریا
(5) سوریاو تاقیکردنەوەی چەك


---

[42] Jochen Hippler , US-Interessen am Golf , in: Tageszeitung 20.8.1990.

## تەوەری سێیەم
## وزە هۆکارێکی گرنگی جەنگی سوریا

### تەوەری یەکەم
### (1)
### کورتەیەك دەربارەی سوریا

کۆماری سوریا لە سالی 1930 دامەزراو لە سالی 1946 بووە دەولەتێکی سەربەخۆ. لە سالی 1963وە لە ئەنجامی کودەتاوە حیزبی بەعس بە شێوەیەکی دیکتاتۆرانە حوکمی سوریا دەکات.

کۆماری عەرەبیی سوریا دەولەتێك لە ڕۆژهەلاتی نزیك. لە باشورەوە سنوری لەگەل ئیسرائیل، لە ڕۆژئاواوە سنوری بە لوبنان و دەریای سپی ناوەڕاستەوە هەیە. لە باکورەوە سنوری بە تورکیاو، لە بەرەی ڕۆژهەلاتیشەوە سنوری بە عێراق و لە باشوریش بە ئەردەنەوە هەیە. دورگەی قوبروس نزیکەی 125 کم لە قەراغ دەریای سوریاوە دوورە. بە ڕووبەری 185 هەزار کم دووجا سوریا نیوەی ڕوبەری ئەلمانیا دەبێت. لە سالی 2010 دانیشتوانی سوریا نزیکەی 21 ملیۆن کەس بووە. زیاتر لە نیو ملیۆن مرۆڤی تێدا کوژراوە، زیاتر لە پێنج ملیۆن سوریی بە هۆی بارودۆخی جەنگەکەوە هەلاتوون بۆ ولاتانی ناوچەکەو بۆ ئەوروپا. زیاتر لە شەش ملیۆن سوریی لەناو خاکی سوریا خۆی ئاوارە بوون. بەواتا نزیکەی 12 ملیۆن هاولاتی سوریی لەناو دەولەت و دەرەوەی دەولەتدا بوونەتە پەناهەندە، ئەوەش ژمارەیەکی زۆرە بۆ دانیشتوانی سوریا.

زۆرینەی دانیشتوانی سوریا عەرەبە کە دەکاتە 80% و زۆرینەی سونە مەزهەبەو زمانی فەرمی لە سوریا عەرەبییە. کورد دووەم گەورە گەلە لە سوریا کە خاوەن مێژوو، زمان و کەلتوری تایبەت بە خۆیەتی. ئەرمەنەکان لە نێوان سالانی 1025 و 1935 وەك پەناهەندە لە تورکیاوە چونەتە سوریا. دوو لەسەر سێیان لە حەلەب نیشتەجێن و نزیکەی 20% یش لە دیمەشق. ئەوانەی تریان بەسەر ناوچەکانی شارە گەورەکانی وەك ناوچەی جەزیرە نیشتەجێ بوون. هەروەها تورکومان و چەرکەسی سونە مەزهەب و ئاشوری لە سوریا هەن. بەدەر لەوە نزیکەی نیو ملیۆن پەناهەندەی فەلەستینی لە سوریا دەژی و بە هۆی بارودۆخی جەنگی عێراقیشەوە لە کۆن و نوێدا باس لە دوو سەد هەزار پەناهەندەی عێراقی دەکرێت لە سوریا کە ژمارەیەکیان لە ئاسوریەکانن، بەلام عەلەویەکان نزیکەی 12%ی دانیشتوان پێك دەهێنن کە حوکمی زۆرینەی سوریا دەکەن. بنەمالەی ئەسەد لە عەلەویەکانە. جگە لەوانە لە سوریا دروزی و یەزیدی و ژمارەیەکی کەمیش جولەکەی تێدا دەژی. یەزیدیەکان خۆیان وەك کورد پێناسە دەکەن کە زۆربەیان لە نێوان حەلەب و عەفرین و لە گوندەکانی لای عەمودەو قامیشلۆ دەژین.




ئەو ئاماژانەی سەرەوە ئەو ڕاستیەمان نیشان ئەدات کە سوریا وەك دەوڵەتێکی دەستکرد کۆمەڵگایەکی پلورالیستی و فرەییەو نەبوونی مافی گەلان و کەمینەو ئێتنیکەکان و مەزهەبە جیاوازەکان ئەمانیش هۆکارێکن بۆ ناکۆکییەکانی نێوان گەلانی سوریاو دەسەلاتی مەرکەزیی کەمینە. گونجاوترین چارەسەرێك بۆ سوریایەکی فرەیی و قۆناغی ئێستە سیستەمی فیدرالیە، لەبەر ئەوەی نیزامی سوری دوورە لەم بیرۆکەیە هەربۆیە فاکتەری دەرەکی دەتوانێت ئەو ڕۆڵە ببینێت، وەك ئەوەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دوای جەنگی دوەمی جیهانی لە ئەلمانیا کردیان بۆ بوون بە دەوڵەتێکی فیدرالی لامەرکەزی، دابەشبوونی دەسەلاتەکان بەسەر هەرێمەکانداو بێهێز کردنی دەسەلاتی مەرکەزیی. ئەم مۆدێلە بۆ دەوڵەتەکانی تری وەك تورکیا، ئێران و عێراق و هاوشێوەکانی گرنگ و پێویستن.

( 2 )

سەرەتای دروستبوونی ناکۆکی و جەنگی سوریا

دوای ئەوەی کە بە بەهاری عەرەبی ناودەبرێت و دواتر سوریاشی گرتەوە، سەرەتا بە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەستی پێکرد، دواتر گۆڕدرا بۆ ئاڕاستەیەکی توندوتیژی و دروستبوونی دەیان هێزو ڕێکخراوی سیاسی و چەکدار بە ئاڕاستەی سیاسی جیاوازو پەیوەندی دەرەکی جیاوازەوە. ئەم جەنگە، کە بە خوێناویترین و ئالۆزترین جەنگ لە ئێستای ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەژمار دەکرێت ئەویش لە دەرئەنجامی چوونە ناوەوەی چەندین لە دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێو دەوڵەتیی تێیدا کە هەریەکەو بە دوای ئامانج و بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری خۆی کەوتووە، دیاردەیەك نەك هەر

جەنگەکەی خوێناویترو ئاڵۆزو درێژخایەن کردوە بەڵکو چارەسەرەکانیشی قورس کردوە. گەورەترین قوربانییش لەم جەنگە قێزەونە خەڵکی مەدەنیە..

لە مانگی 5 ی 2015 داعش نیوەی خاکی سوریای کۆنترۆل کردبوو، کە تەنیا 15%ی دانیشتوانی سوریای لەسەر دەژی، لە کاتێکدا لە ناوچەکانی تری ڕۆژئاوای سوریا لە 13 پارێزگا 10ی کەوتۆتە ئەو ناوچانە کە زۆرینەی دانیشتوانی سوریای لێ دەژی وەك حەلەب، لازقیە، حمص، حەما، ئیدلیب و دیمەشق و. .. کە بەشێکی بەرچاوی لەژێر کۆنترۆلی حکومەتی سوریایەو ئەوەی تری لەلایەن سوپای ئازادی سوریا، کورد، سوپای دیموکراتی سوریا، هەروەها داعش، القاعیدەو بەرەی نوصرە کە بە هاوکاری لایەنی دەرەکی وەك تورکیا تانوسینی ئەم وتارە کۆنترۆل کراوە. بەشێکی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو سوریا هاوکات دژ بە یەکتریش دەجەنگن. جگە لە کورد کە هاوپەیمانی ئەمریکایەو فەرەنساش هاتە سەر خەت چیتر ئەوانی دی لە لایەن سعودی (ئێستە لێی کشاوەتەوە)، قەتەرو تورکیاوە پشتگیری دەکرێن، بەتایبەت حکومەتەکەی ئەردۆگان.
شەڕەکانی سوریا بریتی نیە تەنیا لە یەك شەڕ بەڵکو چەندین شەڕەو لەلایەن شوێن و زەمەنیشەوە گەمەکەرەکان و هەروەها ئامانجەکانیشیان هاوشێوە نیە.

بەهاتنە ناوەوەی داعش بۆ ناو جەنگی سوریاو خێرا گەشەکردنی و ئیدیعای دروستکردنی خەلافەتێکی ئیسلامیی ( لە دەولەتەوە بۆ خەلافەت) کە لە عێراق و شامەوە دەست پێبکات ڕویەکی بە جیهانی کردنی جەنگی سوریای لێکەوتەوە بەتایبەت کە داعش بووە هەڕەشە بۆ ئەورووپاو ڕۆژئاوا بەگشتی و بووە هەڕەشە بۆسەر ئاسایشی جیهانی و بەرژەوەندیە نێودەولەتیەکانیان لە ناوچەکەش و کارە تیرۆریستیەکانیان گەیشتە بەردەم دەرگای ئەوروپاو ڕۆژئاوا بە گشتی.

ئەو ناوچەیەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە هەریەك لە هێزە ئیقلیمی و نێودەولەتیەکان بە دوای بەرژەوەندی خۆیەوە بووە بە سوریاشەوەو هەریەکەشیان بە دوای هاوپەیمانی خۆیدا دەگەڕێت و جەنگەکان بوونە جەنگی بە وەکالەت، بێ ئەوەی ئەمریکاو ڕوسیا ڕاستەوخۆ لە ڕووی سەربازیەوە ڕوبەڕووی یەکتر ببنەوە. ئەگەر لە سەرەتای جەنگی سوریاوە هێزەکان کۆك بووبن لەوەی داعش دوژمنێکی هاوبەشەو هاوبەش شەڕ بۆ لەناو بردنی بکرێت، ئەوا چیتر هێزەکان دوای سەرکەوتنیان بەسەر داعیشدا (لانی کەم لە ڕووی سەربازیەوە) شەڕ لەسەر دەستکەوتەکانیان دەکەن لە ئایندەی سوریاداو بۆ ئەم ئامانجە شەڕی یەکتریش دەکەن. ئەو لایەنەی بتوانێت کۆنترۆلی سوریا بکات ئەوا سنورێکی ڕاستەوخۆی بە دەولەتی ئیسرائیلەوە دەبێت. ئەگەر ئەو کۆنترۆل کردنە لە لایەن هێزێکی دژ بە ئیسرائیل بێت ئەوا ئاسایشی ئیسرائیل دەکەوێتە مەترسیەوە. ئەگەر بە پێچەوانەوە هێزێکی دۆستی ئیسرائیل کۆنترۆلی سوریا بکات ئەوا بەشێکی بەرچاوی سنوری ئیسرائیل پارێزراو دەبێت. لێرەدا لبنان عەزل دەبێت و پەیوەندی نێوان حیزبولا و ئێران دەبچڕێت.

خۆ ئەگەر ئەو دەسەلاتی کۆنترۆل کەرە ئەندامێکی ناتۆ بێت لەگەل سوریایەکی بێ ئەسەد پێکەوە لەگەل تورکیای ناتۆدا (نەك تورکیای ئەردۆگان) و هەروەها ئەردەنی هاوپەیمان دەتوانن پێکەوە پشتێنێکی ئەمنی بە دەوری ئیسرائیلدا دروست بکەن ئەگەر هاوکات بوون و کاریگەریی ڕوسیاو ئێران کەم بکەنەوە. ڕوخانی سوریای ئەسەد کاریگەریی نەرێنی گەورەی دەبێت لەسەر حیزبولاو لایەنە ئیسلامیە فەلەستینیەکانیش وەك حەماس، هاوکات بچڕانی هاوکاری و پەیوەندیەکانی ئێرانیش

بەو لایەنانەوە کە بەرێگەی سوریای ئەسەدەوە دەکرێت، ئەوەش هۆکارێکە بۆچی ئێران پشتگیریی ڕژێمی ئەسەد دەکات.




تەوەری دوەم

(1)

سیاسەتی ئێران لە سوریا

یەکێك لە ئامانجەکانی ئێران لە سوریا دروستکردنی رێگەیەکی وشکانیە بۆ سەر دەریای سپی ناوەڕاست. بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو پشتیوانی لە ڕژێمی بەعس بکات لە سوریا. ئێران لە ناو کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا پێگەیەکی لاوازی هەیە. بۆ بەهێزکردنی ئەم پێگە لاوازەی، ئێران دەیەوێت لەسەر ئاستی ناوچەکە خۆی بەهێز بکات و بە شوێن پەیداکردنی کارتی سیاسیەوەیە. بۆ ئەم مەبەستەش دەست دەخاتە ناو کاروباری لوبنانەوە بە رێگەی حیزبولاوەو پشتگیری کەرێکی قورسی حەماسە. لە یەمەن پشتگیری سەربازیی لە حوسیە شێعەکان دەکات و هەروەها بۆتە هەڕەشە لەسەر سعودیە، دەستی خستۆتە ناو کاروبارەکانی سوریاوە کە جێگەی قبوول کردن نابێت بۆ ئەمریکا. هەروەها ئاماژە بەوە دەدرێت لە هەوڵی دروستکردنی چەکی ئەتۆمدایە. ئێران بە ڕکابەریی ئەمریکا خۆی لە ڕوسیا نزیك دەکاتەوەو لەگەڵ ڕوسیاو سوریادا چونەتە هاوپەیمانیەکی هاوبەشەوە. خاوەن نفوزە لە عێراقداو پشێوی دروست دەکات و پشتگیری لەو لایەنە شێعانە دەکات وەك مالیکی و هادی عامری کە نزیکن لە ئێرانەوەو دژ بە ئەمریکاو سعودیەن و کار بۆ هاتنە سەر دەسەلاتی ئەوانە دەکات کە لە حکومەتی پێنجەمەی عێراقدا.

سوریا بۆ ئێران بنکەیەکی گرنگە بۆ پشتگیری کردنی حیزبولای شێعەی لبنانی لەسەر ئاستە جیاوازەکان و ئامرازێکی گرنگە بۆ دروستکردنی کاریگەریی لەسەر لبنان کە حیزبولای لێیەو

هەوالگریی سوریاش تێیدا ڕۆلی خۆی بینیوە. دەکرێ سێ کوچکەی سوریاو ئێران و حیزبولا بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژە پێبدەم :
جەنگی سوریا بۆتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر هاوپەیمانیی ستراتیجی ئێران و سوریاو حیزبولا. ڕژێمی سوریی پەیوەندیەکی ژیانیە لە نێوان ئێران و حیزبولا. بەم جەنگەی سوریاو لاواز بوون یان ڕوخانی ئەسەد هەڕەشەی تێکچوونی لەسەرە. پشتگیریی سعودیەو دەولەتەکانی کەنداو بە تورکیاشەوە بۆ میلیشیا سونەکانی کە دەیانەوێت ڕژێمی سوری بروخێنن سوریای کردۆتە ناوچەی شەڕی دەسەلات لە نێوان لایەنە شێعەکانی سەر بە ئێران و سونەکانی سەر بە لایەنە تورکی و عەرەبیەکان. هەربۆیە لە سوریا جەنگێکی بەوەکالەت ڕوو دەدات. لێرەدا ئێران پشتگیری ماددی و پێدانی چەك و هەوالگری و پاسداران و هێنانی شێعەکانی دەولەتە عەرەبیەکان دەکات بۆ پشتگیری ڕژێمی سوری. ئێران ڕێگری دەکات لە دروستکردنی ناوچەی دژە فڕین لە سوریا چونکە ڕێگای هەوایی خێراترین ئیمکانیەتە بۆ گواستنەوەی پێداویستیەکانی بۆ سوریا.
سوریا بۆ ئێران و حیزبولا هەموو شتێکە. لە ئەگەری ڕوخانی ڕژێمی سوریی و لە ئەگەری هاتنە سەر دەسەلاتی ڕژێمێکی سونی ئەوا حیزبولا هەڕەشی مان و نەمانی لەسەر دەبێت و گواستنەوەی چەك و پارە بە ڕێگەی دیمەشقەوە بۆیان کۆتایی دێت.

بەپێی پرۆژەیەك ئێران بە سەرپەرشتی خۆی دەیەوێت بە ڕێگەی حیزبولای لوبنانەوە ئەندامانی میلیشیا شێعەکانی سەر بە ئێرانن وەك ئەوانەی ئەفغانستان و لبنان. .. لە سوریا نیشتەجێ بکات، لەو شوێنانەی کە هەزاران خێزانی سوری بەهۆی جەنگەوە یان ئۆپۆزیسیۆن بونیانەوە شوێنی ڕەسەن و نیشتەجێ بوونی خۆیان جێهێشتوە. بە بڕیارێکی حکومەتی بەشار ئەسەد دەست بەسەر خانو و موڵك و ماڵی ئەو هاولاتیانە دەگیرێت کە سوریایان جێهێشتوە ئەگەر لە ماوەی یەك مانگدا نەگەرێنەوە ناوی، دیارە بریارەکە بۆ پرۆژەکەی ئێران و حیزبولایە. ئەو ڕاستیە نیشان ئەدات کە ئێران و ئەسەد کار لەسەر گۆرینی دمیوگرافیای سوریا دەکەن. لێرەدا بە ڕوونی دەبینرێت کە جەنگی سوریا بە تەنها جەنگێکی ئابووری نیە بەلکو سیاسیشە.

ئایا هەلوێستی ئەمریکاو ئیسرائیل چۆن دەبێت ئەگەر لە کۆتایدا ڕوسیاو ئێران ڕژێمی ئەسەد لە ڕوخان ڕزگار بکەن و خۆیان لە باکگراوندا کۆنترۆلی سوریا بکەن و مەترسیەکەش لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل بمێنێتەوە وەك هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکاو پایە گرنگەکەی لە ناوچەکە؟

لەگەل ئەوەشدا ئێران دیارە حسابێکی بۆ دۆڕاندنی ئەسەدیش کردبێت و لێرەدا چەند ئۆپشنێك هەن چۆن لەگەل ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد مامەلە بکرێت:
پێکەوە لەگەل ڕوسیا جێگرێك بۆ ئەسەد بدۆزنەوە کە جێگەی متمانەی سوپاو عەلەویەکان بێت و سەرۆکێکی بەهێزو جەماوەریی بێت کە ڕێگر نەبێت لە دورخستنەوەی ئێران لە سوریا. دلنیا کردنەوە لەوەی ئێران ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ مافی ڤیتۆی هەبێت لە پرۆسەی گواستنەوەدا دوای ئەسەدو هەروەها بەردەوامیدان بە ئێرانی کردنی سوپاو هەوالگریی سوری و بە ڕێگەی پاسداران و حیزبولاوە بۆ دژایەتی کردنی بەرەی ڕۆژئاواو سعودیەو ئیسرائیل.
لەم جەنگەدا بۆ ئێران تەنیا مەسەلەی سوریا نیە بەلکو مەسەلەی پردێکی وشکانیشە کە شێعەکانی ئێران بە شێعەکانی عێراق و عەلەویەکانی سوریاو هەروەها حیزبولای شێعەوە لە لبنان ببەستێتەوە

بەواتا ئێران کار لەسەر دروستبوونی هیلالێکی شێعی دەکات. سعودی وەهابیی تێکدانی ئەو سێ کوچکەیەی کردۆتە ئەرکێکی پیرۆزی خۆی. لێرەدا دیوە ئاینی و مەزهەبیەکەشی جەنگی سوریا بەدەر دەکەوێ گەرچی بەناوی ئاین و مەزهەبەوە سیاسەت پیادە دەکرێت بۆ ئامانجی تر. بەڵام بەهۆی جەنگی داعشەوە ئێران توانی کاریگەریی خۆی لەسەر هەریەك لە لبنان، عێراق و سوریادا زیاتر بکات، هاوکات قەیرانی ملیۆنان ئاوارە بوونی خەڵکی مەدەنی لێ کەوتەوە.

( چەکی ئەتۆم، قەیرانێکی نوێی ئەمریکاو ئێران )

ئیسرائیل و عەرەب بەتایبەت سعودیە ڕەخنەی توندیان لە باراك ئۆباما هەبوو کە دەرئەنجامی ئەو ڕێکەوتنە ئەتۆمیەی لەگەڵ ئێراندا بۆتە هۆی زاڵبوونی ئێران لە ناوچەکەدا، هەربۆیە دژ بەو ڕێکەوتنە بوون. ئێستە ئیسرائیل و ئەمریکاو دۆستە هاوپەیمانە عەرەبەکانی دەیانەوێ چەند پرسێکی تر بهێننە ناو ڕێکەوتنێکی نوێوە بەرامبەر بە ئێران. ئێران دەبێت واز لە تەدەخولات و هاوکاری کردنی هێزە دۆستەکانی بهێنێت لە ناوچەکەداو لەناو سنورەکەی خۆیدا تەسکی بکەنەوە. شتێك کە بۆ ئێران سەختە چونکە ئەم بۆ بەهێز بوونی خۆی لە ناوەوەو بۆ ڕاگرتنی تەرازووی هێز بەدوای کارتی سیاسیەوەیە لە دەرەوە بۆ بەکارهێنانی لەسەر ئاستی نێودەولەتی بۆ بەرژەوەندی خۆی. چەندین بابەتی تر وەك ڕۆکێتە دورهاوێژەکانی ئێران و بەهێز بوونی دەسەلاتەکەی لە کەنداودا بابەتی تر دەبن بەرامبەر بە ئێران. لێرەدا کشانەوەی ئەمریکا لەو ڕێکەوتنە ئەتۆمیە فشارەکانی سەر ئێران بەتینترو کاریگەرتر دەکات و ئێران تووشی قەیرانی قورسی سیاسی و ئابووریش دەکات کە ئەوە دیارە ستراتیژیی سەرەکی ئەمریکایە. ئەو دەولەتە ئەوروپیانەشی لەناو ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکی ئێراندان بەختەوەر نین بە هاتنەدەرەوەی حکومەتەکەی ترامپ لەو ڕێکەوتنە چونکە زیانبەخش دەبن لە لایەنی ئابووری و بازرگانیەوە لەگەڵ ئێراندا هاوکات قورسیشە بۆیان دژ بەو بریارەی ئەمریکا بوەستنەوە. ئایا بارودۆخی جەنگی تر لە ئایندەی ناوچەکەدا چۆن دەبێت قورسە پێشبینی پێشوەختەی بۆ بکەم، بەڵام بەرمیلە باروتەکە بەردەوام لە تەقینەوەدایە.

ئێستە لە سوریا فشارێکی گەورە هەیە لەسەر ئێران بۆ وەدەرنانی. هێرشە سەربازیەکانی ئەمریکا و دواتر ئیسرائیل بۆ سەر بارەگا سەربازییەکانی ئێران لە سوریا ئاماژەیەکی بەرچاوە، هەروەها بۆ ڕاکێشانی ئێران بۆ ناو جەنگێك کە ئێران خۆی بە دوور دەگرێت لە شەری ڕاستەوخۆی ئەمریکا چونکە دەرئەنجامەکەی دوڕاندن دەبێت بۆی بەتایبەت کە ئابووری ئێستەی ئێران بە مەودای دوور خۆی لەبەردەم جەنگێکی ئاوها ناگرێت. هاوکات خواستی ئەمریکا نیە هاوپەیمانەکانی وەك ئیسرائیل و سعودیە بەر زیان بکەون یان بکەونە بەر موشەکی حیزبولا. ئەوەی پەیوەندی بە سوریاوە هەیە دوای بریارەکەی ترامپ لەوە دەچێت بەم ڕێگەیەوە نفوزی ئێرانی لە سوریاش لاواز بکەن یان نەهێڵن.

(2)

سیاسەتی تورکیا لە سوریا

تورکیا وەك هێزێکی ئیقلیمی لە ڕووی مێژوویی و جوگرافیشەوە وەك ناوچەی نفوزی خۆی دەڕوانێتە سوریا ئەویش بەوەی کە سوریاش بەشێك بووە لە ئیمپراتۆیەتی تورکی / عوسمانی، لانی کەم ئیدیعای ئەوە دەکات. تورکیا وا دەیروانیە ڕژێمی سوری کە وەك سەرکردەکانی تری بەهاری عەرەبی بە ئاسانی دەڕوخێت و تورکیاش لە ڕێگای بەکرێگیراوەکانی خۆی بەناو ئۆپۆزیسیۆنی سوری حوکمی سوریا دەکات و فاکتەرێکی تری یارمەتیدەر بێت تورکیا بکاتە خاوەن هێزێکی

ئیقلیمی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، بەڵام لە هاوکێشەکەدا بووە لایەنێکی لاوازی جەنگی سوریا هەرچەندە خاوەن سوپایەکی گەورەیەو بە پێچەوانەی ئێرانەوە سنوری جوگرافیشی بە سوریاوە هەیە.
ئامانجێکی سەرەکی درێژخایەنی تورکیا ڕێگری کردنە لە دروستبوونی کیانێکی کوردی ئەگەر تەنانەت بەهێزبوونی داعشیشی لێ بکەوێتەوە، ئامانجێکی تری ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد بوو. تورکیا دەیەوێت وەك ئێران ببێتە خاوەن هێزێکی ئیقلیمی لە ناوچەکەدا، بەڵام دەرئەنجامی ئەو جەنگەی تورکیا لە سوریاو پشتگیری مادیی بۆ لایەنەکانی سەر بە خۆی، تورکیای ڕووبەڕووی خەرجیەکی زۆرو ملیۆنان پەناهەندە کردۆتەوە لە تورکیا. بەلای تورکیاوە باشترە داعش بگاتە سەر سنورەکەی وەك لە دروستبوونی کیانێکی کوردی لە تەواوی کوردستانداو بیانووی ئەوەی کورد لە ڕۆژاڤاو باکور دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی تورکیا دەستی کردوە بە هێرشێکی سەربازی دڕندانە بۆ سەر کوردو ترسی لە بەهێز بوونی کورد هەیە. ئەگەر بڕوانینە مێژووی سیاسی تورکیا بە ئەردۆگانیشەوە بە ڕوونی دەبینرێت تورکیا نەخۆشی و فۆبیای کوردی هەیە. تورکیای ئەردۆگان دوژمنایەتی کوردی لە باکورو ڕۆژاڤاشی خستوتە پێش بەرژەوەندیە نیشتیمانیەکانیەوەو ترسی ئەوەشی هەیە کە سەرکەوتنی ڕۆژاڤا کاریگەریی ئەرێنی هەبێت بۆ باکوری کوردستانیش و هەروەها بە پێچەوانەشەوە.
ئەردۆگان بە لاواز کردنی سوریا گەورەترین خزمەتی بە دەولەتی ئیسرائیل کرد. جگە لەوە شەڕڤانانی ڕۆژاڤا بە هەلتەکاندنی داعش لە باکوری سوریا گورزێکی کوشندەی لە ڕژێمەکەی ئەردۆگان دا چونکە ئامرازێکی کاریگەری لەدەست ڕژێمی تورکیا دەرهێنا کە پشتگیریی لە داعش دەکرد لە جەنگی سوریاشدا. شتێکی شاراوە نیە کە ڕژێمی تورکیا لەسەرەتای جەنگەکەوە پشتگیریکەری هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکان بووە بە داعشیشەوەو لە هەڵەی ستراتیژی گەورەدایە چونکە تورکیا بەوە دۆسیەیەکی مەترسیداری داوەتە دەست ئەمریکاو فەرەنساو هاوپەیمانەکانی کە دەتوانن دژ بە تورکیا بەکاری بهێنن لە حالەتی پێویستدا.
تورکیای ئەردۆگان دەیەوێت هاوشێوەی ئێران ببێتە هێزێکی ئیقلیمی و ئەمیش بەشوێن کارتی سیاسیەوەیە (تورکیا لە سوریا، بە هێزی سەربازی و پرۆژەی ئابووری لە سۆدان، لە صۆمالیا، قەتەر، باشوری کوردستان، قوبرص و هەڕەشەکانی لە یۆنان. .. ). جیهان بە پێچەوانەی سەردەمی جەنگی سارد کە دوو جەمسەریی بوو ئێستە بوەتە فرە جەمسەریی (ڕوسیا، ئەمریکا، صین، یەکێتی ئەوروپا) و هێزی تری ئیقلیمی دەیانەوێت دەربکەوون وەك ئێران و تورکیا لە ناوچەکەدا. ڕوسیاو صین لەوانەیە ببنە پشتگیریکەری ئەم لایەنانە وەك ئەوەی کۆریای باکور دژ بە ئەمریکاو ڕۆژئاوا، بەڵام ئایا ئەمریکاو ئەوروپا ئەوە پەسەند دەکات کە بەرژەوەندیە نێودەولەتیەکانی بکەونە مەترسیەوەو تورکیاش وەك ئێران خوازیاری دروستکردنی چەکی ئەتۆمە. لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستیانە نەخشەی سیاسی ناوچەکەو ناکۆکیە نێودەولەتیەکان بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئایا چەندین جەنگی تر ڕودەکەنە ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست. ئەوەی لە سوریا دەگوزەرێت نمونەیەکی بەرچاوە کە تێیدا دەکرێت سیاسەت و شەڕە ئیقلیمی و نێودەولەتیەکانی تێدا بە ڕوونی ببینرێت. ئەی کوردێکی بێ دەوڵەتی کۆلۆنی ولاتە ئیقلیمیەکان لەناو ئەم گێژاوەدا چارەنوسی چۆن دەبێت و چۆن سیاسەت پیادە بکات؟ هەرچەندە گەلە بێ دەولەتەکان و کەمینە سیاسیەکان لەناو ئەو دەولەتانەدا دەکرێ ڕۆڵ ببینن لە ناکۆکیە ئیقلیمی و نێودەولەتیەکاندا ئەگەر لە یاریە سیاسی و دبلۆماسیەکان سەرکەوتوبن. باشوری کوردستان ئەم دەرفەتەی بۆ هاتە پێشەوەو بووە دەولەتێکی ئیعلان نەکراو، بەڵام ئەقلی سیاسی تێیدا سەرکەوتو نەبوو.

تورکیای ئەردۆگان بەرامبەر بە بەرهەڵستیەکانی عەفرین زۆرێك خۆی بچووك کردەوە چونکە بەو هەموو هێزەوە نەیتوانی ئامانجە سەربازیەکانی خۆی بپێکێت لەوەی کە لەبەردەم ڕای گشتی تورکیا ئیدیعای بۆ دەکرد کە لە چەند ڕۆژێکدا عەفرین داگیر دەکات، بەڵام شکۆی سەربازیی شکا. بە هۆی ڕەفتارە دڕندەییەکانی ئەردۆگان دژ بە کورد لە باکورو ڕۆژاڤا بابەتی کوردی کردۆتە بابەتێکی ئیقلیمی و نێودەولەتی و پرسی فەلەستینی تا ڕادەیەکی زۆر وەلا ناوە. کێشەیەکی تری تورکیا کێشەی ئەو ژمارە زۆرەی پەناهەندە سوریەکانیشە کە تورکیا خۆی پشکی سەرەکی بەردەکەوێت لێی بەهۆی بەشداربوونی لە جەنگی سوریاداو بۆتە کێشەیەك بۆ تورکیاو ناوچەکە بە ئەوروپاشەوە. لێرەدا ئەو بەناو ئۆپۆزیسیۆنەی سوپای ئازادی سوریا بەشێکیان بوونەتە تیرۆریست لەژێر کۆنترۆلی تورکیادا. لەم جەنگەی سوریادا بە ڕۆژاڤای کوردستانیشەوە ئەوەندەی گەمەکەرەکان تێیدا بەشدار بن ئەوەندە زیاتر وەك دەیبینین ڕەوشەکە ئالۆزتر دەکات. تورکیا وەك ئەندامێکی هاوپەیمانی ناتۆ و گوایە هاوپەیمانی ئەمریکاو ئەوروپایە کەچی لە سەرەتای جەنگی سوریاو داعیشەوە تەواوی سیاسەتەکانی دژ بە ئەمریکاو ئەوروپا بووە.
بۆ گونجاندنی کۆمەڵگەی تورکی لەگەڵ سیاسەت و ئایدیۆلۆژیاکەی خۆیدا تورکیای ئەردۆگان کار بۆ کۆمەڵگایەکی ئیسلامی، ئیخوانی توندڕەوی ناسیۆنالیستی تۆتالیتێر دەکات. تورکیای ئەردۆگانیش هاوشێوەی سیستەمە تۆتالیتارەکان دەیەوێت پەل بۆ دەرەوەی سنورەکانی خۆی بهاوێژێت، بەڵام پێشتر دەبێت سەقامگیری ناو دەولەتەکەی دەستەبەر بکات و ئەوەش تەنها بە حوکمی ئیرهاب دەکرێت. ئەردۆگان خەو بە دوبارە دروستکردنەوەی ئیمپراتۆریەتی تورکی عوسمانی دەبینێت و خۆی ببێتە سولتانی ئیمپراتۆرەکە کە بۆ سەردەم و زەمەنی ئێستەی نێودەولەتیی لەخەوی دیکتاتۆرێك زیاتر هیچی تری لێ دروست نابێت، ئەو دیکتاتۆرانەی کە لە مێژووی سیاسی فێر نابن، بەڵام ئێستە تورکیا خۆی گرفتاری کێشەو جەنگی سوریاو کورد کردوە کە دەرەنجامەکانی بۆ سەر ناوخۆی ولات نەرێنین و خەرجی جەنگەکەشی لە سوریاو ڕۆژاڤاو باکوری کوردستان ڕێژەیەکی زۆرە هەمان ئەوەی ڕووی لە ئێرانیش کردوەو باری ئابووری ئەو دوو دەولەتە لە قەیراندایەو ئابوورییش بڕبڕەی پشتی دەولەتە. ئابووری تورکیا لە دۆخێکی خراپدایەو بەهای لیرەی تورکی بە ڕێژەیەکی زۆر هاتۆتە خوارەوە.

(3)
( ئەمریکا، ڕوسیا، تورکیاو سعودی لە جەنگی سوریادا )

ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە هەیە لەوە دەچێت چیتر کەوتنی ڕژێمی بەشار ئەسەدی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبێت ئەوەندەی لاواز کردنی داعش و ڕوسیاو ئێرانی مەبەستە بەتایبەت کە زلهێزەکان بەدوای هاوسەنگیی هێزەوەن لە سوریاش و لەوە دەچێت ئەمریکا پێویستی بە هاوپەیمانی بەهێز هەبێت لە سوریا کە لە هاتنی فەرەنساش خۆی نمایش دەکات. من وای دەبینم ئەمریکا سوریا جێناهێڵێت بێ ئەوەی شوێن پێی خۆی قایم نەکات تێیدا، کشانەوەی بێ مەرجی ئەمریکا لە سوریا واتای دۆڕاندن و جێهێشتنی سوریایە بۆ ڕوسیاو ئێران و تاڕادەیەکیش تورکیا، هەروەها مەترسی داعش هێشتا لە ئارادایە.
سیناریۆیەکی تر بۆ ئەمریکا ئەگەر بۆی بکرێت هەمان ئەو ئەزمونە لەگەڵ ڕژێمی بەشار ئەسەد دوبارە بکاتەوە کە لەگەڵ صدام حسێن کردی دوای ڕزگار کردنی کوێت و ڕاپەڕینی گەلانی

عێراق، ئەویش مانەوەی ڕژێمی بەشار ئەسەد بێت، بەڵام ڕژێمێکی بێهێز بۆ دەرەوە کە نەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی ئەمریکاو تواناکانی سنووردار بکات، بەڵام بەشار ئەسەدێکی تاڕادەیەك بەهێز بتوانێت سەقامگیری ناو سوریا ڕابگرێت و لە شەڕی بەردەوامدا بێت لەگەڵ لایەنە جیهادیستە دژەکان، هاوکات پشتگیرییەکی سنورداری ئەمریکا بۆ هەندێك لە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ناو سوریای دژ بە ئەسەد ئەویش بە مەبەستی بێهێز کردنی ڕژێمی سوری و سەرقاڵ کرنی بە ناکۆکیە ناوخۆییەکانەوە، بەڵام لەم سیناریۆیەدا دەبێت تفوزی ئێرانی لە سوریا نەمێنێت. لێرەوە بۆی بڕوانین دوور نیە سوریا دابەش بکرێت بەسەر چەند ناوچەیەکی جوگرافی و سیاسی جیاواز کە عەلەویەکان و ڕژێمی ئەسەد لە ناوچەی دیمەشق و کورد لە سەروی سوریاو لەوانەیە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆنە جیهادیەکانیش لە ناوچەی تر بن، بەڵام بێئەوەی ئەوانە شەڕی یەکتر بکەن، ئەویش لە ئەنجامی ڕێکەوتنی سیاسی لایەنە ناوخۆو دەرەکیەکان.

وەك دەبینرێت خوێندنەوە بۆ بابەتەکە کارێکی ئاسان نیە ،بەڵام هێز یەکلاکەرەوەیە بۆ ستراتیژە دورو نزیکە گەمەکەرەکانی ناو سوریاو لێرەدا سەوابیتی سیاسیش هەیە کە بۆ ئەمریکاو ئیسرائیل ئێران مەترسیدارە، چ لە سوریاو چ لە ناوچەکە بە گشتی و چ وەك هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی ئیسرائیل. ئێران کار لەسەر بوونە هێزێکی ئیقلیمی دەکات و لە پشت پەردەوە کار لەسەر بوونە دەولەتێکی ئەتۆمیی دەکات و ئەمریکا ترسی لەوە هەیە کە ئێران ببێتە کۆریایەکی تری باکور بە هاوپەیمانیی ڕوسیاو چین وەك هەڕەشەیەك بەرامبەر بە ئەمریکا، بەڵام لەوە دەچێت کۆریای باکور لەژێر فشاری ئەمریکادا یان بە هۆی ڕێککەوتنی ژێربەژێری زلهێزەکان بۆ یەکتر تەنازول بکات. لەوە دەچێت ئەمریکاو ئیسرائیل بە ئامرازی جۆراوجۆر و پێشوەخت سنورێك بۆ ئێران دابنێن پێش ئەوەی ببێتە کۆریایەکی تر.

دۆستایەتی نێوان سوریا لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگی سارد. بەڵام ئەمریکا سوپای دیموکراسی و پەیەدەی هەڵبژارد چونکە بەرژەوەندی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێت. لەناوبردنی داعش و هاوشێوەکانی لە سوریاو عێراق ئامانجێکی گرنگی ئەمریکایە، دژ بە مانەوەی ئێرانە لە ئایندەی سوریا. بەڵام ڕوسیا لانی کەم بۆ ئەم ستراتیژیەی ئێستەی ئێران و تورکیای کردە هاوپەیمانی خۆی لە سوریا.

هێزەکانی سوریای دیموکرات و لێرەدا بەتایبەت پەیەدەو یەپەگە پاڵپشتێکی گرنگی مانەوەی ئەمریکان بەتایبەت کە کورد لەو بەشەدا خاوەن پرۆژەی سیاسی و ڕێکخستن و فکرەو خاوەن جیهانبینیەکی عەلمانیەو ڕۆڵی ژن تێیدا ئەرێنیە، شتێك کە بوونی لە هەرێمی کوردستاندا نیە. هاوکات سعودیەو هاوشێوەکانی لە کەنداو خوازیاری مانەوەی ئەمریکان لە سوریاش بەتایبەت کە هەڕەشەو مەترسیەکانی ئێران بەرامبەریان بە جدی وەردەگرن و ئامادەی هاوکاری کردنی ئەمریکان لە سوریا چونکە ئەوە تەنیا ئەمریکایە بتوانێت بیانپارێزێت، پێشتریش لە هەڕەشەکانی صدام حسین. هەواڵەکان وا دەگەیەنن لە ئەگەری کشانەوەی ئەمریکا لە سوریا (بێگومان پشتگیری لۆجیستیکی و زانیاری هەوالگری و چەك بەردەوام دەبێت لە لایەن ئەمریکاوە) سعودیەو دەولەتانێکی تری هاشێوە لە کەنداو جێگەی ئەمریکا بگرنەوە لە باکوری سوریاو خەرجیەکەشی بە سعودیە بکرێت، لێرەدا بەریەك کەوتنی ئێران و سعودیە لە سوریا بە دوور نازانرێت.

سعودی عەرەبی و دەولەتەکانی کەنداو لە حالەتی ڕوخانی سوریا دەکرێت پێکەوە لەگەڵ ئیسرائیل سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دیاری بکەن بە سەرپەرشتی ئەمریکا، شتیك کە جێگەی ڕەزامەندی مۆسکۆ نیە.

چ ڕوسیاو چ ئێران بە ئاشکرا باس لە یەکێتی خاکی سوریا دەکەن و ڕێگە نەدان بە دروستبوونی هیچ بۆشاییەك لە سوریا ئەگەر کوردسان ـ سوریا بەنمونە بهێنینەوە. کەواتە شیوازێکی تر لە ئالۆزی ڕوو دەکاتەوە سوریا، لێرەدا هێزە ئەقلیمیەکان ڕوبەرووی یەکتر دەبنەوەو سعویەش هەر وەك ئێران بۆ هاوسەنگی هێزو بەهێز بوونی لە ناوچەکەدا بە دوای کارتی سیاسیەوە دەبێت.

سعودیی عەرەبی و دەولەتەکانی کەنداو خەریکن تیدەگەن لەوەی کە جەنگی بە وەکالەتیان لە سوریا دژ بە ئێران سەرکەوتو نەبووە. لە پال بابەتی دەسەلات بۆ سعودی وەك سیستەمێکی ئیسلامی وەهابیی جیهانبینیەکی کەش ڕۆلی خۆی دەبینێت بەوەی وەهابیەکانی سعودی شێعە بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن. پەیوەندی سعودی عەرەبی و ئێرانی شێعە دوای هاتنی خومەینی بۆ سەر دەسەلات لە 1979 کە سعودی عەربیی وەك هەڕەشە نیوزەند دەکرد. ئێران بە ڕێگەی شێعەکانی سعودیەوە دەست دەخاتە ناو کاروباری ئەو دەولەتەوەو سعودیەش لە جەنگی عێراق ـ ئێراندا پشتگیریی صدام حسینی دەکردو بووە هاوپەیمانێکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. سعودی لە جەنگی سوریاشدا دوبارە دژ بە ئێران وەستایەوەو یەکبوو لەگەل دژەکانی دژ بە رژێمی ئەسەد.

بەڵام دۆخەکە بۆ حکومەتی سعودی باس نەڕۆیشت بەوەی ڕوخانی ڕژێمی صدام حسین، ئێران بە پلەی یەکەم سوودمەند بوو لێی دوای ئەوەی زۆرایەتی شێعە لە عێراق دەسەلاتیان لە بەغدا گرتە دەست. هەروەها لە جەنگی یەمەندا حوسیە شێعەکان بە هاوکاری ئێران توانییان بگەنە باشوری یەمەن و سنوری بە سعودیەوە هەیە هەرچەندە ڕاپەرینی حوسیەکان لە یەمەن هیچ پەیوەندیەکی بە ئێران و حیزبولاشەوە نەبوو، یان لەلایەن ئەمانەوە قیادە کرابێت هەروەك ئەوەی حکومەتی سعودی ئیدیعای دەکات، بەڵام لە شەڕی دەسەلاتەوە لەناو یەمەن بووە جەنگی بە وەکالەت، جەنگێکی بێبەزەیی سعودی لە یەمەن کە هاوتایە لەگەل ئەوەی ئەسەدو ڕوسیا لە سوریا دژ بە خەلکی مەدەنی و دامودەزگا مەدەنیەکان دەیکات. هاوپەیمانی سعودی لە جەنگی یەمەندا ئیماراتی عەرەبیە کە جگە لە کەرسەی جەنگ بە سەدان خەلکی ولاتە هەژارەکانی وەك بەنگلادیش و پاکستان دەنێرێتە جەنگی یەمەن هەمان ئەوەی ئێرانیش لەگەل ئەفغانیەکان دەیکات کە مافی مانەوەیان ئەداتێ و هاوکاری دەکرێن ئەگەر بچنە سوریا بۆ شەڕ کردن. کاتێکیش دشکوژرێن لە گۆڕستانی شەهیدان لە ئێران بەخاك ناسپێردرێن روونە هەموو ئەوانە وەك بەکرێگیراو ناوزەند دەکرێن[43].

ئەوروپاش بوونە لایەن تێیدا بەوەی چوونە تەرەفی ئەمریکاوەو هەموو داوای لابردنی ئەسەد دەکەن بێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکانی و ئالتەرناتیڤەکان بکرێتەوە. لێرەدا بەشێکی بەرچاوی دیاردەی ئاوارە بۆ ئەوروپاش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی زلهێزەکان و ئەوروپاش خۆی.

بۆ ئەمریکاو ئەوروپا بە گشتی شتێکی نەخوازراوە تورکیا بکەوێتە باوەشی ڕوسیاوەو دوور نیە هەندێك نەرمییش بەرامبەر حکومەتەکەی ئەردۆگان بکرێت لەو پێناوەدا، بەڵام هاوکات مەبەستیشیانە سنورێك بۆ لادانەکانی تورکیا دابنرێت.

بە پێچەوانەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەت ڕوسیای ئەمڕۆکە پراگماتیکانە ڕەفتار دەکات نەوەك ئایدیۆلۆژیانە. ڕوسیا بە دوای هاوپەیماندا دەگەڕێت بە سەرۆکایەتی خۆی بۆ جێگە پێکردنەوەی خۆی لە سیاسەتی دەرەوەو لە ناوچەکەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشدا بۆ سەقامگیری هێز بەرامبەر بە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەگشتی. ڕەزامەند بوو بەرامبەر لەشکر کێشیەکانی تورکیا لە کانتۆنی عەفرین، بەڵام ڕوسیا لە تورکیای گەرەکە جەنگێکی بەوەکالەت لە ناوچەکانی وەك مەنبەج بەرامبەر ئەمریکاو فەرەنسا بۆ ئەنجام بدات کە بەرژەوەندی تورکیا خۆیشی تێدایە بۆ لێدانی پەیەدەو

---

[43] بۆ زانیاری زیاتر بروانە Michael Lüders, Die den Sturm ernten 2017 بە زمانی ئەلمانی

یەپەگە. لێرەدا ئەمریکاو فەرەنسا هێزیکی سەربازیی زۆریان هێناوەتە مەنبەج و ڕۆژاڤاو دروستکردنی بنکەی سەربازیی تێیدا کراوەتە ستراتیژ کە دیارە مەبەستی تری زۆری لە پشتە بۆ هەنگاوەکانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە.

ئەوە لە کاتێکدا کە لەشکرکێشیەکانی تورکیاش لە سوریا پێشیل کردنی یاسای مافی گەلانە چونکە تورکیا بێ ڕەزامەندی دەولەتی سوریا سنوری دەولیی بەزاندوەو جەنگی دژ بە بەشێکی دانیشتوانی سوریا ئەنجام دەدات. تورکیا ناتوانێت مافی بەرگری کردن بە ماددەی 51 ی کارتای ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بدات بەخۆی چونکە هیچ هێرشێکی چەکداری نەکراوەتە سەر دەولەتەکەی هەربۆیە ئەو هێرشە سەربازیانەی تورکیا دەیکاتە سەر سوریاو باکوری سوریا، یان لەشکرکێشیەکانی بۆ ناو عێراق و هەرێمی کوردستان پێشێل کردنی یاسای مافی گەلانە، بەڵام پرسیارەکە لەوەشدایە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەو یاسایانەی بۆچی و بۆ کێی دروستکردوە ئەگەر هیچ لایەنێك پاند نەبێت پێوەی.

ڕوسیا بەهۆی ئاڵۆز بوونی پەیوەندیەکانی نێوان ئەمریکاو تورکیا بووە یارمەتیدەری تورکیا بۆ هێرش کردنە سەر عەفرین بە ئامانجی ئەوەش تورکیا ببێتە هاوپەیمانی ڕوسیاو هەروەها دەستبەردار بوونی تورکیا لە هەندێ ناوچەی تری سوریا بۆ بەرژەوەندی ڕوسیاو لە ئایندەدا دەستبەرداری ئەمریکا بێت. لێرەدا دەردەکەوێت هێرشی سەر عەفرین دەرئەنجامی ململانێ و بەرژەوەندیەکانی نێوان دوو زلهێزی وەك ئەمریکاو ڕوسیایە. ڕوسیا لە دەریای سپی ناوەڕاست لەسەر کەناری سوریا بنکەیەکی سەربازیی دەریایی دامەزراندوە کە ڕۆکێتەکانی هەلگریی چەکی ئەتۆمین، ئەوەش هۆکارێکی ترە بۆ پشتگیریی و مانەوەی ڕژێمی سوریا لەلایەن ڕوسیای پوتینەوە. لێرەدا لایەنە سەربازیەکەشی سوریا بۆ ڕوسیا بەدەر دەکەوێت. لێرەدا هاوکێشە سیاسی و سەربازیەکان لە ئایندەی سوریادا چۆن دەبێت تەنیا دەکرێت گریمانەی بۆ بکرێت. بۆچونێکی واهەیە جەنگی سوریا هۆکارێکی گرنگ بێت ببێتە هۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی ناوچەکە. ئەگەر چیتر پێکهاتە سیاسی و جوگرافیەکەی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەو شێوازەی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە بەرژەوەندی ئەمریکاو ئەوروپا نەبێت ئەوا بە دوور نازانرێت کە ناوچەکە بکەوێتە بەر جۆرێك لە گۆڕانکاری.

کۆتایی هێنان بەو جەنگە بەندە بە بریاری سیاسیەوەو بریاری چارەنوسسازیش لای ئەمریکاو ڕوسیایە، تەنانەت ئەورپاش خاوەنی بریاری سەرەکی نیە تێیدا، لای کوردو تورکیاو ئێران و حکومەتی سوریاش نیە، هەرچەندە ئەم لایەنانەی دوایی دەتوانن جۆرێك لە ئاڵۆزی دروست بکەن لە بریارە سیاسیەکانی سەر جەنگ یان ئاشتی لە سوریا لێرەو لەوێ ئەمانیش قسەی خۆیان هەبێت.



چەکی ڕوسی لە سوریا

(4)
( ڕۆلی کورد لە کوردستانی سوریا )

مێژووی کوردستانی سوریا بە داڕمانی ئیمپراتۆریەتی تورکی / عوسمانی دەست پێدەکات دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لە سالی 1918 و دروستبوونی سوریا کە لەژێر مانداتی فەرەنسی بوو. بەشێك لە کوردستان خرایە سەر دەوڵەتی دروستکراوی سوریا کە دەکەوێتە باکوری سوریاو سنوری لەگەل دەولەتی تورکیاو عێراق هەیە. کورد لە سوریا دوەم گەورەترین گەلە (کەمایەتیەکی نەتەوەییە). لە چوارچێوەی جەنگی سوریاداو دروستبوونی بۆشاییی، کورد لەم بەشەدا بە سەرۆکایەتی پەیەدە توانی سێ کانتۆن دروست بکات بە ناوەکانی جەزیرە، کۆبانێ و عەفرین کە بە ڕۆژاڤا ناسراوە. هەروەها پێکهێنانی ئیدارەیەکی سەربەخۆو سوپایەکی سەربازیی کە ڕۆلێکی بەرچاوی گێڕاوە لە شەڕی دژ بە داعش. ئازاد کردنی ناوچە کوردیەکان (باکوری سوریا) و دروستکردنی بنکەی سەربازیی ئەمریکی تێیدا بۆتە دڕکێك بۆ سەرانی تورکیاو ڕوسیاو هێزە ئیسلامیەکان.



کورد لە ڕۆژاڤا بەرگری سەخت لە خاك و ئامانجێکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی دەکات و جەنگێکیان بەسەردا سەپاندوە. ئەگەر کەوتنی ئەسەد قورس بێت بەهۆی پشتگیری ئێران و ڕوسیاوە ئەوا لەوانەیە کورد لە ڕۆژاڤا ناچار بێت لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد ڕێك بکەوێت، بەڵام پەیدە سوریایەکی دیموکراتی فیدرالی مەبەستە. لەبەر ڕۆشنایی ڕاستیە ئاماژە پێکراوەکان ئەوا داهاتووی سوریا بە پلەی سەرەکی بەندە بە ڕوسیاو ئەمریکاوە. لێرەدا ڕوسیا بڕیاردەرێکی بەرچاوە بۆ داهاتووی سوریا بە تایبەت کە نایەوێ ڕژێمی ئەسەد بڕوخێت.
وادەبینرێت ڕوسیاو ئێران بیانەوێ کورد بە جۆرێك لەگەڵ ئەسەد ڕێکبکەوون کە تورکیاش قبوولی بێت، تورکیاش بەردەوام کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ڕوسیاوەو ناچار دەبێت مانەوەی ڕژێمی سوری قبول بکات، بەتایبەت کە دۆخی ناوخۆو نێودەولەتیەکەی لەئاستێکی وادا نیە هەرچی دەوێت لە سوریا بیکات. کوردیش لە سوریا بەشێکە لە چارەسەرەکان و پارویەکی بچووك نیە قووت بدرێت. هەموو ئەمانە بەندە بە داهاتووی بڕیاری سیاسیەوە.

(5)
( سوریاو تاقیکردنەوەی چەك )

سوریا بۆتە گۆڕەپانی تاقیکردنەوەی چەکە نوێکانی زلهێزەکانیش. بۆنمونە ڕوسیا دەیان جۆر چەکی نوێی لە سوریا تاقیکردۆتەوەو نیشانی دونیای ئەدات کە بەرهەمی سەربازیی ڕوسی کارایەو تاقیکردنەوەی چەکی نوێی لە جەنگی سوریادا بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی فرۆشتنی بەرهەمی سەربازی ڕوسی. بە تەنیا لەسالی 2016 زیاتر لە 200 جۆر چەکی ڕوسی لە جەنگی سوریادا سەرکەوتوانە بەکارهێنراوەو تاقیکراوەتەوە. لێرەدا شتێك نامێنێت پێی بوترێت ڕەوشت و بەزەیی ئینسانیی و چەك بەسەر خەلکی سڤیل و ژن و مندال و پیرو پەککەوتە تاقیدەکرێتەوە کە ئەو جەنگە لە بنەڕەتدا جەنگی ئەوان نیە.
ژمارەی ئەو دەولەتانە کەم نین کە چەك و تەقەمەنی بە ولاتانی شوێن قەیرانەکان دەفرۆشن، هەندێك جار دەولەتانێك خۆیان دەبنە هۆی دروستبوونی قەیران و جەنگ و دواتر بۆ فرۆشتنی چەك پێیان و هەر خۆشیان پرۆژەی ناوچە وێران کراوەکان دەگرنە دەست بە سەروەت و سامانی ئەو ناوچەیە خۆی و پابەند کردنیان لە ڕووی ئابووری و سیاسی و تەکنەلۆژیاو قەرزەوە بە خۆیانەوە. ئەوەش هیچیتر نیە لە جەنگ و وێرانی و کوشتن، بەڵام بە شێوەیەکی تر. هیچ جیاوازیەك نیە لە نێوان ئەوەی ڕاستەوخۆ مرۆڤێك بکوژیت یان ببیتە هۆی کوشتنی.

تەوەری سێیەم
( وزە هۆکارێکی گرنگی جەنگی سوریا )

هەرچەند باس لە جەنگ بکرێت وەك درێژکەرەوەی سیاسەت، بەڵام لە بنەڕەتدا بەرژەوەندی ئابووری بۆتە پایەیەکی سەرەکی جەنگەکان، لەوەش مێژوی مرۆڤایەتی بریتی بووە لە هەوڵدان لە پێناوی دەسەلات و ئابووری و جەنگیش ڕێگایەك بووە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە دەسەلات و ئابووری لە دەستی کێداو بۆ کام ئامانج بەکار دەهێنرێت.

وزه (نەوت و گازی سروشتی و دۆزینەوەی بازاڕ و کەرەسەی خاو، و دەستی هەرزانی کار. ..) یەکێك بووه له هۆکارەکانی ململانێ و جەنگەکان له جیهانداو هەربۆیه کاریگەریی خۆی هەبوه لەسەر بڕیاری سیاسیشدا. جەنگی سوریاش له پاڵ چەند فاکتەرێکی تری سیاسی و جیۆستراتیژی و خاڵی کردنی له هێزه ئیسلامیه توندڕەوەکانی وەك داعش وەك له باسەکەدا دەردەکەوێت جەنگی وزەشه (ڕێگای گواستنەوەی وزه) یه، بەتایبەت گازی سروشتی که ئەمڕۆکه بەتایبەت ئاینده گرنگیەکی تایبەتترو زۆرتری بەخۆیەوه گرتوه بەراورد به نەوت بەتایبەت پەیوەست به ژینگەوه له ولاتانی ڕۆژئاوا. به حوکمی بەرەو پێش چوونی بواری پیشەسازی و تەکنەلۆژیای پێشکەوتوی سەردەم و زۆریی شمەکه بەرهەمهێنراوەکان نەك هەر توانای دەرهێنانی گازی سروشتی پەرەی پێدراوه بەڵکو پێویستیی بۆ وزه له زیاد بوندایه. له پێناوی وزەو رێگەکانی گواستنەوەیدا وەك فاکتەرێکی گرنگی ئابووری و بەهەرم هێنان دەیان جەنگ له پێناویدا بەرپا کراوەو دەکرێت.
"

ڕێکخراوی ولاتانی هەناردەکردنی پیترۆل (ئۆپێك) له 8ی نۆڤەمبەری 2016 له ڕاپۆرتی سالانەی خۆیدا دایناوه که ڕێژەی بەکار بردنی نەوت له جیهاندا بەبری 40% زیاد دەکات تا ساڵی 2040. بەمەش خواست لەسەر نەوت بۆ هەر ڕۆژێك دەکاته (17) ملیۆن بەرمیل. له دوای شۆڕشی پیشەسازی و سەدەی نۆزدەوه که زیاتر له 150 ساله نەوت و ئینجا گازی سروشتی سەرچاوەی سەرەکی وزەن له جیهاندا. دۆزینەوەو دەرهێنان و بەبازاڕ کردن و کۆنترۆل کردنی هۆکارێکی سەرەکی جەنگ و ناکۆکیه هەرێمایەتی وجیهانیەکانەو بەکار هێنانی سەرجەمی وزەی جیهان له زیادبوندایه[44]".

سوریا هەرچەنده خاوەنی ڕێژەیەکی ئەوتۆ نیه له نەوت و گازی سروشتی، بەڵام له ڕووی جوگرافیەوه (جیۆستراتیژیەوه) ڕۆلێکی گرنگی بەر دەکەوێت بۆ تێپەڕبوونی بۆری گواستنەوەی نەوت و گازی سروشتی بۆ دەریای سپی ناوەڕاست و لەوێشەوه بۆ ئەوروپا. قەتەرو سعودیه مەبەستیانه گازی سروشتی به بۆری به ڕێگەی ئەردەنەوەو دواتر سوریاوه بگوازنەوه بۆ دەریای سپی ناوەڕاست و لەوێوه ڕەوانەی ئەوروپا بکرێت و پێشبرکێی ڕوسیاشی پێ بکەن وەك یەکێك له خاوەن گازی سروشتیی بێشومار له جیهاندا.
نەوت و گازی سروشتی وەك دوو سەرچاوەی گرنگی وزه له جیهاندا بەشێکی گرنگی کەوتۆته ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و به هۆی باری جوگرافیەوه گواستنەوەی بۆ بازاڕەکانی جیهان به تایبەت ئەوروپا ئاسانترەو تێچوونی ماددیشی کەمتره. لێرەدا کێبرکێی گەوره هەیه بۆ گەیشتن بەو سەرچاوانەی وزەو بۆته بەشێکی بواری ئاسایشی نەتەوەییش (ئاسایشی وزه) و لێرەدا ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆته بەشێکی بەرچاوی ناکۆکی و ململانێی زلهێزەکان.
دەولەته زلهێزەکانی ڕۆژئاوا به ویلایەته یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ ولاته نەوتیەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەك مانگایەکی درێژ وایه که سەری لەناو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدایەو لەوێ خواردن دەکرێت بەدەمیداو کلکیشی له ئەمریکاو ڕۆژئاوایه که لەوێ نەوت و سامانەکه ئەدۆشرێ. ئەو لایەنەی بیەوێ له جیهانی ئابووری و بازرگانیدا ببێت به شتێك دەبێت قاچێکی له ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بێت. ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چ دەولەتەکانی بەشی ڕۆژهەلاتی دەریای سپی ناوەڕاست دەگرێتەوه که بریتین له تورکیا، میسر، سوریا، لبنان، ئیسرائیل، ئوردون و قوبرس، هەروەها

[44] پەیمانگەی مێدیتریانه بۆ وزەو توێژینەوەی هەرێمایەتی ، کوردستان و هێلەکانی وزه ، ناکۆکی یان هاریکاریی هەرێمایەتی ، ، 15.12.2016، ل. 1.

دەوڵەتەکانی کەنداو (یەکێتی ئیماراتی عەرەبی (بەحرەین، قەتەر، عومان و شارقە)، یەمەن و سعودی عەرەبی) و دەریای سوور، ئێران، عێراق. ئەو ناوچەیە چەند ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت بۆ زلهێزەکان کە بریتین لە :

(1) پاراستنی ڕێگای هاتوچۆی نەوت.
(2) بۆ سیاسەتێکی نزمی نرخی نەوت.
(3) ناوچەی هەرزانی کەرەسەی خاو و دەستی هەرزانی کار
(4) کۆنترۆل و بەرەنگاریکردنی ئەو لایەنانەی بەرژەوەندی دەوڵەتانێکی ناوچەو زلهێزەکانی هاوپەیمان دەخەنە مەترسیەوە، هەروەها ڕێگریکردن لە بەرزبوونەوەی کاریگەریی سیاسی تاك دەوڵەت و نادەولەتیی لە ناوچەکەدا[45].

ئەمریکا لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی (هەر هێشتا تاکە زلهێزی سەربازیی لە جیهاندا) دەبێت بەرژەوەندی و ولاتە پیشەسازیەکانی هاوپەیمانیی بپارێزێت. تەنانەت ئەگەر ئەمریکا خۆی دەست لە نەوتی ناوچەکە، یان کەنداویش هەڵبگرێت، بەڵام قەیرانی وزە لە ولاتە ئەوروپیەکاندا یان لە یابان کاریگەریی گەورەی دەبێت لەسەر ئابووری ئەمریکی چونکە بەشێکی شمەکی ئەمریکی لە ئەوروپاو یابان ساغ دەبنەوە.

لە جەنگی دوەمی کەنداویشدا پاراستنی ئەوروپاش کرایە ئامانج ونەهێلدرا عێراق دەولەتی کوێت بۆ هەمیشە داگیر بکات و مامەلە بەنرخی نەوت و پاشەکەوتی نەوت بکات لەبازاڕەکانی جیهاندا. ناردنی نەوت بۆ یابان نزیکەی 70% ی بە گەروی هۆرموزدا دەڕوات. ئێران لەجەنگی یەکەمی کەنداودا هەڕەشەی داخستنی ئەو گەروەی دەکرد بۆ ئەوەی کێشەکە بکاتە کیشەیەکی نێودەولەتی چونکە ئێران دەزانێ کە ئەوە پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەیی بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاش هەیە چونکە 25% ی کالای ئەمریکاش لەیابان ساغ دەبێتەوە. بۆ ئەمریکا ئاسایشی نەتەوەیی بەتەنیا داعش و قاعیدەو ئیرهاب نیە بەلکو ئابووری وسیاسەتی دەرەوەشە. ئەمەیان نەگۆڕەو پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە ئیتر هەر لایەنێکی سیاسی لەسەر دەسەلات بێت.

بەپێی ڕاپۆرتێکی"Financial Times" لە سالی 2015 بەشێکی سەرەکی جەنگی سوریا پەیوەندی بە جوگرافیای هەناردەکردنی نەوت و گازی سروشتیەوە هەیە بۆ بازاڕەکانی ئەوروپا. ڕوسیاو هێزەکانی ڕۆژئاواو دەولەتەکانی کەنداو تەنیا لەو ناوچە تایبەتانە لە سوریا دەجەنگن کە پەیوەندی بە جوگرافیاو ستراتیژی ئەو بوارە هەیە. لە تێبینی گشتیدا مرۆڤ ئەو جەنگەی سوریای تەماوی دێتە بەرچاو، بەڵام کاتێك دەڕوانێتە جەنگ لەپێناوی وزەدا ئەوا سەرپۆشەکە لەسەردا دادەگیرێت و دەموچاوەکان ڕونتر دەردەکەون. مەسەلەی شەڕی حەلەب پەیوەندی بە دوو گرنگترین بازاڕی نەوتەوە هەیە کە نزیکن لە مەنبەجەوە ( 60 کم) و لەژێر کۆنترۆلی ئەمریکیەکاندایەو هەروەها الباب. گرنگترین بۆری گواستنەوەی نەوت کە لەعێراقەوە هەناردە دەکرێت لە ڕێگای موصل و قائیمەوە بەو دوو ناوچەیەی سوریادا تێدەپەڕن. لە بەری ڕۆژهەلاتیشەوە بە شاری حەلەبدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە ئیدلیب. کۆنترۆل کردنی مەنبەج بەواتای بوونی کاریگەریی گەورە بۆ گواستنەوەی نەوت لە سوریا، هەربۆیە تورکیا چاوی بریوەتە مەنبەجیش ئەوە جگە لە ئامانجی تێکدانی کیانێکی کوردی تێیدا. هەمان شت بۆ حەلەب و ئیدلیبیشە کە کەوتونەتە بەری ڕۆژئاوای

[45] J. Hippler, Die neue Weltordnung, S. 118.

سورياوە. ئەو لایەنەی کۆنترۆلی حەلەب بکات ئەوا کۆنترۆلی کلیلی بۆریە نەوتیەکان دەکات. لە ئەگەری دەست بەسەردا گرتنی مەنبەج لەلایەن تورکیاوە ئەوا تورکیا دەتوانێت کاریگەریی دروست بکات بەسەر سیستەمی بۆریە نەوتیەکان. بە هەمان شێوە حومص و حەماو پالمیرەش ئەو ئاڕاستەیەیان بەردەکەوێت. ئەو ناوچانەش کە شەڕی قورسیان بەرکەوتوە ئەو ناوچانەن کە بریارە دواڕۆژ بۆریە نەوتیە نەخشە کێشراوەکانی قەتەر / تورکیاشی پێدا بڕوات.




کۆنترۆلی بەشی ڕۆژئاوای سوریا بۆ ڕوسیا گرنگە بۆ ڕێگە گرتن لە گواستنەوەی وزە بە ڕێگەی بۆریە نەوتیەکانەوە بۆ بەرژەوەندی ئەوروپاو ڕۆژئاوا. ئیسرائیل هاوکات بە ڕوخانی ڕژێمی ئەسەد نەخشەی گواستنەوەی بۆری نەوت و گازی هەیە لە بەرزاییەکانی جۆلانەوە بە دیمەشقدا بۆ تورکیا، بەڵام لە دیدی ڕوسیاوە دەبێت ڕێگری لەو پرۆژەیە بکرێت، ڕوسیا کێبڕکێکەری ناوێت لە بازاڕی گازی سروشتیدا. هاتنە ناوەوەی هێزی ڕوسی بۆ ناوچە کوردیەکان ئامانجی وزەو سیاسیشی هەیە. چ بە کوردستاندا (سەروی سوریا) و چ بە تورکیادا نەوتی عێراقی دەگوازرێتەوە بەری ڕۆژئاوای سوریاو لەوێوە زۆرتر بۆ ئەوروپا بۆ بازاڕی وزە دەڕوات، بەڵام ڕوسیا دژی ئەو مەمەڕەیە چونکە ڕوسیا دەیەوێت ئەوروپا وەك موشتەری وزە لای خۆی بهێڵێتەوەو پابەندی بکات.

تەنانەت ئەو گرێبەستەی "حکومەتی هەرێم" لەگەل ڕۆزنەفتی ڕوسی کردویەتی بۆ بەرژەوەندی تاك لایەنێکی نانیشیمانی دەبێت ئەمریکای نیگەران کردبێت چونکە ئامانجێکی سەرەکی کۆمپانیای ڕۆزنەفت کڕینی بۆری نەوتی هەرێمی کوردستانە کە دەسەلاتی سیاسی هەرێم بە برێك دۆلار پێی فرۆشت. شەرعیەتی پاراستنی ئەو بۆریە نەوتانە لای ڕوسیایە، بەواتا دابەزینی هێزی ڕوسی لە هەرێمی کوردستاندا و لەوانەیە کاریگەیی لەسەر سیاسەتی عێراقیش دروست بکات. حکومەتی بەغدا دڵخۆش نیە بەو ڕێکەوتنە، بەڵام بەهۆی هلوپەیمانیەتی نێوان ڕوسیاو ئێران، ئێران کاریگەریی دروستکردوە لەسەر حکومەتی بەغدا کە بێدەنگی هەلبژێرێت. شتێك کە دژ بە ئاسایشی

وزەو بەرژەوەندیە ئابووری و سیاسیەکانی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپایە ئەوەی پەیوەندی بە سیاسەتی ڕوسیاوە هەیە. هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێکەوتنە بەندە بە بڕیاری مۆسکۆوە. لەوانەیە بێدەنگیی ئەمریکا لەم کاتەدا بەند بێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکان لە عێراق، کە حکومەت لە کێ دروست دەبیچت، ئەو کاتە کاردانەوەی ئەمریکا بەرامبەر بە هەولێر دەردەکەوێت.

ئەوە لە کاتێکدا کە لە ڕاپەرینی 1991 وە ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا هەرێمی کوردستانیان پاراستوە. بگەڕێینەوە بۆ ئەو جەنگەی لە سوریادا هەیە کە بەهۆی پێکدادانی بەرژەوەندیەکانە، لە نیوانیاندا وزە لە نێوان ئەمریکاو ئەوروپا، ڕوسیاو تورکیاو دەوڵەتانێکی تری ناوچەکە. .. لێرەدا هەرێم چۆتە بەرەی تورکیاو ڕوسیاوە دژ بە بەرەی ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپاو وادەڕوات هەرێمی کوردستان بکاتە ناوچەی نفوزی ڕوسی / تورکی. ئایندە ڕاستی هاوکێشەکان و دەرئەنجامەکانی دەردەخات.
ئەوەی پەیوەندی بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە هەیە پلانی ئەوە کرابوو بۆریەکی تری نەوت لە کەنداوی فارسیی عەرەبیەوە تا دەگاتە باکوری عێراق و دواتر بە باکوری سوریادا بڕوات. بەوە نەوتی عێراقی چ لە ڕێگەی تورکیاوەو چ بە باکوری سوریاوە بنێردرێتە ئەوروپا بۆ بازاڕی وزە.، بەڵام نەخشەی دروستکدنی مەمەڕێکی کوردیی هیچی لێ دروست نەبوو چونکە ڕوسەکان هاتنە ناو سوریاوە.




ساڵی 2009 قەتەر پێشنیازی دروستکردنی بۆری گواستنەوەی گازی سروشتی قەتەریی کرد، کە بە سعودیەو ئەردەنداو دواتر بە سوریادا بۆ تورکیاو لەوێشەوە هەناردەی ئەوروپا بکرێت وەك لە نەخشەکەدا دەبینرێت و تێچونیشی کەمترە. شتێك کە ڕۆلی قەتەریش ئێستەش لە جەنگی سوریادا دەردەخات و ڕێکەوت نیە کە قەتەرییش وەك ئێران و تورکیاو زلهێزەکان بۆ ئەو مەبەستەو دروستکردنی کاریگەریی خۆی لە سوریادا پشتگیریی هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکانی کردوە بە داعشیشەوە لە شێوازی جەنگی بە وەکالەت.
ولاتە پیشەسازیەکانی ڕۆژئاوا پشتگیرییان لەم پرۆژەیە کردوە بە ئامانجی بێهێز کردنی سەکتەری وزەی ڕوسی و کەمکردنەوەی پابەند بوونی ئەوروپا بە گازی ڕوسیەوە.، بەڵام ڕوسیا

هەوڵی تێکدانی ئەو پڕۆژەیەی داو کاری لەسەر پڕۆژەیەکی موناڤس کرد بەوەی بۆری گواستنەوەی وزەو گازی ئێرانیی بە عێراق و سوریادا بۆ لاتاکیاو لەوێشەوە بۆ ئەوروپا هەنارده بکرێت. دیاردەیەك کە جەنگەکەی سوریای ئاڵۆزتر کرد.

لێرەدا دەبینرێت هەموو ئەو هێزانەی بەرژەوەندی ئابووری و وزەو بازرگانییان لە سوریادا هەیە کار بۆ سەرخستنی پرۆژەی خۆیان دەکەن و هاوپەیمانیی دەبەستن و زۆر جاریش بەپێی دۆخەکە هاوپەیمانێتەکانیش دەگۆڕێن، بەو تیۆریەی نە هاوڕێی هەمیشەیی و نە دوژمنی هەمیشەیی هەیە بەڵکو تەنیا بەرژەوەندی هەمیشەیی هەیە. وەك هێنری کیسینجەر وتەنی سیاسەت نە باوکی هەیەو نە دایك تەنیا بەرژەوەندی هەیە، جا بەرژەوەندی بۆ ئامانجی باش یان خراپ بێت.

دەرئەنجام

• جەنگ هەمیشە شێوازێکی توندوتیژ بووە بۆ بەلادا خستنی ناکۆکی و ململانیکان، تەنانەت لایەنی براوەش زیانمەند دەبێت تێیدا. لە کاتی جەنگدا ئامانج و ستراتیژیە سیاسی و ئابووری و ئایدیۆلۆژیاکان ڕوبەری جەنگ دەکرێنەوە بۆ بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکان.

• ئەگەر نەخشەی سیاسی و جوگرافی لە ناوچەکەدا گۆرینی قورس بێت ئەوا باشترین ڕێگە بۆ چارەسەری سوریاو دەولەتەکانی هاوشێوە سیستەمی فیدرالیە چونکە لەم سیستەمەدا دەسەلاتەکان دابەش دەبن بەسەر هەرێم (کانتۆنەکاندا) و دەسەلاتی مەرکەزی لاواز دەبێت. مۆدیلی سفیدرالی لە سویسرا بە گونجاو دەبینم. فیدرالیزم دەبێتە هۆی دروستبوونی دیموکراسی و سەقامگیریی کە هەردوکیان مەرجی گرنگن بۆ سیستەمی فیدرالی.

• سیاسەت و ناکۆکی و پێکدادانە نێودەولەتی و ئیقلیمیەکان لە سەر نمونەو گۆڕەپانی جەنگی سوریادا بە ڕوونی بەدی دەکەوێت.

• جەنگی سوریا جەنگێك نیە لە پێناوی بەها مرۆییەکان بەڵکو جەنگی بەرژەوەندیەکانە، جیۆپۆلەتیك وشە گرنگەکەیە تێیدا. ئەو وشەیە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی ڕاپەرینی بەشێکی خەلکی سوریا دژ بە ئەسەد لە کاتێکی کورتدا کرایە جەنگی بە وەکالەت و ئاستێکی نێودەولەتی بەخۆیەوە گرت. جەنگی بەرژەوەندیە نێودەولەتی و ئیقلیمیەکان، بەرژەوەندیە سیاسی و سەربازی و ئایدیۆلۆژی و ئابووریەکانی تێدا بەدی دەکرێت. جەنگی هاوسەنگی هێزیشە. دوور نیە جەنگی سوریا ببێتە هۆی گۆرینی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە. ئەمریکاو ئیسرائیل و سعودیە ئێران وەك هەڕەشەیەکی جدی دەبینن بۆ سەر ئاسایشی خۆیان و ناوچەو ئاسایشی وزەش، ئێران بە شوێن کارتی سیاسیدا دەگەرێت و دەستی خستۆتە ناو کاروباری چەندێك لە ولاتانی ناوچەکە... وا دەبینرێت کە دەبێت سنورێك بۆ ئێران دابنرێت. سیناریۆکانی ئەو ئامرازانەش چی دەبن و چۆن دەبن کەم نین..

• لەسەر خاکی سوریا ئەمریکاو ڕوسیا ئێران و سعودی عەرەبی هەروەها تورکیا شەڕی دەسەلات و نفوز و خۆسەپاندن دەکەن، بەڵام گەمەکەرە سەرەکیەکان لە 2012 وە واشنتن و مۆسکۆیە. بێ تەدەخولاتی ئەکتەرە دەرەکیەکان هەرگیز گەورەترین هەلاتنی خەلك و ئاوارەیی دروست نەدەبوو لە سوریا لە جەنگی دوەمی جیهانیەوەو بووە هۆی بەتینتر کردنی پۆلاریزەی کۆمەلایەتی کۆمەلگەی سوریا.

• جەنگەکەی سوریا هەروەك تەواوی جەنگەکانی تری دوای جەنگی دوەمی جیهانی بریتیە لە جەنگی وەکالەت. جەنگی وەکالەت بۆ زلهێزە نێودەولەتی و هێزە ئیقلیمیەکان، بەڵام دەولەتی ئیقلیمیش هەیە جەنگی بە وەکالەت بۆ زلهێزەکان دەکات.

• زۆری ژمارەی بەشداربوان و هاوپەیمانانی دەرەوە لە جەنگەکەدا بە بەرژەوەندیە جیاوازە کۆتایی هێنانی جەنگەکەی نادیار کردوە ئەوەندەی جەنگەکە درێژ بخیەنیت ئەوەندە زیاتر مەترسی دروستبوونی ناسەقامگیریی لە ناوچەکە فراوانتر دەبێت و قەیران بەدوای قەیراندا دێنێت، دۆڕاوی گەورە گەلانی سوریایە.

• چارەنوسی مرۆڤ و گەلان و نەتەوەکان لای ستراتیژ دارێژەرانی جیۆپۆلەتیك هیچ گرنگیەکی نیە. جەنگی سوریاش بە ڕوونی ئەو راستیەی نیشاندا کە یەکەم قوربانی لە هەموو جەنگێکدا بریتیە لە ڕاستیەکە، دوە قوربانیش بریتیە لە خەلکی مەدەنی بەشدار نەبوو لەو جەنگەدا کە جەنگی ئەوان نیە.

• ئەگەر لە سوریا لە کۆتایدا ناوچەی جێنفوزەکان دابەشکاریەکی نوێی زلهێزەکانی لێ بکەوێتەوە لە نێوان ئەمریکاو ڕوسیا، فەرەنساو بەریتانیا ئەوا ئێران و تورکیا بە دەستی بەتال لێی دێنە دەرەوە.

• دەبێت لە سایکۆلۆجیەت و باری کۆمەلایەتی بڕیاردەرەکانی سیاسەت و جەنگی ناڕەوا و خوێن ڕێژ تێبگات. تینوو بوون بۆ دەسەلات و نەخۆشی گەورەیی یان خۆ بەکەم زانینی خۆی، یان ناسەقامگیریی کەسایەتی. هەر کەسێك لەم ڕاستیانە تێنەگات لە ڕاستی ئەوە تێناگات بۆچی ئەردۆگان دەیەوێ ببێتە پاشاو سولتانی ئیمپراتۆریەتێکی نوێ، بۆچی پوتین دەیەوێ ببێتە قەیسەرێکی نوێی ڕوسیا، بۆچی صدام دەیویست ببێتە قائیدی ئومەی عەرەبی، یان ئەوانەی شەڕیان بۆ دروستکردنی ئیمپراتۆریەت دەکردو دەیانویست ببنە خودای سەر زەوی....؟ بۆچی هەندێك لە سیاسەتمەدارەکانی ولاتی ئێمەش تووشی هەمان نەخۆشی بوون؟ نەخۆشی ئەوەش کێ لەگەل ئەو نەبێت بەواتا دژی ئەوە. ئەوە ئەرکی دەروونناس و کۆمەلناسەکانی کوردیشە کار لەسەر ئەم دیاردانە بکەن، لە ولاتێکدا کە جەنگ بۆتە بەشێك لە مێژوەکەی.

• هیچ کام لەو هێزانەی ئێستەی جەنگی سوریا نە ئەوەندە بەهێزن جەنگەکە بۆخۆی بەرێتەوە، و نە ئەوەندەش بێهێزن جەنگەکە بدۆرێنێت، هەربۆیە جەنگەکە درێژەی کێشاوە.

• سەرەڕای ئەوەی جەنگ دیاردەیەکی توندوتیژو قێزەونە، بەلام هەندێك جار جەنگیش دەکرێ رێرەوی مێژوو بگۆرێت. . لە ئەنجامی جەنگی سوریادا کورد توانی لە باکوری سوریا کیانێك بۆخۆی دروست بکات هەرچەندە لە ژێر مەتریشدایە. هەمان شت بۆ باشوری کوردستان لە ئەنجامی جەنگی عێراق و ئەمریکا لە سالی 1991.

## بەشی هەشتەم
## باسی یەکەم
## کێ بەندە بەکێوە؟

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کێ بەندە بەکێوە؟ پابەندبوونی زلهێزەکان بەتایبەت ئەمریکاو ڕۆژئاوا بەگشتی بە "جیهانی سێ" بە ناوچەی کەنداویشەوە لەسەر نمونەی نەوت و کەرەسەی خاو بەڕوونی دەردەکەوێت، بەڵام بە حوکمی کۆمەڵێك فشارو دامودەزگای سیاسی و ئابووری و ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتیی، بانك و قەرزی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی بە سووی زۆرو پابەندکردنی ئەو دەوڵەتانە بەخۆیانەوە بەواتا بە حوکمی کۆبونەوەی سەرمایە لە دەستی سەرمایەی نیودەولەتی کە ئەمریکاو ڕۆژئاوا بالادەستن تێیدا، هەروەها بە هۆی تەکنەلۆژیاو ترانسفێرکردنی تەکنەلۆژیا بۆ ولاتە

نامیەکان و بەهۆی هێزی سەربازی و پشتگیری کردنی ڕژێمە گوایە میانڕەوەکان توانیویانە ئەم پابەندبوونە بە ولاتە نامیەکانەوە پێچەوانە بکەنەوە. بە گشتی ولاتانی "جیهانی سێ" کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیش بەشێکە لێی بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو ڕۆژئاواو زلهێزەکان بەگشتی گرنگە. بۆ بەرەی ڕۆژهەلاتیش وەك ڕوسیا، بەڵام کۆنترۆڵی ڕۆژئاوا بەسەر "جیهانی سێ" دا بالادەستە. ئەو ناوچانە:

(1) سەرچاوەی کەرەسەی خاون.
(2) بازاڕن بۆ ساغکردنەوەی شمەکە بەرهەمهێنراوەکان.
(3) ولاتانی دەستی کاری هەرزان.
(4) ناوچەی سەرمایە خستنە کارەوە بە قازانجێکی تایبەتی زۆرەوە.
(5) لە ڕووی جیۆستراتیجیەوە وەك بنکەی سوپایی بۆ چاودێری جیهان[46].

هەموو 10 ساڵێك پێویستی مرۆڤایەتی بۆ ووزە دوو قات زیاد دەکات. یاری پۆکەری نەوت سەد ساڵ زیاترە لەئارادایە. ئایا بارودۆخی وزە چۆن دەبێت ئەگەر پاشەکەوتی نەوت کۆتایی بێت بێبوونی ئالتەرناتیڤ؟ وزە کە جەنگی زۆری لەمێژووی خۆیدا خولقاندوە، ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەنمونە.

**باسی دوەم**
( نەوەیەکی ئاشتیخواز لە سەردەمێکی جەنگدا )

لە ساڵی 1931 کورت توخۆلسکی (Kurt Tucholsky) نوسیویەتی:"مرۆڤ هەرگیز هەوڵی نەداوە بەجدی دژایەتی جەنگ بکات. مرۆڤ هەتا ئێستە هیچ کات دەرگای قوتابخانەو کلێساکان و سینەماو ڕۆژنامەکانی لەبەردەم پڕۆپاگاندەی جەنگدا دانەخستوە". کورت توخۆلسکی ئەوەی بۆ ئەو سەردەمە مێژوییە نوسیوەو بۆ ئێستەش بەردەوامە. جگە لە دەوڵەتانی ڕۆژئاواو هەندێکی تری کەم چیتر ئەو بارودۆخە وەك خۆی ماوەتەوە. فکری ئاشتی پێویستە لە قوتابخانەکانیش پەیڕەو بکرێت و چاوێك بە وانەکاندا بخشێنرێتەوە. مەبەستم لە فکری ئاشتیی وەك تاك و وەك کۆمەڵگەش. لێرەدا دورکەوتنەوە لەو فکرو ئایدۆلۆژیایانە کە بەرهەمهێنەری جەنگ و توندوتیژین، ئیتر ئەوە لە ناسیۆنالیزمەوە وەك ئەوانەی نازی و بەعس و تورکیا، یان لە توندڕەویی ئاین و مەزهەبەوە. ..تاد. سەرچاوەی گرتبێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە کۆمەڵگەکان دژ بە دەستدرێژی بەرگری لە خۆیان نەکەن، بەڵام هەرگیز دەستپێشخەر نەبن بۆ دەستدرێژی و توندوتیژی بەرامبەر ئەویدی، هەروەها نەبنە سوتەمەنی ئەو چین و تاقمە دەسەلاتدارانەی دەبنە بازرگانانی سیاسی و ئابووری جەنگ بە ناوی بەرگری لەگەل و ولات و گەڕان بە شوێن پەیداکردنی وێنای دوژمندا.

---

[46] Salar Basireh, Der zweite Golfkrieg, S. 62.



مرۆڤ هەرگیز نازانێت نەوەیەك چی لێدێت ئاشتیخوازە، بەڵام لە کەش و هەوای شەڕو جەنگ و توندوتیژیدا گەورە دەبێت. بەڵام مرۆڤ هەرزوو ڕوداوەکانی دوێنێی لەیاد دەکات و بیری کورتە بۆ مێژوو. بۆیە ڕێگا گرتن بۆ لە یادنەچونەوەی مێژوو بە پلەی یەکەم ئەرکی دیموکراتخوازو ئاشتیخوازان و بزوتنەوەی ئاشتی و ڕۆشنبیران و دەسەلاتی سیاسیە (دەسەلاتێکی ئاشتیخواز)، هەروەها ئەرکی بواری زانست و ئینستیتوتە زانستیەکانە. بابەتی شەڕو ئاشتی ناکرێت بەتەنیا بابەتی سوپا، یان سیاسەتمەداران بێت بەڵکو دەبێت بابەتی بواری زانستیش بێت لە قوتابخانەو زانکۆکاندا، بۆنمونە لە وانەکانی سیاسەت و مێژودا بخوێندرێت. پێویستە هوشیاری ڕای گشتی بۆ ئالتەرناتیڤی شەڕ دروست بکرێت کە بریتیە لە ئاشتی چونکە ئەم بڕیارە دەبێت بدرێت ئەگەر بمانەوێ ئایندەمان مرۆڤانە گەشە بکات. هەربۆیە پێویستیەکی ژیانیە ئینستیتوی زانستی و ئەکادیمی ناحیزبی و تایبەت هەبێت بەناونیشانی (ئینستیتوی زانستی بۆ لێکۆڵینەوە لە جەنگ و ئاشتی)، ئەوە لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیەش کە کۆمەڵگەی کوردیش یەکێکە لەو کۆمەڵگەیانەی لە مێژووی دورو نزیکی خۆیدا ژمارەیەکی زۆر لە جەنگ و پێکدادانی خوێناوی بە گشت ئەنجامە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسی و سایکۆلۆجیەکانیەوە بەخۆیەوە بینیوە.



باسی سێیەم
( پەیوەندی جەنگ بە هەژاریەوە )

جیاوازی نێوان هەژارو دەوڵەمەند لەم جیهانەدا زۆر بەخێرایی بەرەو قوڵتر بوونەوە دەڕوات. سێ دەوڵەمەندترین پیاوی جیهان لە (49) هەژارترین ولاتی ئەم جیهانە زیاتریان هەیە کە لە ساڵێکدا بتوانن بەرهەمی بهێنن. ژمارەی ملیاردەرەکانی جیهان بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە. 1645 ملیاردەر تۆمار کراوە، لە نێویاندا 172 ژن. سەرجەم سەرمایەیان دەگاتە 6.4 بلیۆن دۆلار[47]. بە تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا 540 ملیاردەر هەیە کە سەرماکەیان 2.399 ملیارە کە بیلگەیتن بە 79 ملیار دۆلار دەولەمەندترینیانە[48].



بەڵام لە سەرتاسەری جیهاندا ملیارێك و دوو سەد ملیۆن مرۆڤ دەبێت ڕۆژانە بە دۆلارێك و 25 سەنت ئیدارە بکەن. بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ ساڵی 2014 لە سەرانسەری جیهاندا ملیارو نیوێك مرۆڤ لە هەژاریەکی تەواودا دەژین. ئەم ڕێژەی هەژاریە دەکرێ بە هۆی ڕوداوە سروشتیەکان و تێکچوون و گۆڕان بەسەر باری ئاووهەواو ژینگەو جەنگەوە خراپتر ببێت[49]. جەنگ دەبێتە هۆی هەژاربوونی کۆمەلگاو ولات و ئاوارەبوونی دانیشتوانەکەی، بەڵام دەولەمەند کردنی بازرگانانی جەنگ.

[47] diepresse.com › Wirtschaft › International.
[48] https://de.wikipedia.org/wiki/The_World’s_Billionaires
[49] www.spiegel.de › Wirtschaft › Verbraucher & Service › Uno.

جەنگ و هەژاری، گوتای ڕۆژهەلات، سوریا

لە (31) دەوڵەمەندترین ولاتەکانی جیهان ڕێژەی درێژبوونەوەی ژیان بۆ 25% بەرزبۆتەوە، بەڵام لە (18) هەژارترین ولاتەکانی جیهان معەدەلی ژیان بەقورسی بەرەوژێر ڕۆیشتوە. بۆنمونە لە ولاتێکی وەك بۆتسواناو زیمبابواو زامبیا معەدەلی ژیان 45 ساڵە.

هەژاری و بێ مافی و وێرانکردنی بەکۆمەڵی مرۆڤ لە دیدی ژیان دەبنە هۆی بێهیوایی و هەڵچوون و سەرلێتێکدان. دەبنە هۆی دروستکردنی پێشبرکێی دڕندانە لە پێناوی مانەوە لە ژیان لە گشت بوارەکاندا. زۆرێك لە مرۆڤەکان لەبەر هەژاری و بێهیوایی لە ژیان تووشی بەشداربوونی جەنگ دەبن، ڕودەکەنە ڕیکخراوە توندڕەوەکان، دەبنە تیرۆریست، یان دەبنە شۆڕشگێڕ دژ بە ڕوتێنەرەکانیان. ولاتە هەژارو دواکەوتوەکان کە ئامانجی سیاسەتی ڕوتێنەرە ناوخۆو دەرەکیەکانە لە کۆنترۆڵ کردن و ڕوتاندنەوەی ژیان و سامانی سروشتییان و پێشیل کردنی مافەکانی ژیان، دیاردەیەك کە زوو، یان درەنگ جەنگ و شۆڕشی کۆمەلایەتی لێدەکەوێتەوە.



دەرئەنجام

• جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی تر. لایەنێکی بەشداری جەنگ ئیرادەی خۆی بەسەر لایەنێکی تری بەشداربووی جەنگەکە دەسەپێنێ. جەنگ شێوازێك لە کردارە بەئامانجی ئەوەی بەرامبەرەکەی گێڕ بکات یان سنوری بۆ دابنێت یان بیخاتە ژێر خواستی خۆی. جەنگیش هەروەك ئاشتی سیاسەتە. ئاشتی سیاسەتە بێ شەڕ، جەنگیش سیاسەتە بەڕێگای جەنگ و توندوتیژی فیزیکیەوە. جەنگ بەتەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە بەڵکو ململانێی توندوتیژە لەنێوان ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیای لایەنەکان. بە دەستپێکردنی جەنگ هەموو ئەم لایەنانە ئاراستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن.

• لەگەڵ دروستبونی دیاردەی موڵکداری جەنگیش هاتە کایەوە. لەم چرکەیەوە جەنگ بووە توخمێکی سەرەکی لە پەیوەندی گروپە جیاجیاکاندا. لەسەرجەم کەلتوری سەردەمی سەهۆڵ بەنددا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ ئەوە کە جەنگ لێرەدا ڕۆڵی حوکمداری بینیبێت. تەنانەت لە هونەرە تحافیە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمە دافعی جەنگ نادیارە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە لێرەو لەوێ زەبروزەنگ ڕووی نەدابێت

• لە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا لە ئەنجامی جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵە دەوڵەتێکی دەستکرد لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەرەنسیەوە دروستکران بێگوێدانە بەرژەوەندی نەتەوەکان و کەمینەکان و کۆمەلە رژێمێك خرانە سەر دەسەلات کە هەتا ئەمڕۆکە گەلانی ناوچەکە پێوەی دەتلێنەوەو ئەمەش بووە سەرچاوەی دروستبوونی دەیان جەنگی خوێناوی نێوخۆو هەرێمیی. لەم سەد ساڵەی دوایشدا بەدەگمەن ناوچەیەك هەیە لە جیهاندا کەم یان زۆر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان بەر شالاوی جەنگ نەکەوتبێت. بە دەیان جەنگ لە "جیهانی سێ" بەرپا کراوون بە وەکالەت بۆ زلێهزەکانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات. لەبەر چەند فاکتەرێك ژمارەیەکی زۆر لە جەنگەکان بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گواسترا‌ونەتەوە.

• لەم سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەشدا هەر هەمان کەلتوری جەنگ حوکم دەکات، بەڵام بەشێوەیەکی تری مۆدێرنانەو بە تەکنیکی تری سەربازی و سیاسی و جەنگیی ژیرانەتر، بەڵام ناوەڕۆکەکەی هەمان ڕەنگی هەیە.

• دوای کۆتایی جەنگی دوەمی جیهانی جەنگە بچووکەکان دەرکەوتن وەك جەنگە ڕزگارکەرەکان دژ بە هیزە کۆلۆنیالیست و داگیرگەرەکان. زۆربەی جەنگەکان لە 1945ی دوای جەنگی دوەمەوە لە نێوان دەوڵەتاندا نەبوە بەڵکو لە نێوان دەوڵەت و لایەنە نادەوڵەتیەکان ئەنجامدراون و وەك شێوەیەکی جەنگ وێنای سەدەی 20 و 21 یان کردوە. جەنگە دەوڵەتیە گەورەکان لەسەر گۆڕەپانی ناکۆکیەکانی سەدەی 21 وون نابن، بەڵام لەبەر ڕۆشنایی ناکۆکیە زۆر و هەمەجۆرەکان بە تایبەت لەبەر پەرەسەندنی جەنگە بچووکەکان ڕۆڵی کەمتر دەبینن.

• جەنگ هەمیشە ڕێرەوی مێژوو دەگۆڕێ. سیستەمەکانی ئەوروپا خۆیان لە ئەنجامی جەنگ هاتونەتە کایەوە. سیستەمی دەوڵەتیی ئەوروپا بە ئامرازی هێز بەواتا بەڕێگای کۆلۆنیزەکردن گوازراوەتەوە بۆ دەرەوەی دونیای ئەوروپا، هەروەها لە خەباتی دژ بە دەسەلاتی کۆلۆنیالیزمی ئەوروپی بە واتا بۆ ڕزگاربوون لە کۆلۆنی بوون دەوڵەتە مۆدێرنەکانی ئاسیاو ئەفەریقا سەریانهەڵدا. هەر لە ئەنجامی جەنگی دوەمی کەنداو بوو هەرێمێکی سەربەخۆ لە باشوری کوردستان دروستبوو.

- ئەگەر جەنگی سوریا بە نمونە بێهێنرێتەوە، بە ڕوونی دەبینرێت کە سەقامگیریی هێزو جیۆپۆلەتیك و وزە لە هۆکارو ئامانجەکانی ئەو جەنگەن.

- دەگەمە ئەو دەرئەنجامەی کە سەرجەم ئەو جەنگانەی لە مێژودا ڕویانداوە چارەنوسێکی ڕێکەوتی مرۆڤایەتی نین.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەکان بە زمانی کوردی


- گۆڤاری یەکگرتن، جەنگی عێراق/ ئێران، کۆپنهاگن
- فەرهەنگی رامیاری، وەرگێرانی: ئازاد وەلەد بەگی.
- د. کمال مەزهەر ئەحمەد/ کردستان فی سنوات الحرب العالمیه الاولی.
- شەڕو ئاشتی لە کەنداو، هۆکارو دیدگاکان.


### سەرچاوەکان بە زمانی ئەڵمانی


- Alexander Kluge und Oskar Negt, Was ist Krieg? in: Blätter für deutsche und internationale Politik, Bonn, 4/2002 .
- Bassam Tibi, Konfliktregion Naher Osten .
- Bahman Nirumand, Sturm im Golf, Hamburg.
- Efraim Karsh/Inari Rautsi, Die Invasion, in: Krieg und Frieden am Golf.
- E. Wirth, Irak und seine Nachbarn, in: Die Golfregion in der Weltpolitik .
- Fadil Rasoul, Irak-Iran .
- Friedrich Ebert Stiftung, Schwellenbrand am Golf, Bonn, Juni 1981
- Internationale Konfliktforschung .
- Herbert Krüger, Die Grenzen des Irak.
- Institut of International Finance;washington D.C.
- International Institute for Strategic Studies (London) , The Military Balance 1990/1991 .
- Jochen Hippler, Die neue Weltordnung .
- Jochen Hippler , US-Interessen am Golf , in: Tageszeitung 20.8.1990 .
- London 1990; and Iraqs Armed Forces – Equipment.
- Peter Billing/Bernhard J. Trautner, Der Konflikt um Kuwait, Heidelberger Institut für $J .
- Salar Basira, Dissertation , das politische System im Irak unter der Baath Partai .
- Saul David, Die Geschichte des Krieges: Vom Altertum bis heute .
- Salar Basireh, Das politische System im Irak unter der der Baath Partei .
- Salar Basira, Der zweite Golfkrieg, in: Zeitschrift für strategische Studien (Journal of the centre of strategic studies), Nr. 1, 10.02.2002, Sulaimania/Irak, (kurdisch) .
- Salar Basireh, Der zweite Golfkrieg .
- Werner Ruf, Vom Kalten Krieg zur heissen Ordnung.
- کوینل، جیهان و مێژوی کەلتور، بەزمانی ئەڵمانی.
- جەنگ یان ئاشتی، زمانی ئەڵمانی.


### ڕۆژنامەو گۆڤارەکان


- Deutsche Allgemeines Sonntagsblatt, 1. Feb. 1981
- Stern, Marianne, Iran-Irak, „Bis die Gottlosen vernichtet sind“ .
- Tageszeitung (TAZ), Berlin, 06.08.1990 .
- Der Spiegel, 16.01.1989

ئینتەرنێت

- www.sueddeutsche.de/.../kriege-im-jahrhundert-schlachtfelder-der-zuku.
- de.wikipedia.org/wiki/Krieg .
- de.wikipedia.org/wiki/Eroberung_von_Bagdad_(1258).
- www.alexanderdergrosse.de/manfred_horndasch.php.
- www.spiegel.de
- de.wikipedia.org/wiki/Erster_Weltkrieg.
- diepresse.com › Wirtschaft › International.
- www.spiegel.de › Wirtschaft › Verbraucher & Service › Uno.

## هاوپێچ / لیستی قەیران و جەنگەکان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا

لیستی قەیران و جەنگەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست

لیستی قەیران و جەنگەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دورودرێژن. لێرەدا ژمارەیەکی ناسراوی ئەوانەی سەدەی بیست و بیست و یەك:

1914 جەنگی یەکەمی جیهانی و ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.

1923 ڕێکەوتنامەی سیڤەرو دابەشکردنی کوردستان وەك ئەنجامێکی جەنگی یەکەمی جیهانی.

1949 – 1948 یەکەم جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل. لەو کاتەشەوە جەنگ و ناکۆکی ئیسرائیل و فەلەستین بەردەوامە.

1975 -1954 ڤیتنام ،ملیۆنێك و 700 هەزار کوژراو.

1956 جەنگی سوێس.

1958 گەیشتنی هێزی سوپای دەریایی ئەمریکی بۆ لوبنان.

1991 -1961 جەنگ و پێکدادانی چەکداری لە کوردستان/ عێراق، هەروەها هی ناوخۆی کورد خۆی.

1991 -1961 کوردستان، 400 هەزار کوژراو.

1970 –1966 جەنگی یەمەن (بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی). چارەسەرکردنی کێشەکە لەلایەن سوپای میسرەوە بەڕێگای وتووێژ.

1967 جەنگی سێیەمی ئیسرائیل / عەرەب (جەنگی شەش ڕۆژە).
داگیرکردنی بەرزاییەکانی جۆلانی سەر بە سوریا لەلایەن ئیسرائیلەوە.

1968-1988 جەنگی چاد.

1968 کودەتای سەربازی حیزبی بەعس لە عێراق.

1969-1970 جەنگی نێوان میسر و ئیسرائیل

10/1973 چوارەم جەنگی نێوان ئیسرائیل و عەرەب (حرب اوکتوبر). قەیرانی نەوت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لە ئەنجامی کەمکردنەوەی بەرهەمی نەوت لەلایەن

ولاتەعەرەبیە نەوتیەکانەوە. گفتوگۆ لە ڕێگای حکومەتی ئەمریکاوە.
یەکێتی سۆڤیەتیش بوە لایەن تێیدا.
9/1973 مەلیك فەیسەڵی سعودی نەوتی وەك چەکی عەرەب دژ بە ئیسرائیل بەکارهێنا.
3/1975 کوشتنی مەلیك فەیسەل. کردنی فەهد خالد بە مەلیك.
1974 سوپای تورکی لە 40%ی سەرجەم ناوچەی قوبروس داگیردەکات. (هەتا ئەمڕۆکە لە نێوان تورکیاو یۆنان بەم هۆیەوە ناکۆکی هەیە)
1979/80 ئەفغانستان، نیو ملیۆن کوژراو. لەو کاتەشەوە
لانی کەم بەهۆی شەڕەکانی نێوان ئەفغان و سۆڤیەت هەروەها شەڕی ناوخۆ ئەوەندەی تر کوژراو هەبوە.
1975-1991 شەڕی ناوخۆی لوبنان. لوبنان لە ژێر دەسەلاتی سوری و لوبناندا.
1979 شەڕی ناوخۆی ئێران و لابردنی ڕەزا شا لە دەسەلات.
لە 1979/8 وە شەڕی کوردستان/ ئێران لەگەڵ ڕژێمی تاران و داواکردنی کورد بۆ مافی خودموختاری.
1980-1988 شەڕی یەکەمی کەنداو (عێراق/ ئێران). بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بە سوپای ئێرانی و دژ بەخەڵکی مەدەنی کورد لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە. نزیکەی 50 هەزار سەربازی ئێرانی و هەشت هەزار کورد بەم چەکە دەکوژرێن.
25/5/1983 سوپای تورکی لە چوارچێوەی مەشقێکی سوپای هاوپەیمانی ئەتڵەسی دەچێتە ناو سنوری باشوری کوردستان.
لە1984وە شەڕی نێوان دەوڵەتی تورك و کورد.
1988 بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دژ بەگەلی کوردو ئۆپەڕاسیۆنەکانی ئەنفال.
2/8/1990 داگیرکردنی دەوڵەتی کوێت لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە.
28/2/1991- 16/1/91 جەنگی دوەمی کەنداو (بەناوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ئەنجامدرا). ڕزگارکردنی کوێت. حکومەتی عێراق لەژێر چەتری ئەمریکیدا مەرجەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان واژۆ دەکات.
8/8/1991 دوەم چوونە ژورەوەی ناو خاکی باشوری کوردستان لەلایەن سوپای تورکەوە. لەو بەروارەوە سوپای تورکی بەناوی شەڕی دژ بە پ.ك.ك بەردەوام سنوربەزێن دەکات و بنکەی سەربازیی هەیە.
1998 کێشەی سنور لە نێوان یەمەن و سعودی عەرەبی.
10/1998 ناکۆکی نێوان یەمەن و ئەریتریا بەهۆی داگیرکردنی سێ دورگەکە لەلایەن ئەریتریاوە.ناکۆکیەکە چارەسەرکرا بەهۆی بڕیارێکی نێودەوڵەتیی بۆ گێڕانەوەی دورگەکان بۆ یەمەن.
10/1998 ناکۆکی نێوان تورکیاو سوریا هەتا سەر لێواری جەنگ.
10/1998 ناکۆکی سەر سنوری نێوان ئەفغانستان و ئێران. هێنانی سوپای ئێرانی بۆ سەر سنوری ئەفغانستان و مەشق کردنێکی گەورەی سوپا.
11/1998+2 ناکۆکی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو عێراق و چەند جارێك هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر عێراق. ناکۆکیی بەردەوامی نێوان عێراق و ئەمریکاو نەتەوە یەکگرتوەکان.
10/1998 هەڕەشەی ئیسرائیل دژ بە ئێران سەبارەت بە دروستکردن و

تاقیکردنەوەی ڕۆکێتی دورهاوێژ کە بە بڕوای ئیسرائیل دەتوانێت دەوڵەتی ئیسرائیل بخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشەوە.

11/2001 هێرشی ئاسمانی ئەمریکی بۆ سەر ئەفغانستان و ڕوخانی ڕژێمی تالیبان و القاعیدە.

4/2002 هێرشی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر فەلەستین.

10/ 2004 جەنگی سێیەمی کەنداو و ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق.

2013 وە جەنگی نێوان داعش و کورد و سوپای عێراق.

2011وە جەنگی نێوان ئۆپۆزسیۆنی سوریاو حکومەتی سوریا.

جەنگی نێوان تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستان، جەنگی نێوان پەکەکەو سوپای تورکیا، نێوخۆی لیبیا کە بە ڕوخانی قەزافی کۆتایی هات و دواتر وەك جەنگێکی نێوخۆ سەریهەڵدا، جەنگ و قەیرانی یەمەن، پێکدادانی نێوان حیزبولای لوبنانی و سوپای ئیسرائیل، جەنگی نێوان داعش و عێراق و سوریاو جەنگی سوریا...تاد. لە جەنگە ناسراوەکانی تری کۆتایی سەدەی رابوردوو و ئەم سەدەی 21 مەن.

## وێنەکانی جەنگ















